10 2018 ئابی

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەلومەرجی سیاسی عێراق و نارەزایەتیەکانی جەماوەر، ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، لابردنی تەپوتۆز لەسەر هەندێك ڕاستی، سەبارەت بە هەدەپە و پەیەدە، دروشمێکی سەرسورهێنەر لە سێ وشەدا،مسۆدەی دانپیانانی کۆمۆنیستانەی باوەڕ، بەڵگەنامەکان

دەشتی جەمال
سامان کەریم
عوسمانی حاجی مارف،
خەسرەو سایە
محسن کەریم،
عەبدوڵا مەحمود
موزەفەر عەبدوڵا

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات
ژمارە ١٠ / ساڵی سێهەم / ئابی ٢٠١٨

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**دەشتی جەمال، سامان کەریم، عوسمانی حاجی مارف، خەسرەو سایە، محسن کەریم، عەبدوڵا مەحمود، موزەفەر عەبدوڵا**

پەیوەندی:
0047 47276028
**didgaisocialisti@gmail.com**

www.hkkurdistan.org

# ناوەڕۆک:

★ **سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان،**
گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال ........................................................ ٢

★ **بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی لە جەرگەی دۆخێکی قەیراناویدا،**
گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم ................................................ ١٦

★ **تەوەری ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری،**
سیمیناری یەکەم ................................................................................ ٢٩

★ **لابردنی تەپوتۆز لەسەر هەندێك ڕاستی، سەبارەت بە هەدەپە و پەیەدە**
گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود ........................................................ ٩٧

★ **کرێکارانی جیهان یەکگرن!**
**دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لە سێ وشەدا**
موزەفەر عەبدوڵا ................................................................................ ١١٨

★ **مسۆدەی دانپیانانی کۆمۆنیستانەی باوەڕ**
فریدریک ئەنگلس. ........................................................................ ١٣٢

★ **بەڵگە نامەکان:**
**بەیانی حزب لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ............١٤٢**

# پێشەکی ژمارە:

خوێنەری بەڕێز، لەم ژمارەیەدا کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر و هەمەلایەن دێتە بەرچاو. پێمان باش بووە ئاوڕێک لە مەسەلەی هەڵبژاردنی کوردستان بدەینەوە. هەروەها دۆخی سیاسی و ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی عێراق بابەتێکی تر کە ئەم ژمارەیە ئەیپۆشێ.
تەوەرێکی فیکری و سیاسی کە لەم ژمارەیەدا بە شێوەی سینیمار هاتووە سەبارەت بە مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریە. پێویست ئەکات بووترێت کە ئەمە سیمیناری یەکەمە و لە ژمارەی داهاتوودا، ژمارە ١١، سیمیناری دووەم دێت.
گفتوگۆیەک سەبارەت بە ئاڕاستەو ڕێبازی سیاسی هەدەپە و پەیەدەش یەکێکە لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە. هەرەوەها وتارێک سەبارەت بە مانیفێستی کۆمۆنیستیش ئەبینن.
باسێکی تیۆری کە مسۆدەی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیە دێتە بەرچاو.
لە بەشی بەڵگەنامەکاندا بەیاننامەی حزب سەبارەت بە هەڵبژاردنی کوردستان ئەبینن.

**جەمال موحسین**
**سەرنووسەر**
**٢٠ ئۆگەستی ٢٠١٨**



دەشتی جەمال

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوڕێ دەشتی ئەم کاتەت باش، با سەرەتا لە پرسیارێکی گشتیەوە دەست پێ بکەین کە هەمیشە لێمان ئەکرێ. تا ئێستا وا باو بووە کە کۆمۆنیستەکان هەمیشە دژی هەڵبژاردنن و بایکۆتی ئەکەن. ئایا بە ڕاستی ناکرێ بە هیچ جۆرێک کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیست بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکات؟**

**دەشتی جەمال:**

پرۆسەی هەڵبژرادن پرۆسەیەکی سیاسیە و دەکرێت کۆمۆنیستەکان و ئەحزابی کۆمۆنیستیش، لەهەلومەرجی تایبەتیدا، بە نەخشەوە بەشداری تیادا بکەن، بێ ئەوەی کەمترین خۆشباوەڕییان بەو ڕاستیە هەبێت، کە سیستەمی پەرلەمانی لەناوجەرگەی لانکی بەناو دیموکراسی غەربیشدا، ناتوانێ ڕێگایەک بێت بۆ ئاڵوگۆڕی بەرجەستە، بە قازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کۆمۆنیستەکان بەوێنەی

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان،

هەڵویستێکی تاکتیکی و لە برگەیەکی دیاریکراودا یان لەتێکچوونی هاوسەنگی هێزی بۆرژوازی بە قازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەکرێت پەرلەمان ببێتە سەکۆیەک یان دەریچەیەک بۆ ئەوەی بتوانرێت ناوەرۆکی سیاسی و چینایەتی پەرلەمان و ئەرک وئامانجەکانی وەک پرۆژەیەکی چینی بۆرژوازی بۆ جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتیکش رۆشن بکاتەوە دەشێ و دەکرێ کۆمۆنیستەکان بەشداری تیا بکەن. دیارە بەشداری کۆمۆنیستەکان ئەو کاتە جائیز و مومکینە کە دۆخێکی ئازادانە و بواری یەکسان بۆ خۆ کاندیدکردن و میدیای گشتی بۆ هەمووان لەبەردەست بێت و داهاتی کۆمەڵگە بۆ پروپاگاندەکردن بۆ هەموو لایەنەکان فەراهەم بێت. وە لەسەرووی هەموو ئەمانەوە بۆ کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بنەمایە و لەهەر هەڵبژاردنێکدا ئازادی فەراهەمکرا بەو مانایەی دەرفەتی کافی لەبەردەم هەموو ئەحزابی سیاسی و کەسایەتیدا هەبێت و ئازادی پروپاگەندەکردن و گەیاندنی بەرنامە و بۆچوونی لایەنەکان بە خەڵک بەتەواوی لەئارابێت، ئەوا دەکرێ بەشداری لەهەڵبژاردن و پەرلەماندا وەک تاکتیکێک لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بەدەستەوە بگیرێت و وەک مانۆرێکی سیاسی لە کێشمەکێشی سیاسیدا خەباتی پەرلەمانی بەکاربهێنێت بەقازانجی پەرەدان بە خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستیە دەبێ بە جەماوەری خەڵک بووترێت کە ئێمە کۆمۆنیستەکان سوشیالیزم وەک ئەڵتەرنایڤی چینی کرێکار دەخەینە بەردەم سەرجەم مرۆڤایەتی بە شوێن شۆڕش و دەسەڵاتی سیاسیەوەین بۆ چینی کرێکار بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی. بەواتایەکی تر شۆڕشی کۆمۆنیستی لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و کارەوە وە کردنی بە موڵکی گشتی هەموو کۆمەڵگا، شۆڕشێک کە کۆتایی بە دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگا دەهێنێت و نیزامی کاری بەکرێ لەبەین دەبات، بازاڕ و ئاڵوێری کالایی و پارە لەناو دەبات، بەرهەمهینان لەپێناو پرکردنەوەی پێداویستیەکانی هەموو جەماوەر بۆ خۆشگوزەرانی هەرچی زیاتری ئینسانەکان جێگای بەرهەمهینان لە پێناو قازانج دەگرێتەوە. ئێمە بەشوین شۆڕشەوەین نەک هەموو شۆڕشێکیش بەڵکو بە مانای کەلیمە " شۆڕشی کرێکاری" لە دژی سەرتاپای سیستەمی سەرمایەداری و تەواوی دەسەڵاتدارێتی چینی سەرمایەدار کە لە ڕەگوڕیشەوە ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگا بەدیدەهێنێت و کۆمەڵگایەک کە دوور

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەماڵ

بێ لە چەوساندنەوە و بێ ئەوەی هیچ کەس ناچار بێت هێزی کاری خۆی بفرۆشێت وە کۆتایی بەو کۆیرەوەریانە دێنێ کە لە نیزامی سەرمایەداریەوە سەرچاوەی گرتووە و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران و هاوبەش لە بەدەستهێنانی سەرەوت و سامانی کۆمەڵگا دادەمەزرێنێت. بەڵام پەرلەمان خۆی سیستەمێکە بەر بە شۆڕش دەگرێت و پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەپارێزێت. تا ئەو جێگایەی کە بەو حوکمە گشتییە دەگەڕێتەوە کە گوایە کۆمۆنیستەکان هەمیشە دژی هەڵبژاردنن و بایکۆتی دەکەن ئێمە لەوجۆر چەپە سونەتی و تقلیدی و حاشیانە نین کە هەمووشتێک رەتدەکەنەوە وەیان ئەوانەی یوتۆپیای ئەوەیان لە مێشکدایە کە دەیانەوێت دۆخەکە بگۆڕن بێ ئەوەی سیستەمی سەرمایەداری لەبەینبەرن، دەبێ لەڕووی ئاسۆی کۆمەڵایەتی وفەرهەنگیەوە لەگەڵ ئەوانە جیاوازی بکرێ، ئێمە خەبات و ناڕەزایەتی رۆژانەی چینی کرێکار بۆ باش بوونی ژیانی و هەر زەرەیەک چاکسازی بەنەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، بەڵام ئەمە بەو مانایەش نییە هەموو کاری ئێمە ببێت بە خەبات لە پێناو ریفۆرم وچاکسازی دا، بەڵکو وەک ڕەوتێکی مارکسیستی بەشوێن مەسەلەیەکی بنەڕەتیتر و ئاڵوگۆڕێکی بنچینەییترەوەین لەم سیستەمی کۆمەڵایەتیەدا و ە پێویستە سیستەمی پەرلەمانی بدرێتە بەر ڕەخنەی قوڵی ئێمە. سەربارى ئەوەی کە ئێمە پێمان وانییە سیستەمی پەرلەمانی سیستەمێک بێت کە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بەدیبهێنێت و رێگا بدات دەخالەتی هاوڵاتیان لە چارەنووس و ئایندەی خۆیاندا مسۆگەر بکات، چونکە لەسیستەمی پەرلەمانیدا سیاسەت و پێگەی حزبەکان لە دەسەڵاتدا پێشتر براوەتەوە وەدەسەڵات لای کۆمەڵە حزبێکە کە هەر چوارساڵ جارێک کۆمەڵە کەسانێک دەخەنە بەردەم خەڵک لەنێو هەڵبژاردنەکاندا کەدەنگیان پێ بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ تەماشایەکی وڵاتانی پێشکەتووی سەرمایەداریش بکەیت کە پێشینەیەکیان هەیە لەسونەتی پەرلەمانیدا هەمیشە هەر ئاڵوگۆڕێک لە زەمینەی مافی هاوڵاتیاندا ئەگەر کرابێت هیچ کات دەسکەوتی پەرلەمان نەبووە بەڵکو لە ڕێگای فشار لەدەرەوە لەنێو ناڕەزایەتیەکاندا لە شەقامەوە و بەهێزو خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش سەلمێنراوە. خەڵکی زۆر دەمێکە کایەی هەڵبژاردن بەهی خۆیان نازانن ژمارەیەکی زۆر تیا بەشداری ناکەن و گەرموگوڕ نین بەو پرۆسەیە و بێزارن لێی، ئەو راستیەیان لا ئاشکرا بووە کە ئەو سیستەمە سیاسیە هاندەری وشیاری جەماوەری نییە،

وەسیلەی دورخستنەوەی خەڵکە لە دەسەلات. هەر بۆیە هیوایەکیان پێی نیە. هەروەک هاوڕێ مەنسوور حیکمەت دەڵێت:

"دیموکراسی پەرلەمانی یان دیموکراسی بۆرژوازی شێوەیەکە کە ئەم چینە، کە بنەمای کۆمەڵگاکەی لەسەر سوودبردنی سەرمایە، بنەمای کاری بەکرێ، بنەمای بوونی بازاڕ، بنەمای کڕین و فرۆشتن دامەزراندووە و هێزی کاریشی گۆڕیوە بە کالایەک، ئازادی پێ پێناسەکردووە. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە سیستمی سیاسی لەسەر مەقولەی دیموکراسی پەرلەمانی بنیات ناوە و بەوەش ئەڵێ ئازادی" هەر سەبارەت بەسیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن دەڵێت " سیستمی پەرلەمانی سیستمێک نییە کە دەسەلات بداتە هاوولاتیان دەخاڵەت لە چارەنوسی خۆیاندا بکەن. سیستەمێکە کە بە پێچەوانەوە، ئەم دەسەلاتە بە بەردەوامی لە هاوولاتیان ئەسەنێتەوە و دەورە لە دوای دەورە ئەیدات بە کەسانی تر. هەر لەبەرئەوەشە پێی ئەڵێن دیموکراسی نوێنەرایەتی یان دیموکراسی وەکالەتی. ئەم وەکیلانە کەسانێکن کە بۆ هەر ٤ ساڵ جارێک یا هەر ٥ ساڵ جارێک، لەو کۆمەڵگایانەدا کە وای دابنێین دیموکراسیەتیان تیایە، سەلاحیەتی دەخاڵەتکردن لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بە نوێنەرایەتی جەماوەری ملیۆنی خەڵک وەرئەگرن. لەو دەورەیەدا هاوولاتی لە ڕێگەی دیموکراسیەوە بچوکترین ئیمکانی دەخاڵەتی لە کۆمەڵگادا نییە. دیارە لە ڕێگای میکانیزمی ترەوە ئەتوانێ، کە دواتر دێمە سەریان، بەلام لە ڕێگەی دیموکراتیکەوە ناتوانێ دەخاڵەت لە چارەنووسی کۆمەڵگادا بکات. ئەگەر لە ماوەی ئەم ٤ ساڵەدا ئەم حکومەتە جەنگ ڕابگەیەنێ، لە هاوولاتی ناپرسن. ئەگەر بڕی سوو بەرزبێتەوە لە هاوولاتی ناپرسن. ئەگەر بڕیار بدەن قوتابخانەی ئاینی بکەنەوە، لە هاوولاتی ناپرسن. هاوولاتی وەکالەتی داوە، ئازادیەکەی بۆ ماوەی ٤ ساڵ داوە بە کەسانی تر. دوای ٤ ساڵەکەش کە دێنەوە، دەخاڵەتێک لە هاوولاتیان ناخوازن، پێی ئەڵێن وەکیلی دوای ئەو هەڵبژێرە. وەرە لە نێو ئەو هەڵبژاردنانەدا کە ئەحزابی سیاسی خستوویانەتە بەردەمت، یەکێک هەڵبژێرە و ئەم ئینسانانە لەم ٤ ساڵەدا بگەیەنە دەسەلات. " (م. حکمەت: مانای دیموکراسی، ڕای تاک و دەخاڵەتی هاولاتیان لە چارەنوسی کۆمەڵگادا)

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

وە تەنانەت لینین رابەری شۆرشی چینی کرێکار لە یەکێتی سوڤیەت لە دۆمای ئەوکاتی دەسەڵاتی قەیسەردا کە لەژێر فشاردا ملیدا بە هەندێک چاکسازی، بە لشەفیەکان بە قازانجی چینی کرێکار وەک تاکتیکێکی سیاسی و نزیکردنەوەیان لە شۆرش بەشداریان کرد. بۆیە ئێمەش رەوتێکین کە سەرباری بۆچوون و لێکدانەوەمان لەسەر سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕەنگە لە دەورەیەکدا کە ئالوگورێک بێتە پێش و سیستەمی پەرلەمانی کارا بێت وە چوونە نێو پەرلەمان و هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئاساییدا کۆمەک بە پێشرەوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ نزیک بوونەوە لە شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار نەک هەر ڕەتی ناکەینەوە، بەڵکو دەچینە ناوی و بەشداری تیا دەکەین لە مەیدانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژی ... بۆ نموونە خەبات بۆ زیادبونی کرێ، بیمەی بێکاری، یەکسانی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروردە و فێرکردن، فەراهەمکردنی ئازادیەکان و رێکخرابوونی هەر گۆرینێک لە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش جێگای گرنگی و حەیاتیە بۆ ئێمە و پشتیوانی لێدەکەین بەو پێشمەرجانەوەی کە من لە سەرەوە باسمکرد.

**دیدگای سۆشیالیستی: با لەم باسە گشتیەوە بێینە سەر ئەم پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەی ئەمجارە کەوا بڕیارە لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا ئەنجام بدرێ. حزب جگە لەوەی کە بایکۆتی ئەکات بانگەوازی خەڵکیش ئەکات بەشداری ئەم پرۆسە گاڵتە جاڕانەیە نەکەن. ئەکرێ زیاتر لەسەر ئەم هەڵوێستەی حزب ڕۆشنایی بدەن؟**

**دەشتی جەمال:**

پەرلەمان و حکومەت و بەدیاریکراویش هەڵبژاردن لە هەلومەرجی کوردستان و لە غیابی قەوارەی دەوڵەتیدا، هەرگیز ناتوانرێت ناوی بنرێت هەڵبژاردن و یان کایەیەکی باوی دیموکراسی... دەسەڵات لە کوردستاندا، لەبنەڕەتدا دەسەڵاتێکی میلیشیایی و حزبییە، کە خۆی ناکۆکە بە سەرەتاییترین پرانسیپەکانی دیموکراسی باوی دنیا... وە دژی هەر هەڵبژاردنێکە کە سەرەتاییترین پێوانەکانی هەڵبژاردنی تیا بێت... ئێوە تەماشا بکەن، کوردستان جغرافیایەکی دوو بەشە، دوو دەسەڵاتە، کە هەر کام لەدەسەڵاتەکان پشتی بە هێزی چەکدار و تاڵانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆی و خۆبەستنەوە بە وڵاتێکی ناوچەیی،

بەستووە... چەندین هەڵبژاردنیش بکرێت، ناتوانرێت ئەو واقعیەتە داسەپاوە تاڵە بگۆڕێت... ئەوە بەکردەوەش سەلماوە... بۆیە هەڵبژاردن لە کوردستاندا نمایشێکە بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی بۆرجوازی و هێشتنەوەی ئەو دوو دەسەڵاتە میلیشیاییە و بۆ بەردەوام بوونی وەزعی موجود لەسەر بناغەی پاراستنی دەسەڵاتی بۆرجوازی لە کوردستاندا. بەدیاریکراوی حزبەکانی نێو دەسەڵات لەوانە پارتی و یەکێتی هەر چەند ساڵ جارێک و هەر کاتێک بەرژەوەندی ڕۆژیان بخوازێت، پرۆسەیەکی ساختەکارانە بەڕێ دەخەن بۆ گەوجاندنی خەڵک تا مەشرویەت بدەن بەدەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان و گورز وەشاندن لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری. ڕۆشنتر بڵێم پرۆسەیەکە بۆ بەلاڕێدابردن و لێکترازانی ناڕەزایەتی خەڵک لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان خەریکە دەسەڵاتی ئەمانە بنکۆڵ دەکات. ئەوانەشی خەڵک دڵخۆشدەکەن بەم هەڵبژاردنە بەوەی بەشداری و دەنگی خەڵک گوایە گورانکاری دەکات، ئەوا گەورەترین زەربە ئەدەن لەهۆشیاری خەڵک، بەمەشیان هەڵەیەکی گەورەی سیاسی دەکەن لەکاتێکدا خەڵکێک کە بە شێوازی جۆراجۆر ناڕەزایەتی دەربریوە و "نا"ی بەو دەسەڵاتە وتووە تا ئاستی سوتاندنی بارەگای ئەو حزبانە، بە پێچەوانەوە دەور بگێڕن تا خەڵک جارێکی تر بخەنەوە پشت دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. ئاڵوگوڕ لە کوردستاندا لەڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە ناکرێت. ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەم جارەی لە کوردستاندا نەک هەر بەشداری ناکەین، بەڵکوهانی خەڵک ئەدەین بەشداری نەکەن و پوچەڵی بکەنەوە و ریسوای بکەن و مەشروعیەتی پێ نەدەن. ئەوەش بڵێم ئەم هەڵبژاردنە لەهەلومەرجێکدا بەرێوە دەچێت کە کۆمەڵگای کوردستان لەدوای 16 ئۆکتۆبەرەوە پێی ناوەتە قوناغێکی هەستیارەوە، قوناغێک کە پێگەی ئەحزابی ناسیونالستی کورد لە بەرامبەر بەغدا داکشاوە، قڵشت و دوور کەوتنەوەی ناو خانەوادەی بۆرجوازی کوردی قوڵبۆتەوە تا تێکچوونی پەیوەندی ناوچەیی و جیهانیەکان....، دواتریش 16ی ئۆکتۆبەر جارێکی تر پەردەی لەسەر ماهیەتی ئەحزابی بۆرجوا ناسیونالستی کورد هەڵبڕی و نیشانیدا ئەحزابی دەسەڵاتداری عەشیرەتی و میلیشیایی و قەومی وناسیونالستی کوردستان نەک ئەهلی ڕاوەستان و سوربوون لەسەر بەڵێنەکانی خۆیان نین بەڵکو هەمیشە چاویان لەدەستدەرنەچوونی کورسی دەسەڵات و پۆست و پارە و کەڵەکەکردنی سەرمایەی زیاترە لەسەر خوێنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان، زۆر بێ ئابڕوانە دوای

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر ریزیان بەست بۆ جارێکی تری سوێند خواردن بە یەک پارچەیی خاکی عێراق و گەڕانەوە بۆ فیدراڵیزمێکی قەومی شکست خواردو ماچکردنی لاشانی سەرۆکی کوتلە و تایفەکانی دەسەلات لە مەرکەز و پشتکردن لە ئیرادە نواندی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و کۆتایهێنان بەشەڕ و کێشمەکێشی قەومی و تایفی وە ڕێگایەکی دور لە توندو تیژیان هەڵبژارد. بەڵام ئەوان ژیان و داهاتووی خەڵکی کوردستانیان گێڕایەوە نێو شەڕ و ململانێی خۆیان و دەسەڵاتی مەرکەزی لە بەغدا، وەک هەمیشە ڕێگای درێژەدان بە کارنامەیەک کە ٢٧ ساڵ باڵا دەستبوونەوەی هەمان دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی ئەحزابی میلیشیایی و گەندەڵ و تاڵانچیە  کە قوربانی و باجی بێمافی لە گیانی خەڵکی کوردستان دەسێنی.

خەڵکی کوردستان کە زیاتر لە دوو دەیە و نیو دەسەڵاتی ئەحزابی بۆرجوا ناسیونالستی کورد لە هەمووجۆرەکانی، لە دەسەڵاتی دوو قوڵی یەکێتی و پارتی  و پێنج قوڵی زۆنی زەرد و سەوز و نیلی و پەرلەمانی رووپۆشکراو بۆ جوانکردنی روخساری قێزەونی سەرکوت و تیرۆر و تالان و برۆ و ژێر پێنانی مافەکانی خەڵک و وەڵامدانەوە بەسەرەتاترین مافەکانی خەڵک بە گوللە و لەخۆین هەڵکێشانی ناڕەزایەتیە بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان و هەڵسوکەوتکردن لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەوە و گوێڕایەڵی باشی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیای ئەزمونکرد. وە ئەو راستیەشی بۆ ئاشکرا بوو کە ناکرێ لە ڕێگای پەرلەمان و هەڵبژردنەوە دەسەلات لە دەستی یەکێتی و پارتی دەربکرێت وەیان شتێک چاک بکات یان لای بەرێت.

لە کوردستاندا دەسەڵاتێکی میلیشیای ئەحزاب هەیە کە دەسەڵاتیان لەسەر خۆیان تاپۆکردووە. خەڵکی کوردستان  بەگۆشت و خوێن باجی چەندین ساڵ  حاکمێتی یەکێتی و پارتی ئەدەن،  تەنانەت ئەو هێزانەی ئیدعای ئۆپۆزسیۆن بوون و دەستا و دەستپێکردنی دەسەڵاتیان دەکرد لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەر زوو واقعیەتی ئەو ئیدعایانەیان ئاشکرا بوو کە پارتی و یەکێتی لەو ڕێگایەوە مل نادات. ئێوە تەماشاکان هەر لەو دەورەیەدا  بە ئیعترافی لایەنەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆن چەندین پرۆژە بڕیار برایە بەردەم ئەو دەزگایەی کە ناوی پەرلەمانە نەیانتوانی یەکێکی بە ئەنجام بگەیەنن یان ئەو هەزاران تۆماری ناڕەزایەتیە سەبارەت بە مەسەلەی ژنان و ئازادی و کوشتنی

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

رۆژنامەنوسان ..ئاشکراکردنی و دادگایکردنی بکوژانی 17شوبات و رۆژانی دوایی کە داخوازی جەماوەری بەرینی خەڵک بوون هەموو بێ وەڵام جیهێڵراو ئەندام پەرلەمانەکان وەک بتی حزبەکانیان لۆکەیان لەگوێی خۆیان نابوو.. لەمەش زیاترخەڵکی کوردستانیان لەگەڵ گرفتی سەرەکی و قەیرانی بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێشێلکاری و سەرکوتی سیاسی و گەندەڵی و تالان و برۆی داهاتی کوردستان و خۆ دزینەوەی لە بەرپرسیارێتی و مافەکانی خەڵک و فرێدانی خەتاکان بۆسەر شانی یەکتر وەیان خستنە خەتای دەسەلاتی مەرکەزی بەغدا.. ڕووبەڕووکردەوە. ئەمەش ئەو ڕاستیەی ئاشکراکرد کە پەرلەمان و هەڵبژرادنی ئەم حزبانە ئامرازێک نییە بۆ ئالوگۆڕ بەڵکو هەر ئەو دەزگا شەرعییەی خۆیان ناویان لێناوە پەرلەمان دەرگایان داخست و پەرلەمانتاری حزبەکانیان ناردوەماڵەوە و وەزیرەکانی حکومەتیان دەرپەڕاند.. هەربۆیە ئەوانەی ژیان و داهاتووی کۆمەڵگا دیاری دەکەن هەر وەک خۆشیان بە ئاشکرا نکۆڵی لێ ناکەن حزبە گەورەکانی دەرەوەی پەرلەمانن وە ئەوان مەبدەئێکیان جێخستووە کە پێشتر دەبێت لەسەر هەموو شتێکی وردو درشت تەوافق بکەن. کەوایە ئەوە دانپیانانی ڕاستەخۆی ئەو حزبانەیە کە پەرلەمان تەنها دیکۆرێکە بۆ شاردنەوەی رووکاری دزێوی ئەو حزبانە. تەنانەت خۆشیان دەڵێن ئەگەر یەک دەنگیش بێنن ئەوان هەر دەسەلات لەچنگی خۆیان دەهێڵنەوە، لەبەر ئەوەی هێزی میلیشیایان هەیە و پارە و پاڵپشتی ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەیان هەیە. واتە حوکمی چەک و دەسەلاتیان یەکلاکەرەوەیە. خاوەنی چینایەتی دەسەلاتی سیاسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە دیاری ناکرێ بەڵکو پەرلەمان دیکۆرێکە بۆ پیادەکردنی دەسەلاتی چینێک کە چینی بۆرجوا و خاوەن موڵکەکانە، بۆیە نەک هەر نابێ لەم هەڵبژاردنە گاڵتەجاری و مەهزەلەیەی ئەحزابی بۆرجوا ناسیونالیستی کوردستان بەشداری بکەین، بەڵکو پێویستە فەزایان لەبەردەم بەرتەسک بکەینەوە. کۆمەڵگای کوردستان لەدەستی ئەم حزبە میلیشیایی و تالانچیەکان دەرکێشین و سیستەمێکی دەسەلاتداریتی پێشکەوتوانە و مۆدێرن و پشت بەستو بە ئیرادەی خەڵک لەجێگایدا دابمەزرێت. هەموو لایەنەکانی بەشدار لەپرۆسەی هەڵبژاردندا تەنها قازانج و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان نوێنەرایەتی دەکەن. ئەمانە ئەو هێزانەن کە سەروەت و سامانی کۆمەڵگای کوردستان بەتالان دەبەن، کە ژیانی زیاتر لە ٥ ملیۆن لە خەڵکی کوردستانیان بە بارمتە

گرتووە. ئەوانەن کە خاوەنی مۆڵ و ڤیللا و باخ و دۆلاری سەفتەکراوی نێو ژێر زەمین و بانقەکانی ئەوروپان.... پەرلەمان و هەڵبژاردنیان بۆ هێشتنەوەی ئەم سیستەمە میلیشایا سیاسیە و ڕاگرتنی خەڵکی کوردستانە لەهەژاری و بێ ئاوی بێ کارەبایی و نەبوونی خزمەتگوزاری و تەندروستی و ڕێگاوبانی سەلامەت و ژینگەی پاکوخاوێن و سەرکوتی هەموو جۆرە ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان...  و دەنگ و پەنجەمۆری خەڵکیان دەوێت بۆ توندکردنەوەی فەزای کۆنەپەرستی و  دژ بە شارستانیەت و مودێرنیزمی کۆمەڵگا و ڕاگرتنی خەڵکی کوردستان لە بێ ئاسۆیی و نادیاری چارەنوس و بنبەست و نادڵنیایی ئایندەکەی. بەدیاریکراویش هەموو ئەم حزبانە دەیانەوێت دەنگی خەڵک بکەنە پەنجەمۆری شەرعیەتدانەوە بەدەسەڵات و کارنامەی ڕەشی سیاسییان. کارنامە و دەسەڵاتێک کە نەک هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی تیا نییە، بەڵکو سەرەتاترین مافە سەلمێنراوەکانی خەڵکی کوردستانیان پێشێلکردووە. ئێمە دەمانەوێت خەڵک ژیانیان بگۆڕێت و ئومێدیان بە خۆیان و بە ئیرادەی خۆیان هەبێ و خۆیان بۆ دەسەڵاتداریێتی ڕاستەخۆی خۆیان ئامادە بکەن و لەدەوری خواستەکانی خۆیان، خۆیان ڕێکخراو بکەن.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام هاوڕێ دەشتی پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بایکۆت یان بەشداری نەکردنی خەڵک چ کۆمەکێک لە ڕاستای ناڕەزایەتی جەماوەری برسی و هەژاری کوردستاندا ئەکات و چ کاریگەریەکی ئەبێ لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد؟ بە واتایەکی تر، ئایا ئەو کاریگەریەی ئەبێ کە ئاڵوگۆڕ پێکبهێنێ؟**

**دەشتی جەمال:**

یەکێک لەو مەسەلە سەرەکیانەی کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد شانازی پێوە دەکات، هەڵبژاردنە. ئەگەر ئەو چەکەی لەدەست دەربهێنرێت، زۆر لەوە ریسواتر دەبێت کە هەیە. لەهەڵبژاردنی پێشوودا خەڵکی کوردستان، بە ڕێژەی زۆربە هەڵبژاردنیان ڕەتکرەوە و بەشداریان تیا نەکرد، ئەم بەشداری نەکردنە، ریشەی لەناڕەزایەتی جەماوەری و تورەیی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستاندا هەبوو، ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا ڕێژەی بەشداری نەکرنەکە بگاتە سەرووی سەدا حەفتاو پینج، ئەوا بەپێی ستاندارد ئەو هەڵبژاردنە شەرعیەت لەدەست دەدات، بەتایبەتی لە دنیای فەرمی و لەناو ڕای گشتی دنیادا. هەرجۆر بەشداری نەکردن و

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بایکۆتێکی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە بەمانای وەرگرتنەوەی شەرعیەت لەو دەسەڵاتەی کە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە قسە دەکات، واتە لەڕێگای دەنگی خەڵکەوە نەهاتوون و خۆیان فەرز کردوە، بەو مانایەی کە مەشروعیەت لەو دەسەڵاتە وەردەگرێتەوە و دەتوانرێت لە ئایندەدا ببێتە دەستمایەی هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە، هەڵپێچانی بڵاوکردنەوەی ئەو گەوجاندنەی ئەحزاب لە نێو خەڵک و لەڕای گشتیدا بڵاوی دەکەنەوە بەوەی ئەوان بە دیموکراسی هاتوون و دیموکراسیش یەکێکە لەو خۆشباوەڕیانەی دەسەڵات کە بە خەڵکی ئەدات، چونکە ئەوان هەمیشە دەنگی خەڵک و بەشداریان دەکەنە سەرمایەیەکی گەورە و پشتیوانی لەدەسەڵاتەکەیان و دەنگی زۆرینەی بەڵێ دەکەنە حەقانیەت بەخۆیان و گوایە بەدەنگی خەڵک هاتوون. بەڵام دەنگی (نا و بایکۆت) واتە خەڵک بەو دەسەڵاتە ڕازی نییە، کارو کردەوەکانی دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکە بەمانای ئەو هەموو بانگەشە و درۆ و دەلەسانەی لەنێو سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن دەکرێت سەبارەت بەدەستاودەستپێکردنی دەسەڵات جگە لە پەلەقاژەیەکی فریوکارانە بۆ جوانکردنی دەسەڵاتی میلیشیای ئەحزابی بۆرجوا ناسیونالیستی کورد هیچی دیکە نییە. بەواتای نەفرەتی خەڵک لە هەموو لایەنەکانی بەشدار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا و دوورکەتنەوەی خەڵکە لە ئەجندە و بەرنامە و سیاسەتی ئەو حزبانە و پەرلەمانی ئەزمونکراویان کە تەنها و تەنها قازانج و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان دەپارێزن، بەمانای ڕاوەستانەوە بەدژی فەزای کۆنەپەرستی و دژ بە شارستانیەت و مودێرنیزمی کۆمەڵگا و ڕاوەستانە بەدژی بێمافەکانی ژنان و... بەدیاریکراویش ڕێگە نەدان بەوەی دەنگی خەڵک بکەنە شەرعیەتدانەوە بە دەسەڵات و کارنامەی ڕەشی سیاسیان. ئەو پەیامە دەدات بەگوێی دەسەڵاتداراندا کە ڕێگە نادرێت چارەنووسی خەڵکی کوردستان و چارەنووسی چینی کرێکار و ئازادیخوازی و حورمەت و شکۆمەندی ئینسانی لە کوردستاندا لەدەستی ئەحزابی میلیشیایی و بنەماڵەیی دا بێت کە یاری بە چارەنوس و داهاتوی کۆمەڵگای کوردستان بکەن. ئەو دەسەڵات و حکومەتە لەلایەن خەڵکەوە بێ بایەخ دەبێت و کۆمەک دەکات بە ناهەق بونیان، نا عەدالەت بونیان و ئەوان، بە یەکێتی و پارتی و پێکهاتەکانی ترەوە کە ڕکابەرکێ بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئەکەن، مافی ئەوەیان نییە دەسەڵاتیان هەبێت.

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

دەکریت بەشدارینەکردنی جەماوەر بکرێتە دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی هێز و ئیرادەی چینایەتیمان و یەگرتووانە ئەم سیناریۆ گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردن بە شکست بکێشین. پێویستە هەرلە ئێستاوە و تا تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان جوڵانەوەی ناڕەزایەتی خۆی بنوێنێ و بێتە مەیدانەوە و خواستەکانی خۆی بدا بە ڕووی دەسەڵاتدا. تەنانەت هاوکاتی پڕۆپاگاندەی لایەنەکان، هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکان، مەیدانەکانی کار، گەڕەک و ناوەندی شارەکان و زانکۆکان بکەنە مەیدانی کۆبونەوەی گشتی جەماوەری و هەڵبڕینی دەنگی نا بۆ دەسەڵات و پەرلەمانی ئەحزابی میلیشیای تا ئاستی ئەوەی ئەم جوڵانەوە ناڕەزایەتیانە ڕێکخراو بکرێت و سیاسی بکرێتەوە و بگوێزرێتەوە ناوەندەکانی کارو گەڕەکەکان بە پشت بەستن بە ئیرادەی جەماوەر و خۆپارێزی بکرێت لە تێکەڵکردن بە کێشە و ململانێی لایەنە سیاسەکان و ئەجندایان ...

سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ بەبڕوای من پەیوەندی بەم هەڵبژاردنەوە نییەو وە دەوری خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا لەڕێگای پەرلەمانەوە دەستبەر نابێت بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی بۆرجوازی خەڵک لەم ڕێگەیەوە گۆشەگیر و لەچاوەڕوانیدا ڕادەگرێت دیوارێک دەخاتە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر خۆی تاپۆ دەکات. تەنها دەسەڵاتداریێتی شورایی و دەسەڵاتی ڕاستەخۆی جەماوەریە کە دەتوانێ دەوری خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەئاڕاستەی ئازادی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا دابین بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تەنها بایکۆت بەس نییە بەڵکو خەبات و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک پێویستە ڕووی لەوە بێت کە ریزی خۆی لە هەموو ئەم دەستەو تاقمانەی ئەحزابی میلیشایایی و تالانکاران جیابکاتەوە. وەلانانی دەسەڵاتی هەموویان کە هەژاری و نەگبەتی و دەردەسەری دەهێنن بۆ خەڵک بکرێت بە ئامانج. دەسەڵاتی میلیشیایی پێویستە بگۆڕێت بە دەسەڵاتی پشت ئەستوربە جەماوەر و جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی هەژار و برسیەکان لە دەوری ئاسۆیەکی ڕۆشن کە توانای وەلانانی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە لە ئەستۆ بگرێت کە خۆی لە وەهمی ناسیونالیزم و نەتەوەپەرستی داماڵێت، بەرژەوەندی چینی چەساوەکان و بەرژەوەندی چینی کرێکار و ستەمدیدەی کۆمەڵگای بوێت بۆ تەسفیە حسابکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەر و تالانچی دژی ئازادی و دژی ژن لە ئەستۆ بگرێت وە خەباتی ئازادیخوازان و جەماوەری ستەمدیدە ڕوو لە دامەزرانی شورا و ئەنجومەن و ڕێکخراوە جەماوەریە

جۆراجۆرەکان، بۆ بەدەستەوە گرتنی ئیدارە و کاروبار و خزمەتگوزاری لە گەڕەک و کارگە و فەرمانگە و شار و شارۆچکەکاندا، ئەمە تەنها ڕێگایەکە بە بڕوای من بۆ ئازادی سیاسی و ماف و ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئینسانی کە بڕیاری خەڵک تیایدا دەور دەگێڕێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: جەماوەری کرێکار و نەداری کوردستان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بە دەنگێکی ڕاسا هاواری "نا" یان بەرامبەر بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرز کردۆتەوە و هیچ هێزێک ئەوانیان ناوێت. گرەوی بردنە سەری ئەم ناڕەزایەتیە بەرینە بۆ لابردنی تەواوی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکەیەوە لە چیدایە؟**

**دەشتی جەمال:**

گۆڕین و هەڵتەکاندنی ئەم سیستەم و دەسەڵاتەی لە کوردستاندا هەیە لەگرەوی هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستاندایە بە قازانجی جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی  و خۆشگوزەرانی و ئارامی و هەروەها هەستانە سەرپێ و دەخاڵەتکردنی لەچارەنوس و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەوێت و دەبێ شەڕی ئایندەی کۆمەڵگای کوردستان بکات. هەنگاوی گرنگ و کارا ئەوەیە کە ئەم ناڕەزایەتیانەی لەکۆمەڵگادا هەیە خۆی لە خۆشباوەڕی و ڕێگاچارەکانی ئەحزابی ناسیونالستی و ئیسلامی دابڕێت. خەڵک بگاتە ئەو ئاستەی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە ڕێگای هەڵبژرادن و سیستەمی پەرلەمانی بەدی نایەت، وە بڕوای بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆی هەبێت. خەڵکی کوردستان 27 ساڵە ئەزمونی ئەم ئەحزاب و دەسەڵاتە میلیشیایە دەکات هیچی حاسڵ نەکردووە جگە لە نەهامەتی و دەردەسەری و ماڵوێرانی و هەژاری و برسێتی و بەخشینەوەی هەزار و یەک بەڵێنی درۆینە لەهەڵبژاردنەوەکاندا، سەرئەنجام هیچ نەکردن زیاتر هیچی تری سەوز نەکردووە. خەڵکی کوردستان پێویستە ئەو ڕاستیە بزانن کە هەموو حزبەکان بە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و نەوەی نوێ و ئیسلامیەوە خوازیاری هێشتنەوەی ئەم دۆخەی ئێستا و بەرگری لە سیستەم و نیزامی سەرمایەداری دەکەن، بەرگری لە هێشتنەوەی کاری کرێ گرتەو جیاکاری و نایەکسانی و سەرکوت و ئیستبدادی سیاسی و هێشتنەوەی فەرهەنگی دواکەتووی

خورافەی ئاینی و پیاوسالاری و بێکاری و هەژاری و برسێتی و بێ مافی ژنان و لاوان و بێخانەولانەیی دەکەن. لێرەدا ئەبێ ئەوە بڵێم کە گۆڕان پێشتر و نەوەی نوێ ئێستا و هەتا هاوپەیمانێتیەکەی بەرهەم ساڵح خۆیان بە ناڕەزایتی و بێزاری جەماوەی بێبەشدا هەڵئەواسن و یاری پێ ئەکەن تا بیکەن بە ئاشی هەمان دەسەڵاتدا. ئەمە ڕاستیەکە و جەماوەر بە داخەوە بە ئەزمون بینیویەتی. ئێمە دەمانەوێت خەڵک خۆی بێتە مەیدان بڕیار لەسەر چارەنوس و ئایندەی خۆی بدات و خۆی ڕێکخراو بکات و ڕیزی سەربەخۆی خۆی جیابکاتەوە و بەرگری لەبەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بکات تا بتوانێت کاریگەری دابنێت، هەنگاو بەهەنگاو ئەو ناڕەزایەتیانەی کە هەیە بگوازێتەوە بۆ شوێنی کار و ناوەندەکان و گەڕەکەکان، وە ئەزمون لە ناڕەزایەتیەکانی ڕابرد و وەربگرێت و خۆی ڕێکخراو بکات وناڕەزایەتیەکانی پەلکێش کات بۆ هەموو ناوەندەکان. کرێکاران، کارمەندان و مامۆستایان و هەموو بەشەکانی دیکە، نۆێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و دیاری بکەن لە هەڵسوڕاوانی هەڵبژێراو دەتوانرێت باس لە پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری ئازاد و سەربەخۆ بێتە جێگای جەدەل و قسەوباسی گەرم وگوڕی کۆڕو کۆبوونەوەکان جا ڕێکخراوی سەربەخۆی مامۆستایان، کرێکاران، ژنان، لاوان، کەمئەندامان، خانەنشینان.. تا ڕێکخراوە جەماوەریە پیشەییەکانی دیکە، لەپێناو داسەپاندنی داخوازیەکان وەک وەسیلەیەکی خەباتکارانە بەدەستیەوە بگرێت، ئینسجام و هاوئاهەنگی و هاودڵی ڕابەرانی ناڕەزایتیەکان و بەهێزکردنی هاودەنگی وهاوخەباتی ناڕەزایەتیەکان پلە بە پلە لەچوارچێوەی نەخشیەکی ڕۆشن تا ئاستی سەرتاسەریکردنەوەی ئەو ناڕەزایتیە جەماوەریانە، و دەرچوون لەوەهمی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کە هێشتا پێیەکیان لەنێو دەسەڵاتە و پێیەکیان لەنێو ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدایە، هەمیشە فرسەت لەوە وەردەگرن خۆیان بخزیننە نێو ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و خۆیان بکەنە دەم ڕاستی خەڵک. ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتیەکان لە ناوەندەکانی کار و ژیان و سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان تا بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە خوارەوە و کۆنترۆڵکردن و ئیدارەکردن و هەنگاونان بەرەو پیکهێنانی شورا و ئەنجومەنەکان کە نۆێنەرانی واقعی خۆیان هەڵبژێرن ئیدارەی شار و شارۆچکەکانی بەڕێوەبەرن، داهاتی هەر شار و جێگایەک لەژێر چاودێری نوێنەرانی خۆیاندا بێت و مووچە و خەرجیەکانی خزمەتگوزاری وکۆمەڵگا

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بەدەستەوە بگرن. ئێمە هەمیشە جگە لە پێداگری لەسەر ئەم مەسەلانە خۆشمان لەناو ناڕەزایەتیەکان و لەگەڵ ڕابەر و هەڵسوڕاوەکانیاندا هەوڵی ئەوەمان داوە ئەم پرۆسەیە لە ڕێکخراوبوون بەرینە پێشەوە، بەڵام کاری زیاتری ئەوێت.

ئەمە هێشتا سەرەتایەکە، وە بۆ ئەوەی چینی کرێکار و جەماوەری بەشمەینەتی خەڵک بە دەسەڵات بگات پێویستە حزبی خۆی هەبێت لە حزبی چیانەیەتی خۆیدا ڕێکخراو بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەسەڵاتی سیاسی نزیک بێتەوە. ئەم مەسەلەیە بەبێ حزبی چینایەتی خۆی ناکرێت. خۆشبەختانە لە ئێستەدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەیە کە بەرنامە و سیاسەت و کارەکانی و شیکاری دروستی لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و دەرکێشانی کۆمەڵگا لە قەیران و بنبەست و ئەو گێژاوە سیاسیەی کە بەسەری دەبات ڕێگای دروست دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا و چینی کرێکار و ئەمەش ئەرکی قورستر دەخاتە سەرشانی ئەم حزبە و کادرەکانی وە ئەرک دەخاتە سەرشانی کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی ناڕەزایەتیەکان، کەسایەتیەکان و روخسارە بەرجەستە کۆمەلایەتیەکانی کوردستان و هەموو ئازادیخوازن کە لەم پێناوەدا بۆ ئەوەی لەم پەرشوبلاویە ڕزگاری بێت لە پاڵ حزبدا ڕابوەستن وە لەم وەرچەرخانەدا ڕۆڵیان هەبێت. ئەمە ئەرکێکە پێویستە بە هوشیاری و یەگرتووانە روو بەڕووی هەلومەرجی ئێستا بینەوە.



سامان کەریم

# بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایەتی لە جەرگەی دۆخێکی قەیراناویدا گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم

**سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی عێراق و نارەزایەتیەکانی جەماوەر**

بارودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنی ئایاری ئەمساڵ خراپتر بووە. ناتوانایی چینی دەسەڵاتدار بۆ دروستکردنی حکومەت و وەڵامدانەوە بە ناکۆکی نێوان هێز و باڵەکانی لەلایەک و وەڵامدانەوە بە ژیانی خەڵک، ڕووبەڕووی قەیرانێکی خنکێنەری کردووە. نە تا ئێستا باڵە جیاوازەکانی شیعەی سیاسی توانیویانە ڕێکبکەون و نە سوننەی سیاسی و پاشماوەی بەعسیەکان و ڕۆشنە کە هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیش

## هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر

توانای ئەوەیان نییە دەسەڵات یەکلایی بکەنەوە. هاوکاتیش ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر، بەتایبەتی لەم ماوانەی دواییدا لە شارەکانی بەسرە و ناسریە و بەغداد و... هتد، دووبارە سەریان هەڵداوەتەوە. بۆ ناساندی دۆخەکە و ئاست و ئاسۆی ناڕەزایەتیەکان، دیدگای سۆشیالیستی بە پێویستی زانی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ سامان کەریم دا ساز بکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: لە کاتێکدا کە باڵە جیاوازەکانی بۆرژوازی هێشتا دەستەوستانن لە پێکهێنانی دەوڵەت و دروستکردنی حکومەتدا و دەخاڵەتی ئێران و ئەمریکاش بە تایبەتی لە عێراقدا بۆ خۆی بەشێکە لەو قەیرانە. بەڕای تۆ نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەم دۆخەی ئێستا چییە؟**

**سامان کەریم:**

هەلومەرجی سیاسی عێراق لە چەند ڕووەوە جێگای سەرنجدانە. هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق لەم قۆناغە دیاریکراوەی ئێستادا، بە دوو تایبەتمەندی دیاریکراوەوە دەناسرێتەوە. یەکەمیان: لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە دەست پێدەکات. واتە لەگەڵ ڕوخاندنی حکومەتی بەعس و دەوڵەتی نەتەوەیی دا. کە سیستەمی سەدام حسین دەڕوخێت، هەر ئەوە نییە کە حکومەت دەڕوخێت. بەڵکو لەگەڵیدا دەوڵەتێک بە شوناسنامەی نەتەوەیی عەرەبەوە دەڕوخێت و پاشان کاول دەبێت. ئەم تایبەتمەندیە لە لیبیا هەر ئێستا لە ئارادیە، لە میسر سیاسەتی ئەمریکا بۆ پیادەکردنی هەمان پرۆسێس سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها لە سوریا لە ڕوانگەی منەوە شکست بەم سیاسەتەی ئەمریکا هێنرا. کەواتە تایبەتمەندی یەکەم، نەبونی شوناسنامەیە بۆ دەوڵەت. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو هێزە سیاسیەکان بە بورژوایی و کرێکارییەوە، بە ئیسلامی، ناسیونالیستی و کۆمۆنیستی یەوە، مەسەلەی سەرەکیان یەکلایکردنەوەی شوناسی دەوڵەتە و شەڕی سەرەکی لە نێوانیاندا لەسەر یەکلایکردنەوەی شوناسنامەیە بۆ دەوڵەت. ئەم تایبەتمەندیە مانای ئەوەیە: هەلومەرجی سیاسی وە گشتی عێراق بە پرۆسێسێکی ڕاگوزەردا " ئینتقالی" دا دەڕوات.

دوەمیان: هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکومەت کە پاش ٣ مانگ تائێستا باسێک نییە لە پێکهاتنی وە لەم قۆناغەدا تەنانەت یەکلایکردنەوەی شوناسنامەی

دەوڵەت، بەستراوەتەوە بە کێبەرکێ و ململانێی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەلایەک و ئێران و هاوپەیمانانی لە لایەکی دیکەوە. ئەم تایبەتمەندیە دیاریکراوە، ئەوە نیشان دەدات کە هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراق لە ڕوانگەی بورژواییەوە بەگشتی گرێدراوە بە کێبەرکێ و ململانێی جیهانی لە نێوان زلهێزەکانی سەرمایەدا بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان لە ئاستی گشتیدا. ئەمە دیسان هەلومەرجێکی ڕاگوزەرە لە ئاستی جیهانی دا. دەتوانین بڵێین دوو قۆناغی ڕاگوزەر لە عێراقدا ئاوێزان بوون لە زەمەنێکی دیاریکراودا، کە کاریگەری دەکەنە سەر کۆی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی.

لە تایبەتمەندی دووەمدا، هەلومەرجی سیاسی عێراق بە گشتی و کۆی هێزە بورژواییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، دەرگیرە لەگەڵ دابەش بونێکی بێ وێنەو توندا. دابەش بوون لە نێوان جەمسەرە جیهانی و ناوچەییەکاندا. ئەمریکا و ئێران هێزی سەرەکی و نفوزی سەرەکیان هەیە بەسەر هیزە سیاسیە بورژواییەکانەوە. پاشان هەریەک لە سعودیە و تورکیا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر بەشێک لەهێزە سیاسیە، سوننی- تائیفی و ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامە سوننیەکان.

**دیدگای سۆشیالستی : کەواتە بامن لێرەدا باسەکەت پێ ببڕم و پرسیارەکەم بەم شێوەیە داڕێژمەوە. لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا، تۆ وەلامی بەشی کۆتایی پرسیارەکەت دامەوە. واتە نیشانە جیاوازەکانی ئەمڕۆی هەلومەرجی سیاسی عێراق. کەواتە بەپێی ئەو تایبەتمەندیانە، لە ئێستادا حکومەت بۆ پێک نایەت؟! بورژوایی ئیسلامی وە ئیسلامی قەومی وە ئەوانی دیکە بۆ تا ئێستا نەیانتوانیوە حکومەت پێک بهێنن.؟!**

**سامان کەریم:**

هەوڵی هەموو هێزەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتە. بەڵام پێکهێنانی حکومەت ئەمجارەیان بۆتە کارێکی سەختتر، لەسایەی کێشەکانی ناوچەکە و لاوازبونی زۆری پێگەی ئەمریکا و هاتنە پێشەوەی ڕۆلی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا و بەتایبەت ئەمریکا ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بە شێوەیەکی یەک لایەنە هەڵوەشاندەوە، ئێستا ئابلۆقەی توندی بەسەر ئێراندا سەپاندوە، شکستی سیاسەتی ئەمریکا لە سوریا و قوڵبونەوەی کێشەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لەم چەند ڕۆژەی دواییدا و دانانی باج لەسەر هاوردەکانی تورکیا بۆ نێوخۆی ئەمریکا و ئاڵوگۆڕەکانی نێو خۆی عێراق. هەموو ئەمانە پێکەوە کاریگەرییان داناوە لەسەر پێکهێنانی حکومەت. ئیسلامی سیاسی شیعی کە لەم هەلومەرجەدا بۆ یەکەمجارە لە نێو

## هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر

خۆیاندا دابەش بوون بەسەر دوو جەمسەردا... جەمسەرێکی ئەمریکی-خەلیجی و کە زیاتر عەبادی ڕەوتەکەی " نەسر" کە بەشێکی حزبی دەعوەی لەگەڵە پەیڕەوی لێدەکات و کوتلەی "سائرون" ی سەدر نزیکە لێوەی لەسەر پایەی تەوژمی یان ڕەوتێکی تازە کە ماوەی چەند ساڵێکە خەریکە خۆی فۆرمۆڵە دەکات، وەک ڕەوتێکی بۆرژوایی "نەتەوەیی-عێراقی" ئەم ڕەوتە لە پرۆسێسێکدا هاتوە و هێشتا دوا فۆرمۆڵەی خۆی وەرنەگرتوە، هەروەها ڕەوتی حیکمەیان لەگەڵە بە سەرۆکایەتی ئەلحەکیم. با ئەوە ڕۆشن بێت حزبی شیوعی عێراق سەر بەم ڕەوتەیە و لە گەڵ ڕەوتی سەدردا تا ڕادەی جووت بوون نزیک بوونەوە لەیەکتری. بەشێک لە سوننەکان و باڵی عەلاوی نزیکترن لەم جەمسەرەوە. هەروەها هاوپەیمانی " بڕیار-قەرار" بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجەیفی. دەتوانین بڵێین لە نێو هێزە سوننیەکاندا بەشێکیان لەگەڵە و لە نێو بزووتنەوەی کوردایەتی دا پارتی لە باری سیاسیەوە نزیکە لەم ئاڕاستەیەوە.

بەشەکەی دیکەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە، کە سەر بە جەمسەری ئێرانن، هێزەکانی ڕەوتی فەتح" حەشدی شەعبی" بە سەرۆکایەتی هادی عامری و هەروەها باڵی مالکی " دەوڵەتی یاسا" بەشێک لە حزبی دەعوە و، عەسائیب ئەلحەق ... لە گەڵیاندا بەشێک لە هێزە سوننیەکان هەن بەتایبەتی باڵی کەربولیەکان و هەروەها بەشێک لە مەجالیسی عەرەبیەکان و لە کوردستان یەکیتی زیاتر نزیکە لەم ئاڕاستە سیاسیەوە.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، بۆ هێزە سوننی و کوردییەکان ئەم دابەش بونە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. لە هەموو بارێکدا هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەت "یەکێتی و پارتی" لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا و بەپێی ئەو دوو تایبەتمەندیەی سەرەوە باسمان کرد بەشێک دەبن لە حکومەت، بەهەمان شێوە بەشی زۆری هێزە سوننی و تایفیەکان بەشێک دەبن لە حکومەت لەم هەلومەرجەدا.

ئەمە واقعیەتی ئەمڕۆی نێو خیزانی هێزە بورژواییەکانە. بۆرژوایی وەک چینێک لە ئەمڕۆی عێراقدا، نە توانای یەکلایکردنەوەی دەوڵەتی هەیە، وە تەنانەت توانای پێکهێنانی حکومەتی هەیە. بورژواییەکی هێجگار مل کەچ و زەبونە. وە بورژوایی لە وولاتێکی وەک ئەمڕۆی عێراقدا ناتوانێت هێزگەلێکی لەوە باشتر بهێنێتە دەرەوە بۆ دەسەلاتدارێتی و ڕێکخستنی چینەکەی خۆی.

## گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم

کێشەی ئەمڕۆ ئەوەیە ئایا ئێران وئەمریکا لەسەر پرسی عێراق ڕێک دەکەون؟! بەجیا لەوەی کە خۆیان کێشەی گەورەیان هەیە لەسەر پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا. ئایا دەتوانن بگەنە ئاستی نزیک بوونەوە و دیاریکردنی سەرۆک وەزیران؟! سەرۆک وەزیرانێک کە هەر دوو لایان ڕازی بکات. ئەوەی کە تائێستا ڕوونە ئەوەیە کە ئێران ڕازی نییە بە دوبارە دیاریکردنەوەی عەبادی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و ئەمریکاش ڕازی نییە بە مالکی و عامری. ئایا دەگەنە ئەنجامێک؟! دەگەنە کەسێک کە جێی ڕەزامەندی هەردوولایان بێت؟! لەمبارەوە چەندین ناوی جیاواز پێشنیاز کراوە. ڕێکەوتن لەسەر سەرۆک وەزیران، ناونیشانێکە. ئەگەر نا، ڕێکەوتنی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو کاتیش بێت، زۆر لەوە فراوانترە.

هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراق ، ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ڕاستەوخۆ بەستراوەتە بە ڕێکەوتنی ئەمریکا و ئێرانەوە یان لاوازکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری یەکێک لەو دوو لایەنە و بەم پێیە ئەو کات لایەنێکیان دەستی باڵای دەبێت. کە گریمانەی دووەمیان پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەسپێرێت بە نادیار.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە مەسەلەی ئەسڵی هێزە پێکهێنەرەکانی چینی دەسەڵاتدار لە عێراقدا چییە و بەشوێن چییەوەن؟ لەکاتێکدا کە زانراوە هەموویان خۆیان بە ئەجێندای ئەمریکا و غەرب و زلهێزێکی جیهانی و ناوچەییەوە گرێداوە؟**

**سامان کەریم:**

چینی بورژوایی لە وڵاتانی وەک عێراق لە لایەک وە لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆی عێراقدا بە شێوەیەکی دیاریکراوتر، ئەوە سنوری هەموو دەسەڵات و هێزیەتی. بورژوایی لە عێراقدا، هەر ئەوەیە کە هەیە. چاوەڕێکردنی هێزێکی باشتر لە بورژوایی جگە لە گەمژەیی نەبێت شتێکی دیکە نییە. مەگەر کەسێک بکرێ وتار بنوسێت ڕووی بەشێک لە بورژوایی بڕازێنێتەوە وەک ڕۆشنبیرەکان، ئەوەیان ئیتر ئەرکی چینایەتی و بژێوییە.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. مەسەلەی سەرەکی هێزەکانی بورژوایی یەکلاییکردنەوەی شوناسی دەوڵەتە. بەڵام ئەمە مەسەلە و ئامانجێکە. مەسەلەیەکی تر کە هەموو ڕۆژێک باس دەکرێت، ئەوەیە ئایا عێراق وەک دەوڵەتێک دەمێنێت؟! سیاسەتی ئەمریکی هەم لە عێراق و هەم لەسوریا وە بە بڕوای من لە ئێران و تورکیاش ئەوەیە کە

ئەم وولاَتانە دابەش بکرێن. مەسەلەکە بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە ناتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکیت لە ناوچەکەدا، ناتوانێت هەموو عێراق بەرێت، ئەوکات پەنا دەباتە بەر دابەشکردن لەسە پایەی نەتەوە، لێرەوە ناسیونالیزمی کورد شانسی ئەوەی هەیە کە لەگەڵ ئەمریکا بێت، جا ئەمە چەندە بە قازانجیەتی یان نا ئەوە جێگای باسی من نییە لێرەدا. لەمبارەوە نمونەی کێشەی ئیسرائیل- فەلەستین بەرچاو و تازەیە. ئەمریکا کە نەیتوانی بەپێی ڕێکەوتنامەی ئۆسلۆ و بڕیارەکانی شورای ئاسایشی نێونەتەوەیی چارەسەری کێشەکە بکات، کە نەیتوانی ڕابەری خۆی بەتەواوی مسۆگەر بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سیاسەتی تێکدان دەگرێتە بەر، ڕێگری دادەنێت لەبەردەم چارەسەرەکانی دیکەدا. گواستنەوەی بالوێزخانەی ئەمریکا بۆ قودس و هەروەها پیشنیاری گرێبەستی سەدە" صفقة القرن" ئەوە نیشان دەدەن. ئەمریکا بە کورتی دەڵێت ئەگەر هەمووی خۆم چارەسەری نەکەم ئەوا دەتوانم ڕێگر بم لە هەر چارەسەرێک. بۆ عێراقیش وایە. کە عێراقی بۆ نەخورێت ئەوا هەوڵ دەدات بەشێکی بخوات و ڕێگری بکات لە هەولی لایەنەکانی دیکە. ڕوخانی یان دارمانی ڕۆژئاوا ئەمریکای توشی بارێکی هێستریک کردوە، لە شێری بریندار دەچێت. دارمانی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ لە هەڵوێستی جیاوازی ئەمریکا و ئەوروپادا دەردەکەوێت لە بەرانبەر ئێران دا.

بۆ ئەمریکا لەم هەلومەرجە ڕاگوزەرە جیهانیەدا، لە هەلومەرجی ئەمڕۆی دابەشکردنەوەی جیهاندا، دەزانێت کە پێگەی جارانی نەماوە لە جیهان و ناوچەکەدا و ناتوانێت هەموو بڕیارێک بدات. وە لە ناوچەکەدا جگە لە ئیسرائیل پێگەی بەهێزی نەماوە. تورکیا بە هەنگاوی گەورە دور دەکەوێتەوە لێی، سعودیە سیستەمێکی سیوکراسی هەیە و جێگای باوەڕ نییە و خۆی لە ئالوگۆڕدایە و هەرگیز بۆ ئەمریکا نمونەیەکی سەرکەوتوو نەبووە لە حوکمرانی. بۆ مانەوەی لە ناوچەکەدا، بۆ ئابلوقەدانی ڕوسیا لە لایەک، بۆ پێشگرتن بە پلانی " پشتێنەیەک، ڕێگایەک" کە گەورەترین پلانی ئابوری چینی یە، وە هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی بۆرییەکانی نەوت و غاز، کۆنترۆڵکردنی ناردنی وزە بۆ ئەوروپا... بۆ هەموو ئەمانە پێویستی بەوە هەیە لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە. لێرەوە مەسەلەی دابەشکردن مەترەح دەبێت بۆی. لەمبارەوە، کوردستان بۆ ئەمریکا باشترین پێگەیە و ناسیونالیزمی کورد و بەتایبەت پارتی باشترین هێزە لە ئێستادا.

لەسەر مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی، بە هەمان شێوە هێزەکان لە بەرانبەر یەکتردان. بەڵام نەک بەو شێوەیەی سەرەوە، بەڵکو هەموو هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە وە هەموو هێزە نەتەوەییەکانی عەرەب، وە هێزەکانی ئیسلامی سوننی دژ بە لەتکردنی عێراقن. ئەوەی دەمێنێتەوە هێزەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە، کە ئەوانیش لەمبارەوە دابەش بوون بەسەر دوو جەمسەردا. کە دیسان لێرەدا جێگای باسمان نیە.

بەجیا لەوانە کە هەموویان خەمی سیاسین. مەسەلەی سەرەکی هێزە بورژواییەکانی عێراق مەسەلەی ئابوری وبازارە. لەسەر ئەم پۆینتە، ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ هەژارترکردنی چینی کرێکار و خەڵکی مەحروم، هەموو ئەو هێزە بورژواییانە بە ئیسلامی و نەتەوەییەوە، بە سوننی و تایفیەوە هەموویان موکوڕن لەسەری و موو بە بەینیاندا ناچێت. ماوەی ١٥ ساڵە ئەم هێزانە عێراقیان بەدەستەوەیە، تائێستا هیچ کێشەیەکیان نەبووە لەسەر هەژاری خەڵک، کەمی کرێ، بێکاری. وە لەسەر نەبونی کارەبا و خزمەتگوزارییە گشتیەکان. بورژوایی عێراق ئەمرۆ هەموویان موکوڕن لەسەر ئابوری بازاڕ و بازاڕی ئازاد و پریڤایتکردنی کەرتی دەوڵەت و سیاسەتی تەقەشوف "سک هەڵگوژین".... کە هەر هەموویان دژ بە ویست و خواستی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتی عێراقە.

لەم هەلومەرجەدا و لە سایەی ئەو دوو تایبەتمەندیەی سەرەوە، بورژوای عێراقی خوازیاری کەڵەکەی سەرمایەیە، لە ڕێگای ناردنی نەوتەوە وەک بەشێک لە ئەرکی جیهانی خۆی، وە ئەم کارەی مسۆگەر کردووە تائێستا. وە هەروەها لەم هەلومەرجەدا کە خەڵک ناڕازییە، کە فەوزایەکی گەورەیە و حکومەت پێکنەهاتوە، بورژوای دەسەڵاتداری عێراق خەریکی بردنە پێشەوەی خێرای سیاسەتی پریڤایتکردنی کەرتی دەوڵەتە، لەکارەباوە بگرە تا ئاوی خواردنەوە و تا خوێندن و پیشەسازی و تەنانەت هەراجکردنی کەرتی نەوت لەڕێگای نۆبەکانی وەبەرهێنانەوە"جولات التراخیص".

هەروەها دابینکردنی کۆنترۆڵی هەلومەرجەکە بەگشتی، واتە بوونی ئەمنیەتێک کە تاڕادەیەک زامنی ترس بکات لە نێو کۆمەڵگادا، و زامنی ڕاگرتنی چینی کرێکار بکات بە کرێی هەرزان. لەگەڵیشیدا وەگەڕخستنی میدیایەکی گەورە و گران بۆ ئەم کارەی، کە تیایدا وەگەڕخستنی مەرجەعیەتی سیستانیە بۆ کارەکانی. بەڵام سیستانی دوای ئەمریکا و ئێران و بەرژەوەندی خۆیان دێت. سیستانی کراوەتە پەردەی پیرۆزکردنی سیاسەتەکانی خۆیان، بەشێوەی

جیاواز. وە ئەمە ئەرکی سەرەکی مەرجەعیەت بوە وە هەیە. ئەگەر نا ئەوە سیستانی هاوار دەکات و بەقسەی ناکەن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەمڕۆ مەرجعیەت کراوەتە کڵاوێکی گەورە و دەیخەنە سەر سەری خەڵکی مەحروم و ستەمدیدە. ئەوە مەرجعیەتە کە لەژێر دەسەڵات و سیاسەتی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەدا کار دەکات، نەک بە پێچەوانەوە.

پیش کۆتایی وەڵامی ئەم پرسیارە. بە پێویستی دەزانم کە باسێک بکەم. ئەوەی کە ئایا ئەم هێزە بورژواییانە خۆیان گرێداوە بە ئەجێندای ئەمریکاو ئێران یان وولاتانی ترەوە، باسێکی دەقیق نییە. کاتێک دەڵێین کە خۆیان گرێداوە، مانای ئەوەی هەیە کە دەتوانن خۆیان گرێ نەدەن، لە حاڵێکدا، کە گریمانەی ئاوا بوونی نییە. هێزێک دەتوانێت جێگۆڕکی بکات، بۆ نمونە لە جەمسەری ئەمریکاوە بچێت بۆ جەمسەری ڕوسیا، هەروەک ئێستا لە تورکیادا هەنگاونان بەم ئاراستەیە دەبینین. یان بە پێچەوانەوە. بۆ نمونە عیبادی دەتوانێت لە ئەمریکاوە بیگۆرێت بۆ ئێران یان مالکی لە ئێرانەوە بیگۆرێت بۆ ئەمریکا... ئەوانە هەمووی بەپێی هێزهاوسەنگی ئالوگۆڕی بەسەردا دێت و دەبێت. بەڵامهیچ هێزێکی بورژوایی نییە لە جیهاندا کە سەربەخۆی بێت بە موتڵەق. بورژوای هێزیک وچینێکی تەواو جیهانیە. پاشان بورژوای وولاتانی وەک ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەمانایەک بەشەق بوون بە بورژوایی و بە کۆمەکی وولاتانی زلهێزی سەرمایە سەرپێ کەوتون. بۆیە مەسەلەکە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی گشتی ئامانجی بورژوایی جیهانی و هەروەها دابەشکردنی کارێک کە عێراق بەری کەوتوە لە ئاست دابەشکردنی کاری جیهانیدا، بورژوایی کارەکانی دەباتە پێشەوە. ئەوەی هەلومەرجەکەی سەخت کردووە، ئەو دوو تایبەتمەندییەی سەرەوەیە. دوو قۆناغی ئینتقالی لە عێراقدا پێکەوە گرێ دراوە، کە یاساو ڕێسای خۆی هەیە و ناتوانین لە سەر بناغەی هەلومەرجی ئاسایی" موتەعاریف" لێکدانەوە بۆ مەسائیلە سیاسیەکان بکەین، نەخشەی کۆمۆنیستی بدەینە دەستەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: با بێینە سەر لایەنێکی تر. بەشداری نەکردنی جەماوەر لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ئایاردا بە کردەوە بەرزکردنەوەی دەنگی "نا" ی جەماوەری بوو بۆ ڕەتکردنەوەی تەواوی هێزە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. وە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیەکان بەشێوەکی فراوان لە بەشێک لە شارە گەورەکاندا لە درێژەی ئەم دەنگە ناڕەزایەتیەدا بوو. ڕای ئێوە لەسەر ئەم ناڕەزایەتیانە و ئاسۆکەی چییە؟**

## گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم

**سامان کەریم:**
کرێکار وە خەڵکی ناڕازی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بە شێوەی جیاواز لەسەر شەقام و لە مەیداندا بوون. کرێکار وە خەڵک ناڕازییە. ئەم پۆینتە تەنها بابەتێکمان پێ دەڵێت. کە پایەی ناڕەزایەتی لە عێراقدا دژ بە بێمافیە ئابورییەکان بە تایبەت: نەبوونی کارەبا و کەمی کرێ، بێکاری، خزمەتگوزارییەکان، دانەمەزراندنی دەرچوان.... بەتوندی بەردەوامە. کەواتە پۆینتی یەکەم وە گرینگ پایەی ماددی ناڕەزایەتی خەڵک وە کرێکار بەهێزە و بەردەوامە.
"نا"ی نەچوون بۆ دەنگدان. لە ناوەرۆکدا "نا"یەک بوو، بەدەسەڵاتێک کە ١٣ ساڵە عێراقی کۆنترۆل کردوە. ئەم لێکدانەوەیەکی سیاسیە و دروستە. بەڵام کە سەرنج دەدەینە پراتیکی خەڵکی ناڕازی و مانگرتن و جوڵانەوە کرێکارییەکان لە عێراقدا، هێشتا زۆری ماوە بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەو لێکدانەوە سیاسی یە. واتە " نا"ی ئەوان " نایەک" نەبووە تائێستا کە "دژ بە مانەوەی دەسەڵاتی" ئەوان بێت. ئەوان خواست و داواکاریان هەیە: کارەبا، ئاوی خواردنەوە، دامەزراندن، بیمەی بێکاری، دژ بوون بە فەساد بە شێوەیەکی گشتی. هەموو ئەم خواستانە دەکرێت جێبەجێ بکرێت بێ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی زەربەیەک بخوات یان بریندار بێت. لەئاستی شارەکاندا جیاوازی هەیە. لەوانەیە لە ولایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا جوڵانەوەیەکی ناوچەیی ڕوبدات کە لە ئەریزۆنیا هەر باسیش نەبیت. ئەمڕۆ جوڵانەوە شارییەکان پایەی ماددی خۆیان هەیە. بەسرە شارێکی لەمجۆرەیە، کە ٦ حەقلی نەوتی گەورەی تێدایە، وە زۆربەی نەوتی عێراق لێرەوە دەڕوات، و خاوەنی پەترۆدۆلارە" هەربەرمیلێک نەوت و دۆلارێک بۆ خەزێنەی شار"، روحیەتی بوون بە هەرێم لەسەر پایەی زوڵم و زۆرو هەژاری و بێکاری.. وە کێبەرکیی هێزە بورژواییەکان " بون بە هەرێمی" کردۆتە ئاراستەیەکی کۆمەلایەتی لەمشارەدا. جوڵانەوە شارییەکان خۆی باسێکی فراوانە. لێرەدا هێندە بەسە و دەمەوێت بڵێم کە لەئاستی شارەکاندا ئاڵوگۆڕ بەسەر دەسەڵاتدا بهێنرێت هێشتا سەنتەر زەربەی نەخواردوە، بەتایبەت ئەگەر ئاڵوگۆڕەکە لە چوارچێوەی نێوخۆی هێزەکانی ئێستادا بن، ئەوە هەر زۆر دورە لەم باسەوە. بۆ ئەوەی ئەو " نا" یە جێبەجی بێت، پێویستە ئاستی هوشیاری بەشی پێشرەوی ناڕەزایەتیەکان و بزووتنەوەی کرێکاری تا ڕادەی ئەلتەرناتیڤی سیاسی بۆ دەسەڵاتی ئێستا گەشە بکات و هێزی ناڕەزایەتی خەڵک بە دەوریدا ڕێکخرا بکرێت. ئەمە کاری کۆمۆنیستەکان، کاری ئێمەیە.

## هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر

**دیدگای سۆشیالستی: کەواتە ڕەئی ئێوە چۆنە لەسەر ناڕەزایەتیەکان و ئاسۆکەی چیە؟!**

**سامان کەریم:**

ناڕەزایەتیەکانی ئێستا، بەهەمان شێوە پێویستە لە نێو هەلومەرجی سیاسی وکۆمەلایەتی ئەم هەلومەرجەدا سەرنج بدرێت. ئەم ناڕەزایەتیانە چەند لایەنی هەیە. گرینگترینیان لە ڕوانگەی منەوە، ئەوەیە کە بواری کردۆتەوە بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکار وە خەڵکی ناڕازی وە کۆمۆنیستەکان. بواری کردۆتەوە، بۆمن مەسەلەیەکی بابەتییە نەک لێکدانەوەی سیاسی. پایەی ناڕەزایەتیەکە فراوانە، لەئەنجامی کەڵەبونی هەژاری و برسێتی و نەبونی خزمەتگوزارییەکاندا سەری هەڵدایەوە. بەم پێیە ئامانجی ئەم ناڕەزایەتیانە تا ئێستا کۆمەڵێک خواستە و هەروەک ئاماژەم پێکرد، دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. بەلام بێگومان نایکەن، مەگەر بە هێزی یەکگرتوو وە بەهێزترو فراوانتر.

ناڕەزایەتیەکان سەرەڕای پایەیی بابەتیان، بەلام فراوان بوونەوەی لەسەرەتاوە و نمایشکردنی جۆرێک لە ڕێکخراوبوون پێوەی، هەروەها هەڵکوتانە سەر بارەگای حزبەکان و هەندێ کۆمپانیای نەوت... نیشانەی ئەوە بوو کە هێزە سیاسیەکان بەتایبەت دوو جەمسەری دابەش بووی نێو ئیسلامی سیاسی شیعی، هەوڵیان دا خەڵکی ناڕازی بەگەڕ بخەن بۆ بەدەستهێنانی سیاسەتەکانی خۆیان. ڕێگایەک بوو، ئەگەر چی بۆ ئەوان ترسناک، کە هەردوو جەمسەری نێو ئەم هێزانە توانای خۆیان لەبەرانبەر یەک تاقیکردەوە، بەلام زۆری نەخایاند هیزەکانی خۆیان کشاندەوە، دواتر لە ڕێگای هێزی عەشایەرەوە هاتنەوە مەیدان و دواتر وازیان لەوەش هێنا. بەو ئاستەی کە ئەو هێزانە بەشداری نەکەن ئەوا خۆپیشاندانەکان بچوکتر دەبنەوە. وە ئەمە واقعتر و سەر ڕاستترە.

کۆمۆنیستەکان و بەشی پێشرەوی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە لەسەریان دەخاڵەتی بەردەوام و ڕێکخراو و نەخشەدار بکەن. من پێم وایە لە ئاستی ماکرۆدا لەم هەلومەرجەدا، ئامانج دەبێت ناوچەی نفوز بێت. ئایا لە شارێکدا مەیسەر دەبیت یان لە گەڕەکێک وەک گەڕەکی سەدر لە بەغدا بۆ نمونە. من مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کارە لە شاری بەسرەدا ئێستا زەمینەی هەیە. خواست یان ئامانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەم شارە، بە بێکار و هەژاریەوە، بە خەڵکی ناڕازی و کرێکارییەوە، دەبێت دەسەلاتی لۆکاڵی ئەم شارە بێت دەسەلاتی " شورای نوێنەرانی پارێزگا". کە هەڵقولای شورای گەڕەکەکانە. ئەمە

پێویستە ئامانج بێت. ئەم ئامانجە کاری هێجگار گەورە و هەرقلی دەوێت. بە پراتیک و شێوازی کۆمۆنیستی و لە سەر پایەی کۆبونەوەی گشتی لە گەڕەکەکانەوە بگرە تا دەگاتە دامەزراندنی پاریزگار و بەرپرسەکانی شار، هەمووی لە رێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە پیادە دەکرێت. ئەم شێوازە لەکار لە هەر ناوچە و شار و شوێنکدا مەیسەر ببێت، دەسەڵاتی کاری راستەوخۆی جەماوەری دەبێت.
ئەمە ئامانجە و لەهەمان کاتدا پێویستە  هەنگاو بە هەنگاو لەهەر ناوچە و شوێنێکدا بەپێی هێز هاوسەنگی پراتیک بکرێت و ببێتە بەشێک لە وزە و گیانی خەباتکارانە لە دەروونی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکدا. لە روانگەی منەوە پێویستە ئەوە ئاسۆی ئەم قۆناغەی ناڕەزاتیەکان بێت کە لە چەند شارێک بەڕێوە دەچێت. دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە ئەوشارانەی کە ئێستا بەردەوام لە ڕۆژانی هەینی دا یان  چەند ڕۆژی تردا، ناڕەزایەتی تێدا دەکریت لە ٥ شار زیاتر نییە و جار هەیە لەوە کەمترە.

**دیدگای سۆشیالیستی: خەڵکی ناڕازی کە لەگەڵ هیچ یەکێک لەو هێزانەدا نین و بە دیاریکراویش کۆمۆنیستەکان ئەتوانن و ئەبێ چی بکەن لە پەیوەند بەو دۆخە و ئەو ناڕەزایەتیانەوە؟**
**سامان کەریم:**
گەورەترین کۆسپی هەموو ناڕەزایەتیەکانی عێراق، ئەوەیە کە خەڵکی ناڕازی بە ئێستاشەوە، پراتیکی خەباتی جەماوەری نەکردوە بە شێوەیەکی ئازادانە و لە سایەی یاسا و ڕێسایەکی ئازاددا و بەم پێیە هەمیشە لەپڕ وە ناڕێکخراو هاتۆتە دەرەوە. لەوە قەباعەتتر ئەوەیە کە ئێستا تەجروبەی " بەهاری عەرەبی" هاتۆتە سەر و بۆتە بەشێک لە هوشیاری نەگەتیڤی خەڵکی ناڕازی عێراقیش، کە ئەوەندەی دیکە، خەڵک لە ڕێکخراو بوون دوور ڕادەگرێت. یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرە زەق و ناشرین و خراپەکانی "بەهاری عەرەبی" ناڕێکخراوو بوون" بوو. گوایا ئەم هەمووو" شۆڕشە !!" کراوە، بەڵام سەیر دەکەیت یەک دانە ڕێکخراوی خەڵکی لە گەڕەک و نێو کارگەکان بە دوای خۆیدا بەجێنەهێشتووە. ئەمە کۆسپێکی گەورەیە و کاری گەورە و بەردەوامی دەوێت. مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە. کرێکارانی هوشیار و پێشرەو، کۆمۆنیستەکان دەتوانن لەگەڵ ناڕەزایەتی سەر شەقام و مەیدانەکاندا، کڵپەی ناڕەزایەتی لە دڵی گەڕەک و کارەکاندا بەرزبکەنەوە؟!. ئایا دەتوانین لە چەندین گەڕەکی بەسرە، ناڕەزایەتی ئەنجام بدەین بۆ هەمان خواست و داوا کە لەسەر

شەقامەکان بەرزی دەکەینەوە. ئەمە پۆینتێکە و گرینگە بەتایبەت ئەگەر بیرمان لای ئاسۆی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە بێت، هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد. لە هەمانکاتدا ڕێگا و شیوازێکە بۆ پارچەپارچەکردنی هێزە میلیشاییەکانی بورژوایی، توانایی ئەوان کەم دەکاتەوە بۆ سەرکوتکردنی و لەبەرانبەردا، هێزو توانای ناڕەزایەتیەکان بەرز دەکاتەوە.

لە دڵی ئەم هەلومەرجەدا وە لەسایەی ئاستێک لە توانا وئیمکاناتی کۆمۆنیستەکاندا، وە لە چوارچێوەی لاوازی کۆمۆنیزم لە ئاستی کۆمەلایەتی و کاڵچەری کۆمەلایەتیدا، دەکرێت دەست بۆ هەندێک کار و پراتیکی دەست بەجێ ببرێت. لە ڕوانگەی منەوە ڕێکخراو بوونی هەڵقەیی لە ٣ کەسیەوە بگرە تا دەگاتە تۆڕی فراوانی هوشیار کردنەوە و ڕێکخستن بەتایبەت لە نێو لاواندا مەسەلەیەکی هێجگار گرینگە. بەبێ بوونی پراتیکی لەم چەشنە پێم وایە کارێک بە قازانجی کۆمۆنیزم و کرێکار مەیسەر نابێت.

مەبەست لە هەڵقەی هوشیار کردنەوە ئەو هەلقانەیە کە لەگەڕەک یا زانکۆ یا کارگە و پەیمانگا یان بازاڕ... لە نێوان ٣ کەس یان زیاتردا پێک دێت کە لەوانەیە سەرەتاکەی تەنها پەیوەندی کۆمەلایەتی و هوشیاریەکی سەرەتایی بێت بۆ ڕێکخراوبون. بە بێ بوونی سەدان هەڵقەی لەو چەشنە، ناتوانین باس لە کۆبونەوە گشتیەکان بکەین لە گەڕەکەکاندا. لە پەیمانگا و زانکۆکاندا. چونکە ڕۆشنە کە کۆبونەوەی گشتی لە گەڕەک و لە شوێنی خوێندن و یان بازاڕدا، بە بانگەواز ناکرێت وە نایەتەدی ئەگەر هێزێک لە خوارەوە نەیجوڵێنیت. ئەو هێزە ئەو " هەڵقانە" ن کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت و فراوان ببنەوە. من هەنگاوی یەکەم هێجگار سەخت دەبینم . کاری لەم چەشنە کاری بە حەوسەڵە و ڕۆتینی کۆمۆنیستی یە کە بەڕاستی و بە داخەوە لەگەڵی ئاشنا نین.

بۆ پێکهێنانی ئەم هەڵقانە دەبێت کۆمۆنیستەکان لە پێشەوە بن و ببنە ناوکۆکەی ئەم هەڵقانە و تۆڕە فراوانەکانی. بەتایبەت هەوڵ بدرێت کە لە سەرەتاوە کەسانی پێشرە و لەم هەڵقانەدا بەشداربن. هەروەها کارێکی دیکە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت ناڕەزایەتیەکان سنوری شەقام و مەیدانەکان ببرێت، بچێتە نێو بازاڕ، نێو گەڕەک وە بەتایبەت لە سەرەتاوە بچێتە نێو پەیمانگا و زانکۆکان، وە هەروەها لەسەر پایەی هێز هاوسەنگی و ئاستی یەکگرتوویی کرێکارانی نەوت، بچێتە نێو کارگەکانی نەوت، بەڵام ئەم کارە بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی وردی پێویستە بە هاوکاری ڕابەرانی نەوت خۆیان. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە لەهەر کوێ بواری ئەوە هەیە ڕێکخراوێک پێک بهێنن، ڕاستەوخۆ دەست پێبکەین، هیچ سەرەتا و

لێکدانەوەیەکی ناوێت لە هەلومەرجی ئاوادا... بێکاران، یان دەرچوانی زانکۆ بۆ دامەزراندن، یان دەستفرۆشانی فلانە بازاڕ و شەقام... کۆمۆنیستەکان دیسان ئەرکیانە کە دروشم وە خواستەکان یەکبخەن لە ئاستی شار وە گەڕەکەکاندا. دوایین پۆینت ئەوەیە کە دەبێت هەر لەسەرەتاوە هاوئاهەنگی بکرێت لە نێوان ناڕەزایەتیە جیاوازەکاندا چ لە ئاستی یەک شاردا، یان چەند شارێکدا، لە ڕێگای ڕابەرانیەوە. لەسایەی سیاسەتێکی وادا کۆمۆنیزم دەتوانێت ببێت بە هێز و حسابی لەسەر بکرێت، یان لایەنی کەم زەمینەی ماددی و مەلموسی بۆ بڕەخسێت.



عوسمانی حاجی مارف



خەسرەو سایە



موحسین کەریم

# تەوەرێک دەربارەی ڕۆڵی مەنسور حیکمەت و خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ڕونگردنەوەیەک بۆ خوێنەران:

ئەمەی بەردەستان سیمینارێکە کە دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ هەریەک لە هاوڕێیان خەسرەو سایە، عوسمانی حاجی مارف و موحسین کەریمدا سازی داوە. سیمینارەکە سەبارەت بە ڕۆڵی مەنسور حکمەت و خەتی سیاسی ئەوە. هەڵبەتە ئەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم مەسەلەیە زۆر لەوە فراوانترە کە بە سیمینارێک یان هەتا چەند سیمینارێک بپۆشرێ بەڵام ئەمە هەوڵێکە تاکو هێڵە سیاسیەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و پراتیکی مەنسور حکمەت و جیاوازیەک کە ئەو هەیبوو بناسێنێ و لە چەند گۆشەیەکەوە تیشکی بخاتەسەر. بەڵام ئێمە ئەم تەوەرە بە دوو سیمینار پێشکەش ئەکەین. بەشی یەکەم، واتە ئەم سیمینارە، زۆرتر ناساندن و

## تەوەرێک دەربارەی

خستنەپێشچاوی مەنسور حیکمەت و خەت و باوەڕەکانی ئەبێ و ئەوەی دووەمیشیان، بۆ ژمارەی داهاتوو، سەبارەت بە چارەنووسی خەت و باوەڕەکانی و جوڵانەوەکەی و ئاستەنگیەکانی بەردەم ئەم تەجروبەیە پێداگری ئەکەین هاوکاتیش دێینە سەر ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەو بوونەتەوە، یاخود کەموکوڕی و ئەو لاوازیانەی کە ئەم جوڵانەوەیە ئەکرێ هەیبێ. بە تایبەتی کە لە دوای مەرگی ئەوەوە پەرشوبڵاوی لە جوڵانەوەکەی ئەودا بۆتە دەردێکی کوشندە و تەنانەت هەندێک ئێستا خۆیان لە خەت و سیاسەتەکانی ئەو بە دوور ئەگرن.

ئامانج لەم سیمینارانە تەنها ئەوە نییە کە ئێمە مەنسور حیکمەت بناسێنین و پێشکەشی بکەین. بگرە زۆرتر فۆکەس لەسەر ئەوەیە کە لە کاتێکدا کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ڤێرژنێکی نوێی گەڕانەوە بۆ کۆمۆنیزمی مارکس ئەبێ تا ئەو ئاستە بناسێنرێ کە جیاوازیەکانی ئەم هێڵە سیاسیە لەگەڵ مۆدێلەکانی تری بە ناوی کۆمۆنیزمەوە دەربخرێ. هاوکاتیش پێداگری لەسەر ئەم هێڵە سیاسیە و گرنگی بۆ جووڵانەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا وەڵامێکە بۆ هەموو ئەو هێرشانەی کراونەتە سەر کۆمۆنیزمی کرێکاری چ لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ساڵانی پێشووەوە تا ئێستا و چ لەلایەن ترێندێک کە خۆ بە چەپ و کۆمۆنیست ئەزانێ. خستەڕووی کاراکتەری مەنسور حیکمەت و میتۆد و پراتیکی ئەو لە ڕێڕەوی بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستیدا مەسەلەیەکی گرنگە تاکو کرێکارانی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و چەپ بە چاوێکی کراوە و هوشیارانەوە تێی بڕوانن و لە دەوری ئارگیومێنتی سیاسی و هەتا فیکری بەڕێبخەن. مەنسور حیکمەت و ئایدیەکانی، سیاسەت و پراتیکەکانی ئەبێ لەبەردەستی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و سۆشیالیستدا بێ تاکو بە هوشیارانە یان هەڵیبژێرن و ببنە هەڵسوڕاوی مەیدانی ئەم جوڵانەوەیە، یان لەگەڵی نەبن و ڕەخنەی لێ بگرن.

### جەمال موحسین:

با سەرەتا لەوێوە دەست پێ بکەین کە بۆ ئەم نەوەیە لە کۆمۆنیستەکان کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە باسەکانی مەنسور حکمەت و دواتر کۆمۆنیزمی کرێکاری ئاشنا بوون، کاریگەریەکانی ئەو لەسەر بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستان و عێراق و ڕۆڵێک کە ئەو بینی بە شێوەیەکی بەرچاو دیارە. بەڵام ئەوەی کە مەسەلەی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

سەرەکی بوو ئەوە بوو کە مەنسور حکمەت لە باسەکانی دەورانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە تا کۆمۆنیزمی کرێکاری تایبەتمەندێتیەکی دابوو بەو کە جیاواز بوو بەو مانایەی کە لێکدانەوەو شیکاریەکی کە ئەو بۆ دنیا و دۆخی جیهانی و جێگەوڕێگەی کۆمۆنیزم و تێگەیشتن و لێکدانەوەی هۆکاری سەرنەکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەیکرد تا باسکردن لەسەر مەسەلەی ڕێکخستنی سیاسی و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و مۆدێلێکی تر لە تەحەزوب و سیاسەتکردن کە ئەو نوێنەرایەتی ئەکرد، کە ئەکرێ ئەمانەهەموو گۆشەی جیاجیا بن ئێمە بێینە سەریان. بەڵام بۆ ئەوەی بچینە باسەکەوە با لەوێوە دەست پێبکەین کە ئەمەوێ سەرنجی هەریەکەتان لەسەر ڕۆڵی مەنسور حکمەت بۆ بە دەستەوەدانی لێکدانەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیستی لە دنیا و ڕووداوەکانی و تێگەیشتن و ئاوڕدانەوە لە پێشوو، باسەکانی لەسەر دیموکراتی و شۆڕش... وە دواتر دێینەسەر تەحەزوبی کۆمۆنیستی و مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکار و گێڕانەوەی مارکس بۆ جووڵانەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار. سەرەتا لە هاوڕێ موحسین کەریمەوە دەست پێئەکەین. فەرموو.

### موحسین کەریم:

لە ڕاستیدا من مەنسور حیکمەت وەکو دیاردەیەک کە لە ناو کۆمۆنیزمی ئەم ناوچەیەدا سەر هەڵئەدا، سەیر ئەکەم. ئەم کەسێتیە لە شوێنێکەوە دەست پێئەکات و چەند وێستگەیەک لە ژیانی ئەودا هەیە. لە شۆڕشی ئێرانەوە دەست پێئەکات کاتێک دێتە ناو پرۆسەی سیاسی و کێشمەکێشە سیاسیەکان و فەزای سیاسی ئێرانەوە. لە ماوەیەکی کورتی دیاریکراودا ئەبێ بە دیاردەیەک و دەتوانێ دەور و نەخشێکی گەورەی هەبێت لەسەر ئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە ئێران و دواتریش لە عێراقدا. بە ڕای من ئەبێ مەنسور حکمەت وەک ئەم دیاردەیە بناسێنین.

مەنسور حیکمەت سەرەتا لە شۆڕشی ئێرانەوە وەکو کەسایەتیەکی سیاسی کۆمۆنیست دەرئەکەوێت و لێرەوە هەنگاوەکانی یەکەمی دەست پێدەکات. سەرەتا دەست دەبات بۆ دروستکردنی گروپی سیاسی بەناوی (سەهەند). دوای ئەویش یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (اتحاد مبارزان کمونیست) دروست ئەکات، کە لە جەرگەی هەلومەرجی

## تەوەرێک دەربارەی

شۆڕشی ئێرانەوە سەر هەڵدەدات. مەنسور حکمەت هەوڵ ئەدات وەک کەسایەتیەکی سیاسی لە ڕوانگەی مارکسیزمی هاوچەرخەوە دەخاڵەت بکات لەو شۆڕشەدا، بە حوکمی ئەوەی کە لە هەناوی کۆمۆنیزمی ئێراندا سەریهەڵنەداوە و بەهۆی ئەوەی لەدەرەوەی ئێران بووە. ئەمە هەلێک ئەبێ بۆی تاکو لە دەستی یەکەمەوە، دەستی بە مارکسیزم ڕابگات و هەم دووریش بێ لەو چەپەی ئێران، کە چەپێکی ماوی و جیهان سێیەمی و تێکەڵوپێکەڵێکی سەیرو سەمەرە بوو. ئەم دەستڕاگەیشتنەی بە مارکس و مارکسیزم، فرسەتی ئەوەی پێداوە کە تەنانەت لە مەسەلەی ڕێکخستن و دروستکردنی گروپی سیاسی کۆمۆنیستیدا بە شێوەیەکی تر بیربکاتەوە و جیاواز بێ لەو دیاردەیەی کە لە ئێراندا هەبوو یان ئەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم کە هەبوو. هەتا ئەگەر ئەمە لە شکڵە سەرەتاییەکەشیدا بووبێ، مەنسور حکمەت شێوازێکی جیاواز لە کاری ڕێکخستن و پراتیکی سیاسی و حزبی نوێنەرایەتی دەکات. ئەو هەوڵ ئەدات لە شۆڕشی ئێراندا شتێکی دیکە بڵێت.

لە نوسراوی''شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا''دا ئەیەوێت باس لە ڕۆڵی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ئێراندا بکات وەکو ڕەوتێکی تازە، ڕەوتێکی مارکسیست و کۆمۆنیست قسەکانی خۆی بکات. هەڵبەتە لە ڕەوتی شۆڕشدا مەنسوری حکمەت روبەرووی ئەوە دەبێتەوە کە بارودۆخی بزووتنەوەی چەپ و بزووتنەوەی چینی کرێکاری لە چ ئاستێکدایە. بەتایبەتی ئەو ڕەوتەی کە لە ئێراندا لە ناو کرێکاران و جەماوەردا بەناوی کۆمۆنیزمەوە ڕۆڵی هەبووە، لە شێوەی جیاجیادا خۆی دەرخستووە. بۆ نمونە لە ترۆتسکیستەوە تێیدا بووە تا ماوی و ئەوەی پێی ئەووترا خەتی جیهان سێیەمی. ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک مەیل بوون لە چەپی ئێراندا کە مەنسور حیکمەت ئەکەوێتە بەرامبەر ئەمانەشەوە. گەر دیقەت بدەین لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ١٩٧٩ دا سەرباری ئەوەی کە ئەیەوێ دەورونەخشی هەبێ لە مەسەلەکانی شۆڕشدا، بەڵام هاوکات ڕووبەڕووی هەندێ مەسەلەی تریش دەبێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودی بزووتنەوەی چەپی ئێرانەوە هەیە. بۆ نمونە کاتێک باسی (ئەفسانەی بۆرژوازی میللی و پێشکەوتنخواز) وەکو باسێکی تیۆریکی سیاسی ئابوری ئەنووسێت، لەم نوسینەدا دەیەوێ وەڵام بە ڕێگریە بنەڕەتیە فیکری و بنەماییەکانی بەردەم کۆمۆنیزم لە ئێراندا بداتەوە، کە بێگومان ئەمە تەنها کێشەی بزووتنەوەی چەپ و

کۆمۆنیستی ئێران نەبوو، بەڵکو کێشەیەکی بنەڕەتی تیۆری و فکری بزووتنەوەی چەپ بوو لە ناوچەکەو ئەوەی بە کۆمۆنیزمی جیهانی سێیەمی دەناسرا!

ئەو جۆرە لە کۆمۆنیزم بەشێک لە بۆرژوازی لە وولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری بە نیشتمانپەروەر دیموکرات و پێشکەوتنخواز ناودەبرد. لەئاکامی ئەمجۆرە تێڕوانینەدا ڕەخنەی چینی کرێکاری لە بۆرژوازی کول ئەکرد و چینی کرێکاری ئەکرد بە ڕەشە لەشکری بۆرژوازی خۆماڵی، کە لە بنەڕەتدا ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و خەبات و شۆڕشی کرێکاریەوە نەبوو. مەنسور حیکمەت دێت ئەو باسە ئەنووسێت، بەڵام بە داخەوە نەیتوانی هەموو بەشەکانی تەواو بکات و تەنها دوو بەشی لێ ئەنووسێ. لەوێدا بەڕای من بۆچوونێکی مارکسیستی سەبارەت بە سەرمایەداری لە جیهانی سێدا، ئەوەی ئەو پێی ئەڵێ سەرمایەداری وابەستە، جێگەوڕێگەی ئەم سەرمایەداریە لەناو سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا چییە، جێگەوڕێگەی لە بازاڕی جیهانیی سەرمایە و کاردا چییە، ئەوانە زۆر بە ووردی و زانستیانە، کە تایبەتمەندی میسدۆلۆژی مارکسیزمە، لێک دەداتەوە. لەسەر ئەو بنەمایەشەوە جێگەوڕێگەی کۆمۆنیزم و کرێکار وەکو هێز و بزووتنەوەیەکی سەربەخۆو دژی سەرمایەداری دەخاتەڕوو کە شۆڕش وەکو پراتیکی سیاسی ئەم چینە بۆ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا و دامەزاندنی دەسەڵاتی چینی کرێکار شیدەکاتەوە و لە تەپوتۆزی بۆچوون و لێکدانەوە غەیرەکرێکاری و خەڵکی و پۆپۆلیستیەکان دەریدەکێشێ!

بێگومان لەناو ئەم هەلومەرجەدا کە باسم کرد، لەناو هەلومەرجی شۆڕشی ئێراندا، لەناو وەڵامدانەوە بە گرێ و کێشە و گرفتە فیکریەکانی بەردەم کۆمۆنیزمدا، هاوکات هەمیشە بەشێک لە کێشەکانی ئەوە بوو کە چۆن لە ڕوانگەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمێکی دەخالەتگەر و کرێکاری و رادیکاڵ، وەڵام بە ڕێگریەکانی بەردەم شۆڕش بداتەوە. بۆ نمونە یەکێک لە باسەکانی لەهەمان دەوراندا وتاری "دورنمای فەلاکەت و هەڵسانەوەی سەرلەنوێی شۆڕش" دەنوسێت. لەم باسەدا بنەما ئابوریەکانی شۆڕشی ئێران لێکدەداتەوە، کە بوونەهۆی روخانی رژێمی شا و باسی ئەوە ئەکات کە لەبەرئەوەی ئەو گرفتانە وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە و هەژاری و بێکاری، وەکو خۆیان ماونەتەوە، ئەگەری هەستانەوەی شۆڕش لەئارادایە، کە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی جۆرێک لە هێوربوونەوە

روویدابوو. هەر لە درێژەی ئەم لێکدانەوەیدا باسی قەیرانی سەرمایەداری لە ئێران و بەردەوامبوونی دەکات تەنانەت لە دەورانی بەدەسەڵات گەیشتنی رژێمی کۆماری ئیسلامیشدا! مەنسور حکمەت "تیۆری مارکسیستی قەیران" دەنوسێت و لێکدانەوەیەکی مارکسیستی بۆ قەیرانی سەرمایەداری ئێران دەخاتەڕوو، وەکو بەشێک لە سەرمایەداری وابەستە کە لەژێر کارکردوکاریگەری سەرمایەداری ئیمپریالیستی و مۆنۆپۆلیدایە و یاساکانی ئەوان بەسەریدا زاڵە.

لەچوارچێوەی هەمان مێسۆددا بۆ لێکدانەوەی سەرمایەداری ئێران، باسی جێگەورێگەی حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکات لەناو سیستمی سەرمایەداری ئێران و زەرورەتی ئەم ئەمجۆرە لە حکومەت لە باری سیاسیەوە بۆ بۆرژوازیەک دەخاتەڕوو کە لە ئاکامی شۆڕشی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانەوە گورزی بەرکەوتوە. بە بڕوای من لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەهێنێتە پێشەوە، کە بەجۆرێک گەشەکردن و تەواوکردنی (باسی دەوڵەت و شۆڕشی لینین)ە، ئەویش باسی (دەوڵەت لە دەورانی شۆڕشگێڕانە)دایە. مەنسور حکمەت لەم نوسراوەدا باسی جێگەورێگەی سیاسی دەوڵەتی بۆرژوازی دەکات لە سەردەمی شۆڕشدا، بەوەش تێگەیشتنێکی مارکسیستیانە بۆ خودی مەقولەی دەوڵەت و بەتایبەتیش جێگەورێگەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەناو سیستمی سەرمایەداری ئێراندا دەخاتەڕوو، کە ئەو سەردەمە سەرگێژی لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێراندا دروست کردبوو. بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران نەیاندەتوانی پایەی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەکو نوێنەری سیاسی بۆرژوازی تێبگەن، پێیانوابوو حکومەتی ئیسلامی ئێران بە حوکمی ئایدیۆلۆژیا و نەریتی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی لەناو وردەبۆرژوازی و بەشە دواکەوتوەکانی کۆمەڵگادا، نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی ناکات! ئەوان پێیانوابوو کە ڕەوتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی کە بەجۆرێک پاشماوەکانی دنیای کۆن و دەرەبەگایەتی چ لە ڕووی سیاسەت و فیکر و هەتا چ لە ڕووی ئابوریەوە نوێنەرایەتی ئەکەن، هیچ پەیوەندیەکی بە دنیای سەرمایەداری و کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری پێشکەوتووی وەک ئێرانەوە نییە! بەپێچەوانەی ئەو ڕەوتە باوەی چەپەوە، باس لە جێگەورێگەی سیاسی ئەم دەوڵەتە لە سیستمی سەرمایەداری ئێراندا ئەکات. ئەو حکومەتی ئیسلامی وەکو حکومەتێک کە لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا خەریکە پێداویستیەکانی

جێگیریی سیاسی و سەرکوتی شۆڕش بۆ بۆرژوازی دابین بکات و خەریکە جارێکی دیکە هەلومەرجی گەڕانەوەی وەبەرهێنانی سەرمایە و چەوسانەوەی چینی کرێکار لە ئێراندا فەرهەم بکاتەوە، تەماشا دەکرد و مامەڵەی دەکرد!

دوای ئەمە قۆناغێکی تر لە مێژوو و خەباتی سیاسی مەنسور حیکمەتدا دەست پێدەکات، ئەویش مەسەلەی زەرورەتی دروستکردنی حزبە. ئەو لەناو شۆڕشەوە، لەناو کەموکوڕیەکانی خودی شۆڕش و چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیەوە ئەگات بەوەی کە کۆمۆنیزم ئەبێ ڕێکخراو و موتەحەزب بێت، ڕێکخراوێکی یەکگرتووی هەبێت، سیاسەتی هەبێت و بتوانێ دەور و نەخشی لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە و شۆڕش و لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگادا بە قازانجی چینی کرێکار هەبێت. ئەوەبوو حزبی کۆمۆنیستی ئێران، چ وەکو هەنگاوێکی سیاسی بە ئاقاری ڕێکخستنی سیاسی چینی کرێکار و چ لە وەڵامدانەوە بە مەسەلەکانی شۆڕش و وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی ڕۆڵی چینی کرێکار لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە و لەناو کۆمەڵگادا، پێکدێت. مەنسوری حکمەت لەوە گەیشتبوو کە لە سەردەمی شۆڕشدا، لاوازی کۆمۆنیزم و نەبوونی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاری، گورزێکی کوشندە بوو کە بەر شۆڕشی ئێران کەوتبوو. ئەو هۆکارەی وایکرد کە شۆڕشێک کە کرێکار و زەحمەتکێش بە قامەتی خۆیەوە هاتە ناویەوە، نەتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و چینی کرێکار حزبی سیاسی خۆی نەبوو. ئەو لەوکاتەدا دەست ئەبات بۆ دروستکردنی حزبی سیاسی چینی کرێکار. هەڵبەت لەم پرۆسەیەدا چەند مەسەلەی جۆراوجۆر دێتە ئاراوە: وەڵامدانەوە بە مەسائیلی سیاسی و فیکری خودی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و تەنانەت بە مەسائیلی پراتیک و شێوەکار و مەسەلەی ڕێکخستن و هتد. ئەو بە چەند باسێک هاتۆتە سەر ئەم مەسەلانە چ لە رەخنەکانی لە (وەحدەتی کۆمۆنیستی)، لە پۆپۆلیزم، لە شێوەکاری پۆپۆلیستی و شێوەکاری ناکرێکاری و شتی تر. ئەمانە هەمووی لە سەردەمی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دێنە دەرەوە. مەسەلەی شوراکان و ڕێکخستنی کرێکاری و شێوە جیاجیاکانی ڕێکخستن بۆ کۆمەڵگای ئێران.. ئەمانە هەمووی باس ئەکات بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن حزبی کۆمۆنیست بتوانێ دەور و نەخشی لە یەکخستنی چینی کرێکاردا بەرجەستە بکاتەوە و ئەم حزبە چۆن ببێ بە حزبی کرێکاری.

## تەوەرێک دەربارەی

هەڵبەتە ئەم سەردەمە ئەتوانین بڵێین کە هاوکات لەباری فیکری و سیاسیەوە بۆ مەنسور حیکمەت گەڕانەوەش بوو بۆ مارکسیزمی ڕەسەن. لەم ڕەوت و جوڵانەوەیەشدا نوێنەرایەتی فیکری و سیاسی ڕەوتی گەڕانەوە بۆ مارکسیزم بوو، ئەوەی کە بە مارکسیزمی شۆڕگێڕ ئەناسرا. ئەتوانم بڵێم بەرجەستەبوونی حزبی کۆمۆنیست لەباری ڕێکخراوەییەوە بەرجەستەبوونی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو، بەرجەستەبوونی ئەم جۆرە لە ڕەخنەگری بوو لە ڕەوتەکانی پێش خۆی و جەختکردنەوە بوو لەسەر چوونەوەی کۆمۆنیزم بۆ ناو چینی کرێکار، لەکاتێکدا بەهۆی شکستی ئەزمونی سۆڤیەتەوە، بۆماوەی دەیان ساڵ، دابڕانێک لە نێوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار دروست بووبووە، مەسەلەی گەڕانەوەی کۆمۆنیزم بۆسەر پایەی کۆمەڵایەتی خۆی، واتە چینی کرێکار، مەسەلەی جەوهەری و پێناسەیی بوو بۆ کۆمۆنیزم. مەنسوری حکمەت، چەپ و کۆمۆنیزمی ئەو سەردەمەی ئێران بە چەپ و کۆمۆنیزمی ناکرێکاری ناودەبات کە پایەی کۆمەڵایەتی خۆی لەناو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگادا داڕشتبوو، چالاکوان و هەڵسوڕاوەکانی لە بنەڕەتدا لەوان بوون. تەتانەت کرێکاریش وەکو ئەفراد، نەک وەکو چین، بەوشێوازەی لەگەڵ خاسیەتی کۆمەڵایەتی توێژە ناکرێکاریەکاندا بێتەوە، ڕێکدەخران! شێوازێکی ڕێکخستن و کاری سیاسی و جەماوەری کە زۆرتر گونجاو بوو لەگەڵ شێوازی چریکی، پۆپۆلیستی و شێوازی ڕێکخستنی ناکرێکاری. مەنسور حکمەت لەگەڵ ڕەخنەیەکی فیکری و سیاسدا، هاوکات ڕەخنەی نەریت و شێوەکاری ئەم جۆرە ڕەوتانەی کرد و پێداگریی لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەسڵی مارکسیزم کرد لەباری فیکری و تیۆری و لەباری ڕێکخستن و پراتیکەوە. پێداگری بۆکارکردن و پراتیکی کۆمۆنیستی لەناو خودی چینی کریکاردا کرد! مەنسوری حکمەت لەم قۆناغەدا دەویست حزبی کۆمۆنیست بکاتە ئامرازێکی ڕێکخستنی سیاسی دەستی چینی کرێکارتا بتوانێ لەڕێگای ئەم ئامرازە سیاسیەوە چینی کرێکار بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی سۆشیالیستی خۆی ئامادەبکات و دەوری پێشڕەوی کۆمەڵگا ببینێ لەرێگای دەخالەتی سیاسی ئەو حزبەوە لە پرس و مەسەلە سیاسیەکانی کۆمەڵگاو وەڵامدانەوە پێیان.

بێگومان لەم سەردەمەدا مەسائیلی سیاسی و فکری جۆراوجۆر لەئاستی جیهاندا هاتۆتە پێشەوە، بەتایبەتی مەسەلەی ڕوخانی سۆڤیەت کە پرۆسەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە دەست

پێئەکات و کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خودی بیروباوەڕی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی لەئاستی دنیادا. لەپاڵ کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە لەسەر خودی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و سەرهەڵدانی کیشەکانی ناوخۆی ئەو حزبە، کە مەنسوری حکومەت هەوڵیداوە وەلامیان پێبداتەوە. مەنسوری حکمەت دەست بۆ نوسینی بابەتەکانی (جیاوازیەکانی ئێمە□) و دواتریش (کۆمۆنیزم و جیهانی ئەمڕۆ) دەبات و وەلام بە گرێ فکری و تیۆریەکانی کۆمۆنیزم دەداتەوە. یانی هاوکات لەگەڵ وەلامدانەوە بە گرێوگۆلەکان و کێشەکانی بەردەم کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی ئێراندا، وەلامدانەوەش بە هەمان مەسەلە لەسەر ئاستی دنیا یەکێک بوە لە سەرقاڵیەکانی مەنسوری حکمەت وەکو کۆمۆنیستێکی هوشیار و دەخالەتگەر و ئینتەرناسیۆنالیست. بۆ نمونە باسی (ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت) یەکێکە لەو باسە فیکری و تیۆریانەی ئەو کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەم ئەزمونەی چینی کرێکار لە دنیادا کە هەموو ڤێرژنەکانی تر لە کۆمۆنیزم بە تروتسکیزمیشەوە نەیانتوانیوە ئەو ڕەخنە کۆمەلایەتیە کە مەنسور حیکمەت ئەیدات بەدەستەوە لەو ئەزمونە، بیخەنە بەردەست. سەرجەم ڕەوتەکانی دیکەی کۆمۆنیزم و بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە ڕەوتی ترۆتسکیزمن، زۆرتر لەسەر ئاستی سەرخانی سیاسی و ئایدۆلۆژیا و فیکر ڕەخنەیان لە ئەزمونی یەکێتی سۆڤیەت هەبووە. ڕەخنەیان لە تەشەنەکردنی بیروکراتیزم لەناو بەدەنەی سەرکرادیەتی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بووە، ڕەخنەیان لە لاوازی و نەبوونی دیموکراسی لەناوخۆی حزبدا هەبوە، وەکو ئەوەی کێشەی ئەم ئەزمونەی چینی کرێکار نەبوون یان کەمی دیموکراسی بوبێت، نەک ئەوەی کە ڕەخنەکە ببەنە خوارەوە بۆ ئاستی ڕەخنەی بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان و کێشە و کەموکوڕیەکانی خودی بەلشەڤیزم وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی کە نەیتوانیوە وەلام بە پێداویستیەکانی هەنگاونان بەرەو کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم بداتەوە، بەتایبەتی لە دەروانی کێشمەکێشەکانی ناو خودی خودی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٤ ەوە هەتا ١٩٢٨ لەسەر مەسەلەی گواستنەوەی ئابوری بۆ سۆشیالیزم. کە لەئەکامی نەبوونی وەلامی کۆمۆنیزم بۆ ئەم گواستنەوەیە، بزووتنەوەیەکی دیکەی سیاسی کۆمەلایەتی، کە ناسیۆنالیزمی روسیە،

## تەوەرێک دەربارەی

لەناو خودی حزبەوەو بەناوی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاریەوە، لە چوارچێوەی سەرمایەداری دەوڵەتیدا، وەڵام بە گەشەی سەرمایەداریانەی روسیا دەداتەوە!

بەهەرحاڵ ئەمانە کۆمەڵێک مەسائیلی جۆراوجۆرن کە مەنسوری حکمەت هەوڵی داوە وەڵامیان پێ بداتەوە. تەنانەت مەسەلەی شکستی خودی بلۆکی رۆژهەلات و دەوڵەتی سۆڤیەت، جێگەوڕێگەی کۆمۆنیزمی هاوچەرخ و ئەو پرس و مەسەلانەی کەلەبەردەم ئەو بزووتنەوەیەدا قەراری گرتوە، کێشەکانی، مەسەلە فیکری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزم کامانەن، ئەو هەوڵ ئەدات وەڵامیان پێ بداتەوە. بۆنمونە باسی (دیموکراسی؛ دەربڕین و ڕاستیەکان) باسێکە کە بە بڕوای من ئەیەوێت ڕەخنەی کۆمۆنیزم لە ڕەوتە سەرەکیەکانی بۆرژوازی؛ بەتایبەتی دیموکراسی، بخاتەڕوو کە بەدوای روخانی بلۆکی رۆژهەلاتدا، وەکو رەوتی سەرکەوتوی بۆرژوازی بەرامبەر بە کۆمۆنیزم وێنا دەکرا و حزبە بەناو کۆمۆنیستەکان یەک دوای یەک یان ناوەکانیان دەگۆڕی بۆ دیموکراسی، یان پاشگری دیموکراسیان بەخۆیانەوە دەلکاند. دەیویست چەکێکی فکری و تیۆری بداتە دەستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر بە بۆرژوازی و هێرشی پێچەوانە بۆسەر بۆرژوازی و رەوت و بزووتنەوەکانی دەست پێبکرێتەوە. بە واتایەکی تر هەوڵی بۆ ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم بەرێتەوە ناو کێشمەکێش و جەدەلە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر بنەمای فیکر و تیۆر و پراتیک و شێوازی هەڵسوڕان و هەتا تەحەزوبی کۆمۆنیستیەوە.

مەسەلەیەکی تری کە جێی ئاماژەیە و بەبڕوای من لەگەڵ ئەو باسانەی سەرەوەدا کە ئاماژەم پێکردن، دەوریان هەبوو لە پاکژبوونەوەی فیکری سیاسی کۆمۆنیزم لە ئێران و ناوچەکەشدا، مەسەلەی شەڕی کەنداوە لە ساڵی ١٩٩١ دا. باسەکانی مەنسور حیکمەت سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا لە کەنداو، نەک تەنها لەسەر کۆمۆنیزمی ئێران، بگرە کۆمۆنیزمی لە عێراقیش خستەژێر کاریگەری خۆیەوە. هەڵبەت باسی ئەو سەردەمە ناکەم کە کۆمۆنیزمی ئێران، لەسەردەمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا لە هەشتاکاندا، کاریگەری لەسەر کۆمۆنیزمی عێراق دانابوو، وە لەژێر ئە وکاریگەریەدا چەند گروپ و ڕەوتی فکری و سیاسی چەپ و کۆمۆنیست درووست بوو بوون. هەروەها دوای سەرهەڵدانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و جیابوونەوەی خەتێک لەناو حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لە دوای باسەکانی(جیاوازیەکانی ئێمە) لە ساڵەکانی ٨٨ و ٨٩دا دوبارە کۆمۆنیزم لە عێراقدا

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

کەوتەژێر کاریگەری ئەم رەوتە تازەیەو گروپ و رێکخاروە چەپەکانی عێراق خۆیان سەر بەم رەوتە فکریە دەناساند، بەڵام باسەکانی سەبارەت بە شەڕی کەنداو لە ساڵی ٩١ دا بە بڕوای من، وەرچەرخانێکی پێکهێنا بۆ کۆمۆنیزم لە عێراقدا و ئەمە کاریگەری لەسەر کۆمۆنیزم لە عێراقیشدا دانا. خودی ئەو باسەی لەسەر شەڕی کەنداو کاریگەری جدی هەبوو لەسەر هەمووومان، کە بەشێکین لەم مێژووە و شاهیدی ئەوەین کە ئەو باسە چ ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی لە بونیادی فیکری ئێمەدا دروست کرد.
لێکدانەوەیەک کە ئەو بۆ بارودۆخی دنیای ئەو کات و کێشمەکێشی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان و جێگەوڕێگەی کۆمۆنیزم و وەڵامدانەوەی ئەو بزووتنەوەیە بە مەسەلەکانی دنیا هەیبوو، ئەمانە نیشانە جیاکەرەوەکانی کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەر، کۆمۆنیزمێکی ڕۆشن کە پشتی بە مارکسیزم و شیکاری مادی و مارکسیستی بەستووە، توانی ڕووداوە جیهانیەکان بە شێوەیەکی مارکسیستی لێکبداتەوە و بەمجۆرە چەکێک بداتە دەست چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان لە عێراق و ئێراندا بۆ تێگەیشتن و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەو روداوە سیاسیە، کە هێشتا کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە و دنیاش بەشێوەیەک لە شێوەکان ماوەتەوە و ئەزمونی ژیانی ملیۆنەها ئینسان لە عێراق و ناوچەکە راستی لێکدانەوەکانی مەنسوری حکمەتیان سەلماند!
پاشان مەسەلە تەحەزوبی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دروستکردنی حزبی سیاسی یەکپارچە و خاوەن یەک پێگەی کۆمەڵایەتی دەبێتە ئەولەویەتی کاری مەنسور حکمەت. لە ویستگەیەکی تری ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی مەنسور حیکمەتدا، کاتێک ئەو حزبەی لە دەورانی شۆڕشی ئێران و دابینکردنی دەخالەتی سیاسی- رێکخراوەیی چینی کرێکاری ئێران لە شۆڕش و لە کۆمەڵگادا، دروستی کرد، ناتوانێ وەڵام بە مەسەلەکانی کۆمۆنیزم بداتەوە، مەنسوری حکمەت دەست بۆ شێوازێکی دیکەی تەحەزوبی کۆمۆنیزم دەبات. کاتێک ئەو کۆمۆنیزمە و تەنها دەیەوێ دەست بە کڵاوەکەی خۆیەوە بگرێ و چاوەڕێی ئەوە بکات لە ئۆردوگاکانی کۆمەڵەدا، یان تەنانەت لە کۆمەڵگای ئێراندا مەسەلەکانی خۆی یەکلابکاتەوە و ئیتر کاری بەسەر ئەوەوە نەبێ چی بەسەر کۆمۆنیزم و کرێکار لە دنیادا دێت، ئیتر مەنسوری حکمەت دەستەوەستان دانانیشێ و رێگای خۆی لەو جۆرە کۆمۆنیزمە جیادەکاتەوە. مەنسور حیکمەت بەشێوەیەکی دروست باس لە ڕۆڵ و نەخشی کۆمۆنیزم

## تەوەرێک دەربارەی

ئەکات لە ئاستی دنیادا. ئەچێتە شەڕێکەوە لەگەڵ کۆمۆنیزمێکی ناکرێکاریدا کە خەریکە وردە وردە ئاخرین سەنگەرەکانی خۆی بۆ بۆرژوازی چۆڵ ئەکات. کۆمۆنیزمێک کە لەژێر ناوی دیموکراسی و بە ناوی بەهێزکردنی کۆمۆنیزم بە دیموکراسی، لەژێر فشاری پڕوپاگەندەی دژە کۆمۆنیستی دوای شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا دەستبەرداری کۆمۆنیزم دەبوو! مەنسوری حکمەت ئاڵای کۆمۆنیزمێکی جەنگاوەری هەڵکرد کە لەجەرگەی جەنگی نەفسی بۆرژوازیدا دژ بە کۆمۆنیزم و بانگەشەی شکستی کۆمۆنیزم، قامەتی کۆمۆنیزمی ڕاست کردەوە و جارێکی تر چوەوە شەڕێکی چینایەتی لەبەرامبەر خودی ڕەوتە بنەڕەتیەکانی بۆرژوازی لە چەشنی دیموکراسی و ناسیۆنالیزم و .... ئەم کارە زەرورەتێکی ناسنامەیی بوو بۆ جیاکردنەوەی ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم، واتە کۆمۆنیزمی کرێکاری، لە سەرجەم بزووتنەوە و ڕەوت و مەیلە جۆراوجۆرەکانی ناوبراو بە کۆمۆنیزم لەدوای شکستی ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە روسیادا! هەر لێرەوە زەرورەتی جیابوونەوەی خۆی وەکو خەتێکی فیکری سیاسی و حزبی لەژێر ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بەیان کرد.

کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو خەتێکی سیاسی-فکری لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران دێتە دەرەوە و دواتریش حزبی خۆی ڕائەگەیەنێ. ئنجا وەکو حزبێک کە لەسەر پایەیەکی کۆمەڵایەتی ڕاوەستاوە، دروست بکات و خۆی لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ناسیۆنالیزم و بەجۆرێک باڵی سەنتەر پێکهاتووە، جیائەکاتەوە. لەم سەردەمەدا مەنسور حیکمەت ئەیەوێت حزبێکی سیاسی بنیات بنێ، حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری لەباری فیکری - سیاسی و ڕێکخستن و پراتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، بنیات بنێت. هەروەها ئەولەویەتی دەبێ بەوەی کەچۆن ئەم حزبە ئەگۆڕێت بۆ حزبێکی سیاسی، حزبێک کە دەخاڵەتگەرە لە مەسەلەکانی کۆمەڵگادا چ لە ئاستی ئێران و چ لە ئاستی ناوچەکە و دنیاشدا. هەوڵەکانی ئەو لەسەردەمی دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە لە ساڵی ٩١ ەوە هەتاکو کاتی مردنی، پڕۆسەی دروستکردنی حزبێکی سیاسیە، وەڵامدانەوەیە بە گرێوگۆڵەکانی بەردەم کۆمۆنیزم لە ئاستی دنیادا. ئەو باسانەی کە لەو کاتانەدا کردوویەتی، هەموو ئەو باسە گرنگانەن کە ئەیەوێ ڕێگایەکی تر بخاتە بەردەم کۆمۆنیزم و ڤێرژنێکی تر لە کۆمۆنیزم بدات بەدەستەوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری و دەخاڵەتگەر و کۆمەڵایەتیە.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەهەرحاڵ باسە سیاسی و فیکریەکانی کە لەو ماوەیەدا کردوویەتی چ لە ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم کە لە نووسراوی (میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری)دا بەرجەستەیە و چ باسی پایەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و دواتر باسەکانی (حزب و دەسەڵاتی سیاسی و حزب و کۆمەڵگا)، ئەمانە هەموویان نمونەکانی ئەو هەوڵانە بوون کە مەنسور حیکمەت داویەتی لەپێناو گۆڕینی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ حزبێکی سیاسی دەخالەتگەر لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا و وەڵام بە مەسەلە گرێییەکانی کۆمەڵگا بداتەوە. حزبێک کە بتوانێ لە کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگادا مەوجود بێ، ڕابەری کۆمەڵگا بێ، دەور و نەخشی هەبێ و دەستی بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە گیرکردبێت و بتوانێ ئالۆگۆڕی سیاسی و جدی بە قازانجی چینی کرێکار لە ئێراندا دروست بکات. ئەو لەم ڕێڕەوەدا بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دائەڕێژێ وەکو بەرنامەیەکی موتەکامیل کە دەیخاتە بەردەم کۆمۆنیزمی کرێکاری و کۆمۆنیستەکان بۆئەوەی بزانن چۆن دەخالەتگەری سیاسی بکەن و تەنانەت ئەوە بەڕوونی دەخاتە بەردەمیان کە پەیامی ئەوان و بەرنامەی ئەوان بۆ دنیا و کۆمەڵگا چییە، لە بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئەمانە پێشکەش ئەکات. ئەو لە (بەرنامەی دنیای باشتردا) جیهانبینی خۆی و کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ سەرمایەداری هاوچەرخ و ئەرکەکانی کۆمۆنیزم و دەسەڵات و دەوڵەتی کرێکاری دەخاتەڕوو.

هاوکات مەسەلەیەکی گرنگ کە مەنسوری حکمەت لەوێدا وەڵامی پێ ئەداتەوە، ئەو گرفتە سیاسی و فکریە بوو کەلەناو کۆمۆنیستەکاندا بووبوە گرێکوێرە و کەس بۆی نەدەکرایەوە، ئەویش مەسەلەی ریفۆرم و شۆڕش و پەیوەندی نێوانیانە. مەنسور حکمەت بەڕۆشنی لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا ئەم دوو مەسەلەیە روون دەکاتەوە و پەیوەندی نێوانیان دەخاتەڕوو. لەوێدا مەنسور حکمەت ئەو گرێیە دەکاتەوە کە بەشێک لە کۆمۆنیستەکان گیرۆدەی بووبوون، لەژێر ناوی ئەوەی ریفۆرمی سیاسی و ئابوری بۆ چینی کرێکار پێویستە و بەجۆرێک تەسلیمی دەسەڵاتی بۆرژوازی بووبوون. هەروەکو ئەو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینە ناکرێکاری و ئانارشیستەشی رەخنە لێگرت کە ناتوانێ و نایەوێ جێگەوڕێگەی ریفۆرم لە خەباتی چینی کرێکارو ئامادەسازی بۆ شۆڕشی کرێکاری نادیدە دەگرێت! لێرەدا مەنسور حیکمەت جێگەوڕێگەی ئیسلاحات وەکو هەنگاوێکی پەڕینەوە، وەکو

## تەوەرێک دەربارەی

هەنگاوێک بە ئاقاری ئامادەسازی چینی کرێکار لەباری فیکری و سیاسی و ڕێکخستن و لەباری زاتیەوە بۆ شۆڕش سەیردەکات. لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا ئەم مەسەلەیەی زۆر بە ڕۆشنی بەیان کردووە، واتە پەیوەندی نێوان شۆڕش و ئیسلاحات و جێگەوڕێگەی ڕیفۆرم بۆ کۆمۆنیستە کرێکاریەکان چییە، ڕۆشنی کردۆتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە دەتوانم بڵێم بە ئەندازەی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ گرنگ بوو، روداوی ١١ ی سێپتێمبەری ساڵی ٢٠٠١ بوو، کەمەنسوری حکمەت دروست بەهەمان میسۆدی مارکیستی و لینینی کە بۆ شەڕی کەنداو بەدستیەوە گرت، ئەو روداوەو روخسارەکانی جیهان لە دوای (١١) ی سێپتێمبەری پێشبینی کرد! ئەم روداوە دروست وەکو شەڕی کەنداو، سەرتاپای مەشهەدی سیاسی دنیای گۆڕی. ئەتوانم بڵێم بە ئەندازەی شەڕی یەکەمی ئەمریکا لە کەنداو، هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ناوەندی بازرگانی ئەمریکا و ئەو کاردانەوەیەی بەدوایدا هات، بە گشتی سیمای دنیای گۆڕی. مەنسوری حیکمەت، لەسەر جێگەوڕێگەی کێشمەکێشی نێوان تیرۆریستەکان؛ تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەمریکا و تیرۆریزمی ئیسلامی، لێکدانەوەی دروستی دابەدەستەوەو و جارێکی تر پلاتفۆرمی عەمەلی کۆمۆنیزم و چینی کرێکاری خستەوە بەردەم کۆمۆنیستەکان کە چۆن وەڵام بەم گرێوگۆڵە بدەنەوە کە هەموو دنیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوەو کاریگەریەکەی بەپانتایی هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە.

بەهەرحاڵ من پێموایە مەنسور حیکمەت لەسەردەمی ژیانی خۆی و هەڵسوڕانی سیاسی خۆیدا، لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەدا، بە چەند ویستگەیەکدا ڕۆیشتووە کە ئەتوانین هێڵێکی هاوبەش لەناویدا بکێشین. ئەم خەتەش ئەوەیە کە ئەم کەسایەتیە ئەیەوێت کۆمۆنیزم دەخاڵەتگەر بێ، لە سیاسەتەوە دەست پێئەکات، لە تیۆرەوە دەست پێئەکات و دەست ئەبات بۆ ڕێکخستن بۆ دەور و نەخشی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لەناو کۆمەڵگادا، وە لە دواشیکردنەوەدا ئەیەوێت کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەر بێنێتە مەیدان، کۆمۆنیزمێکی ڕۆشن لەباری سیاسی و فیکریەوە کە توانای کێشمەکێش و شەڕی هەیە لەگەڵ هێزو ڕەوتە ئەسڵیەکانی بۆرژوازیدا و ئامادەسازی فیکری و سیاسی و زەینی و ڕێکخستنی چینی کرێکار ئەکات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەگەر کۆتا قسەم لەم نۆرەیەدا بکەم ئەوەیە کە بەبڕوای من مەنسور حیکمەت ئەو دیاردەیە بوو کە لە ڕۆژی یەکەمەوە دەستی بە مارکسیزمەوە گرتووە و ئەیەوێت مارکسیزم وەکو ڕێنیشاندەری چینی کرێکار بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا بداتە دەستی چینی کرێکار. ئەیەوێ سەرئەنجام کۆمۆنیزم بکاتە کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەر و جەنگاوەرو میلیتانت کە شەڕی دەسەڵات دەکات لەگەڵ بۆرژوازیدا و هەناگو بۆئەوە دەنێ لەئێراندا چینی کرێکارو کۆمۆنزیم دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و لە ناوچەکە و جیهانیشدا بەهەمانشێوە ئەم کۆمۆنیزمە جەنگاوەرە سەر ڕاست بکاتەوە!

### جەمال موحسین:

هاوڕێ خەسرەو نۆرەی تۆیە. من لێرەدا شتێک بڵێم ئەویش ئەوەیە کە هاوڕێ موحسین بە شێوەیەکی گشتی خستنەڕوویەکی باسەکانی کرد. بۆیە ئەکرێ ئەو هاوڕێیانەی تر بە هەمان مەسەلەدا نەچنەوە و دووبارەی نەکەنەوە. وە من لێرەدا پرسیار ئەکەم تا لەسەر هەندێ مەسەلەی تر بدوێن. هاوڕێ موحسینیش باسی کرد کە لەسەرەتای دەخاڵەت و ژیانی سیاسی مەنسور حکمەتەوە تاکو مەرگی ئەوە ئەبینرێ کە نوێنەرایەتی خەتێکی جیاوازی ئەکرد چ لە ڕووی گەڕانەوەی دووبارە بۆ لێکدانەوەی مارکسیستی و تا دروستکردنی جۆری حزب و تا ئەوەی کە هەمیشە ڕازی نەبووە لە حزب، کە ئەوەش باسێکە دواتر دێینەوە سەری لەپەیوەند بە تەحەزوبی کۆمۆنیستیەوە، تا زۆر مەسەلەی تر. پێم باشە تۆش پێداگریەک لەسەر ئەو جیاوازیە بکەیت.یانی ئەو ڤێرژنە کە بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق یان عێراق و ئێران و هەتا بەشێک لە ئەفغانستانی خستە ژێر هەژمونی خۆیەوە. فەرموو.

### خەسرەو سایە:

سوپاس. ڕاستیەکەی من ئەمەوێ چوارچێوەیەک بدەین بە باسەکە تا بزانین ئەم ڕابەرە لە ڕەوتی سەرهەڵدانیەوە تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە چ کارێکی کردووە و دەسکەوتی چی بووە و چ ئیزافاتێکی بۆ مارکسیزم وجوڵانەوەی کۆمۆنیستی لەدونیای ئەمڕۆدا هەبووە.

## تەوەرێک دەربارەی

ئایا بە ڕاستی کاتێک ئەڵێین کە مەنسور حکمەت و باوەڕەکانی مارکسیزمی هاوچەرخە و تا ئێستا هیچ خەت و ڕوانگەیەک و هچ سیاسەتێک و ستراتیژ و لێکدانەوە و تیۆرێک بەدوای لێنیندا بە ئەندازەی تیۆریەکانی ئەو مارکسیست نەبووە، ڕاستمان وتوە یان ئەمە پێداهەڵدان و مەدحێکی بێ بنەمایە، بەتایبەتی لە دوای لینینەوە، تەیفێکی بەرین لە شەخسیاتی ئەکادیمی و مارکسیستی لەسەراسەری دنیادا ئەبینین؟. کەوایە ئەو چوارچێوەیە چییە؟. بەڕای من سەرەتا دەبێ ویستگە وو مەیدانە سەرەکیەکانی مێژوی خەبات و کاری سیاسی و پراتیکی مەنسورحکمەت، لە پەیوەند بەحاڵوئەحواڵی ئەوکاتە و دۆخی کۆمەڵگاوە دیاری بکەین و پاشان لەڕیگای بەدەستەوەگرتنی میتۆدی دابەشکردن و شیکاریەوە (تجزیە و التحلیل) لیکدانەوەکانمان دەستپێبکەین، ئەگەرنا ڕەنگە ئەوە وەلامدەرەوە نەبێ و نەتوانین کە ئێمە بە یەکجار وەلامی ئەو پرسیارەی کردم بدەینەوە و هەموو ئەو باباتانە بخەینەڕوو کە پەیوەستن بە ڕۆڵی مەنسورحکمەتەوە. بەواتایەکی تر من پێم وایە ئەبێ دەست بەرین بۆ لێکدانەوەی مەیدان بە مەیدان کە ئەو تیایدا دەرکەوتووە و قسەی کردووە، چ وەکو پراکتیک و چ وەکو تیۆر چ وەکو سیاسەت و ڕابەریکردن ڕۆڵی گێڕاوە. بەم مانایە ئێمە ئەتوانین لە هەر یەکێک لەو وێستگانەدا ئەو خەتە جیاوازە کۆمۆنیستیە دەرخەین کە جەمال لەبارەیەوە پرسیاردەکات. یانی ئێمە ئەگەر بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی بخەینە بەرچاو هەڵسەنگاندنەکەمان ئایدۆلۆژی ئەکاتەوە تا ئەوەی بیباتە ناو هەلومەرجێکی واقعی خۆیەوە و مەیدان بە مەیدان بەسەردەمی خۆیەوە گرێیبداتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە پێمان وابێ مەنسور حکمەت ڕەوتێکی بریوە، سەرەتایەکی هەیە و وێستگەی جۆراوجۆری هەیە و هەر یەک لەم وێستگە و برگانەش مەسائیلی تایبەت بە خۆیانی تێیدا هاتۆتە پێشەوە و لەهەر یەکەشیاندا لێکدانەوەی مارکسیستی، تیۆر و پراتیک، ڕابەریکردن و هەڵسوکەوتێکی تایبەتی و جیاواز لە سۆشیالیزمی ئەو کات و سەردەمە، نوێنەرایەتی کراوە و گەلاڵەبۆتەوە. بۆیە من پێم وایە ئەبێ بەم شێوازە قسەکانمان بکەین، لەم ڕوانگەیەوە من دەمەوێت بەخستنەڕووی چەند مەیدانێکی سەرەکی وێنای ئەو چوارچێوەیە بکێشم: یەکەم، مەیدانی میتۆد و فەلسەفەیە. مەنسور حکمەت لەم بوارەدا چی کردووە، چ جۆرە ڕوانگە و دنیابینیەکی هێناوەتە دەرەوە؟ جیاوازی چی بووە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەی کە لە ژێر ناوی مارکسیزم و لینینیزم و کۆمۆنیزمی ئەو سەردەمەدا کە ئەو تیایدا ژیاوە؟ یانی بەجۆرێک

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

کۆمۆنیزم و میتۆدی کۆمۆنیستی ئەو چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ کۆمۆنیزمی ئەو سەردەمە کە ئەو لەگەڵی ژیاوە و ڕەخنەی لێگرتووە؟ دواتریش لە مەیدانی سیاسەتدا، مەنسور حکمەت چی کردووە؟ ئەمە کۆمەڵێک مەسەلەی تر ئەگرێتەوە لە وانە ستراتیژی سیاسی و کۆمۆنیستی، ڕیبازی سیاسی و عەمەلی ومەسەلەی تاکتیکەکان، مەسەلەی دەوڵەت وسەردەمانی شۆڕش، بەرنامەی کۆمۆنیستی، بابەتی جەنگ وهەلوێستی سیاسی لە جەنگ، شێوازی ڕابەریکردنی سیاسی ، حزب و تەحزوبی سیاسی و کۆمۆنیستی، مەلزوماتە سیاسی وعەمەلیەکان و ئامرازەکانی ئەو ستراتیژە، ئەمەش مەیدانێکی ترە. لە مەیدانی تیۆری ڕەخنەگری ئابوریدا، ڕەخنە لە سەرمایەداری لە جیهاندا و سەرمایەداری لە ئێران ئەمەش مەیدانێکی ترە و ئەبێ بچینە سۆراغیەوە و بزانین مەنسور حکمەت چ نەزەرێکی هێناوە و چ ئیزافاتێکی بۆ مارکس و باوەڕەکانی لینین و ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئەو کاتە لە ئارادا بووە و ئەو ئیزافەی بۆ کردووە چین؟ وە دوا مەیدانیش بە ڕای من سۆشیالیزم و شێوەکانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی بۆرژواییە. ئەوەش مەیدانێکە کە بزانین چی کردووە، کۆمۆنیزمی سەردەمی مەنسور حکمەت چۆن بووە و دواتر چ مانایەکی پێدراوە؟ بۆیە من پێموایە مەیدان بە مەیدان پرسیارەکان بکرێ لەمبارانەوە ئێمە ئەتوانین تەرکیز بکەین و ئەوە ئەتوانێ کە نەوەی ئێستای چەپ و کۆمۆنیستی بەتایبەتی لە کوردستان ئاشنایەتی وردتر بە مەنسور حکمەت و ئەو دەسکەوتانە لەو پرۆسەیەدا کە ئاماژەمان پێکرد پەیدا بکات.

بەڵام من پێموایە بەر لە هەر شتێک و پێش ئەوەی کەبچینە ناو هەریەک لەو مەیدانانەوە، ئەبێ ئاماژە بە سەرەتا و پێشینەیەک بکەین کە زمینە و بنەمای دەستپێکن بۆ سەرهەڵدانی مەنسورحیکەمت و سەرچاوەن بۆ ئەو ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم وخەتێکی سیاسی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات. وەک چۆن بۆ نمونە لینین کە باسی مارکس ئەکات، سەرچاوەکانی دیاری ئەکات، بەتایبەتی لە وتاری سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهاتووەکانی مارکسیزمدا، لینین باسی ئەو هەلومەرجە و ئەو دەسکەوتە سیاسی و ڕۆشنگەریەی کە ئینتیلیجینتسیا (ڕۆشنبیران) لەو سەردەمەدا داویانە بەدەستەوە و مارکس لە پەیوەند بە جووڵانەوەی کۆمۆنیستی و سۆشیالیزمی ئەو کات و چینی کرێکار و ناڕەزایەتیەک کە بوویەتی دەستی بردووە و بەسوودوەرگرتن لە پێشرەوترین باوەڕ و بۆچوونی سەردەمی خۆی و

## تەوەرێک دەربارەی

بەرەخنەگرتن لێیان مەکتەب و تیۆری ڕەخنەگەرایی چینی کرێکاری بەدەستەوە داوە. من پێم وایە ئەم مەسەلەیە دەقیقەن بۆ مەنسور حکمەتیش دروستە. بێگومان مەبەستی من ئەوە نییە کە هەمان ئەو سەرچاوانەی کە لینین بۆ مارکس هێناویەتەوە، ئێمەش کۆپی بکەین بۆسەر مەنسورحیکمەت، بەڵام دەبێ بزانین سەرچاوەکانی مەنسور حکمەت لە کوێوەیە. بەڕای من سێ مەسەلەی سەرەکی هەیە کە نەخشی هەیە لە دەرکەوتنی مەنسورحکمەتدا، وەکو مارکسیستێک و کۆمۆنیستێکی جیا و تایبەت، وەکو دەزگایەکی فکری و میتۆدێک وەکو سیاسەتمەدارێک وەکو جۆرێک لە سۆشیالیزم، وەک شێوازێک لەرابەری وپراتیکی. واتە ئەو لەژێر کاریگەری ئەو فاکتۆرانەدا لەسەر زەمینەیان توانیویەتی ئەم نەخشە بنوێنێ. ئەو سێ مەسەلە و فاکتۆرەش کە جێگای سەرنجی منە پەیوەندی هەیە بە سەرەتا و پێشینەکانی ژیانی ئەوەوە. یەکێک لەو مەسەلانە مارکسیزمێکی ڕەخنەگەرایی ڕۆژئاواییە. مەنسور حکمەت بە خوێندنەوە و گەڕانەوە بۆ خودی مارکس خۆی و ئەدەبیاتێک کە ئامادەیی هەیە مارکسیزمی وەرگرتووە و وەک دەزگایەکی فکری ڕەخنەگری لەسەری راوەستاوە، ئەمەش بەومانایەی مارکسیزمی ئەو مارکسیزمی دەستی دووەم و سێهەم نەبووە، کە لە ماوتسیتۆنگ وستالین و مەکتەبەکانی وەک ترۆتسکیزم، چەپی نوێ، مەکتەبی فرانکفۆرت و.. دراوە بەدەستەوە لەوکاتەدا باوبوون. هەروەها حیکمەت بە پێچەوانەی مارکسیزمە ڕۆژهەڵاتیەکانەوە، یانی مارکسیزمی شەرقی، ئەوەی کە موحسین پێی دەڵێت، مارکسیزمی جیهانی سێهەم، کە لەپەیوەند بە مەسەلەی نەتەوایەتی و بۆ مەسەلەی قەومیەت و ڕیفۆرمیزم، یان لە پەیوەند بە کێشەی ئیستعمار و ئاوەدانکردنەوە و سەنعەتیکردنەوەی وڵات و بە نیشتمانی کردنی سامانی سروشتی و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بۆ مارکس گەڕاونەتەوە و مارکسیزمیان بەکار هێناوە. حیکمەت لە گۆشەنیگای هیچکام لەم بابەتانەوە مارکسیزمی نەخوێندۆتەوە و بۆی نەگەڕاوەتەوە. ئەو خۆێ لە شوێنێکدا ئەڵێ کە ناسیۆنالیستێک ئەتوانێ بۆ مارکسیزم بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی قەومی پێ چارە بکات، بەڵام ئەمە مارکسیزمی چینی کرێکار نییە، ئەمە جۆرێک لەکۆمۆنیزمی بۆرژوایی و پاساوی تیۆریانەی جووڵانەوەیەکی بۆرژوازیانەیە. لەمبارەوە ئێمە ئەم نمونەیەمان لە چەپەکانی کوردستانی عێراقدا، بە تایەبت لە کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا بینیوە. یان کەسێک مارکسیزمی پێویست بووە بۆ ئەوەی کە وڵاتەکەی لە دەستی ئیستعمار

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

دەربهێنێ و لە دواکەوتوویی ئابوری و فەرهەنگی ڕزگاری بکات... حیکمەت بە هیچ جۆرێک پێشینەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە لە مارکسیزم و ئەمجۆرە ڕەخنەگریە. بە پێچەوانەوە، ئەو میتۆد و تیۆری ڕەخنەگری ڕۆژئاوایی لە پەیوەند بە ڕوانگە و بۆچوونی پرۆلیتاریای سەنعەتی و ڕەخنەی ئەم چینە لەسەرمایەداری، کە ساڵەهایەکە هەیە و مێژوویەکی تایبەت بەخۆی تێپەڕاندووە وئەدەبیاتێکی تیۆری ڕەخنەگری تایبەت بەخۆی هێناوەتەدەرەوە و بەڕۆشنی لە خودی مانیفێست و کاپیتاڵ و ئایدیۆلۆژی ئەڵمانیدا بەیانکراوە. تەنانەت بەر لە مارکسیش ئەم ڕەخنەگریە پرۆلیتاریە هەبووە و مارکس توانی لە شێوەی زانستیدا دایبڕێژێتەوە ومەکتەبێکی ڕەخنەگری چینایەتی و پرۆڵیتێری لەسەر دابمەزرێنێ. یەکەمین خاڵ کە بۆ حیکمەت سەرەکیە ئەوەیە کە مارکسیزم زۆرتر بابەتێکی ئیسپاتی نییە تا ئەوەی میتۆد ودەزگایەکی ڕەخنەیی وڕەخنەگرتنە. یانی بۆ ئەو مارکسیزم دەزگایەی ڕەخنەگریە لەپەیوەند بە خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاریاوە، لەسەر هەموو ئەو بابەت و مەسەلانەی پەیوەندیان بە شۆڕشی سۆشیالیستی و گەیشتی چینی کرێکار بە دەسەڵاتەوەیە، بەکاربردووە و لەم پرۆسە ڕەخنەگریەشدا توانیویەتی باسە ئیسپاتیەکانی خۆی پێشکەش بکات. بۆ حکمەت وانەبووە شتێکی موتەکامل و لەپێشدا ئامادەکراو لەدەرەوەی ڕەوتی خەباتی چینایەتیو سوشیالیزمی پرۆلیتیری، بخاتە بەردەم و ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری لێنابێت. حیکمەت بە دروست وەکو میتۆدی مارکس و وەک مارکس خۆی دەزگای ڕەخنەگری ڕۆژئاوا کە پشتی داوە بە پێشڕەوترین شاڕێی فیکری و دەستکەوتە جیهانیەکانی خۆیەوە کە لەو سەردەمەدا بەدەستهاتبوون، بە دەستەوە ئەگرێت. بەواتایەکی تر میتۆد وتیۆر و دەزگای ڕەخنەگری کۆمۆنیستی مەنسور حیکمەت ڕەگەیەکە بەر لەوەی لە ئێرانەوە دەست پێ بکات سەرچاوە لە مارکسیزمی ئەوروپایی، یانی خودی مارکس خۆی سەرچاوەی گرتوە، بەتایبەتی لە بەریتانیا لە زانکۆکان و لە دەزگا ئەکادیمیەکاندا باس ولیکۆڵینەوەی زۆر لەبارەی مارکسیزم و بابەتگەلێکی سیاسی و وئابوریو کۆمەڵناسی و... ڕەواجیان هەبوو. مەنسور حیکمەت بە تێپەڕین لەم دۆخە وە ڕەگەیەکی جیاوازی لەهەموو ئەوانەی کە لە سەردەمی ئەودا لە ئەورپادا باوبوون، دەزگای ڕەخنەگری مارکسی بەدەستەوەگرت و وەکو بەشێک لە پراکتیک و هەڵسوکەوتی شۆڕشگێرانە کەوتە شوێن ساغکردنەوەی جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی، جووڵانەوەیەک بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و دنیا.

مەسەلەیەکی تر، کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینینە لەسەر مەنسور حیکمەت و ڕۆڵی ئەم بابەتە لەسەر دەسکەوتە تیۆریەکان و کامڵبوونی باوەڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەو خەتێکی فیکری و سیاسی و پراتیکیەی کە ئەو پەیڕەوی لێکردووە. من پێم وایە بەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تێگەیشتنێکی تایبەت لە لینین هەرگیز مەنسور حکمەت نەیئەتوانی بەو ئاستە بگات کەپێی گەیشت. بەبڕوای من تا ئەم کاتە هێچ کەسێک نەیتوانیوە بە ئاستی ئەو لەسەر شانی باوەڕ و پراتیکی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستانەی لینین خۆی ڕاگرتبێ و بەهەنگاو لەویش واوەتر لەزۆر بابەتدا بەرەو پێشەوە بڕوات. هەزارەها کتێب، ملیۆنەها لاپەڕە لەسەر ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین نوسراوە و باس کراوە بەڵام هیچیان وەکو ئەو نە لینینی ناسیوە و نەبە ڕۆشنی دەرکی درەس و ئەزمونێک کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەدەستیەوەداوە وەرگرتبێ و لە ئاکامیشدا لە سیاسەت و بەرنامە و حزب و تاکتیک و پراتیکی شۆڕشگێرانەدا لینینیزم ودەستکەتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری زیندو ڕاگرتبێ. بەبڕوای من کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ سەر حیکمەت زۆر زیاترە لە کاریگەری کۆمۆنەی پاریس بۆسەر لینین و سازدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

ئەوەی کە چۆن کەمینەیەکی شۆڕشگێر، ڕێکخراو لەحزبێکی سیاسی پێشڕەواندا، ئەتوانێ خەباتی چینایەتی کریکاران بەرەو دەسەڵات ڕێبەری بکات و کۆمەڵگای بۆ سازبدات، کرۆکی باوەڕی لینینە لە پەیوەند بە حزب و دەسەڵاتی سیاسیەوە، لە پەیوەند بە چینی کرێکار و دەسەڵاتی سیاسیەوە. لینین ئەم باوەڕە و ئەم ڕێبازەی لە لێکدانەوەکانیدا لەسەر کۆمۆنەی پاریس گەڵاڵەکردۆتەوە و برەوی بە مارکسیزمدا و بە کردەوەش لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا پەیڕەوی لێکرد. ئەم خاڵە لەلای مەنسور حکمەت لە لێکدانەوەی بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر وڕۆڵی لینیندا لە بەدەستەوەگرتنی ئیستراتیژی شۆڕشی کرێکاریدا، نەک هەر وەک میحوەرێک بەدەستەوە دەگیرێ و زیندوو دەبێتەوە ، بگرە زیاتر لێوەی دەڕوا و بەرەخنە و شیکردنەوەی ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هۆکاری شکستەکەی، بە ئەرکە ئابوریەکان و بەرنامەی ئابوری سۆسیالیستی لەسەردەمی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن کرێکارانەوە دەگات. ئەمە خۆی ئیزافە و دەستکەوتێکی تیۆری مەزنە لە فکری مارکسیزمدا، کە تا ئێستا هیچ کام لە لێکۆڵەرە تیۆری و سیاسیەکان چ لەئاست بزوتنەوەی

کۆمۆنیستیدا و چ لەئاست دەزگا ئەکادیمیەکاندا پێی نەگەیشتون. مەنسورحیکمەت بەم کارەی ئاسۆیەکی ڕۆشنی خستەبەردەم داهاتووی شۆڕشی کرێکاری و لەو کوێرە ڕێگایە کەتێی کەتوبوو، دەربازیکرد.

لەمەش زیاتر ئەگەر کەمێک بە ووردی لەو ئەدەبیات و مێژووە بڕوانین کە مەنسورحیکمەت تیا چالاکە بە ڕۆشنی کاریگەری لینین ومیتۆد و شێوازێک کە ئەو لەسەر مەسەلەکانی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیادا، پەیرەوی لێکردووە بەسەر ئەویشەوە دەبینرێ. لەوانە بنەمای بەرخورد بە شۆڕشێک کە لەئارادایە، هەڵوێست لە بەرامبەر ئەحزابی بۆرژوازی وتاکتیکەکان، بابەتی جەنگ، حزب وحزبیەت، ناسینەوەی ڕەوتەکانی سۆشیالیزمی بۆرژوازی و ڕەخنە لە پۆپۆلیزم.. وگەلی بابەتی تر.

خاڵی سێیەم ڕۆڵ وکاریگەری شۆڕشی ئێرانە. ئەویش نەک هەر لەسەر خودی مەنسورحیکمەت، بەڵکو ئەم شۆڕشە ڕۆڵی زۆر گەورەی هەبووە لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە لە مارکسیزم و لەدایک بوونی ئەم ڕەوتە سیاسیە کە دواتر لە جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا شکڵی بەخۆیدا. بەڕای من ئەوە شۆڕشی ساڵی 79 لە ئێران بوو کە مەنسور حیکمەتی بۆلای خۆی ڕاکێشا، تا بەمارکسیزمەکەیەوە لە لەندەنەوە بگەڕیتەوە بۆ تاران و ڕۆڵی شۆڕشگێرانە بگێڕێ. ئەتوانم بڵێم ئەگەر ئەم ڕووداوە نەبوایە ئێمە شاهیدی ئەم ڕەوتە لە کۆمۆنیزم ومارکسیزم و ئەم ئەزمونە نەدەبوین و ڕەنگە ڕێرەوێکی تری بگرتایەتەپێش. ئەم شۆڕشە ڕووداوێکی زۆر زۆر گەورە بوو، نەک هەر بەو هۆیەوە کە ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە دۆخی سیاسی و وئابوری و سیستەمی ئەمنی داسەپاو لەڕۆژهەڵاتدا پێکهێنا و ناوچەکەی خستە لەرزە، تەنانەت نەک بەو هۆیەوە کە توانی یەکێک لە قەڵا سەختە کۆنەپەرستەکان لەناوچەکەدا کە ڕژێمی شا بوو بڕوخێنێ و زەربەیەکی جدیش لە نفوزی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بدا، بگرە بەو هۆیەوە کە چینی کرێکاری ئێران، بەتایبەتی کرێکارانی پیشەسازی نەوت بە خۆیان و شوراکانایانەوە خۆیان دەرخست، ئەمەش سەنگێکی گەورەی بە مارکسیزم و خەباتی چینایەتی دا و خودی مەنسورحیکمەتی خستە ژێر گاریگەریەوە وئەویش ئیلهامێکی چینایەتی و شۆڕشگێرانەی تایبەتی لێوەرگرت، باسی ڕۆڵی پرۆلیتاریا لەشۆڕشی ئێراندا، بیرۆکەی سازدانی کۆبونەوە گشتیەکان، شوراو سەندیکا، سیاسەتی ڕێکخستن لە نێو کرێکاران وناسینەوەی ڕەوتی

## تەوەرێک دەربارەی

سۆشیالیستی ناو کرێکاران، باسی ڕابەری عەمەلی و ئاژیتاتۆرەکان و زۆر باسی تر ڕەنگدانەوەی ئەم ئیلهامگرتنەیە لە شۆڕشی ئێران. بە ڕای من گەر شۆڕشی بەهمەن لە سەردەمی دوای شکستی بلۆکی شەرقدا ڕووی بدایە دە ئەوەندە بەهێزتر و ڕادیکاڵتر و کاریگەرتر خۆی دەنواند لەچا و شۆڕشەکانی میسر و تونس وئەوانەی بە بەهاری عەرەبی ناوزەدکران. چونکە مەشهەدی خەباتی چینایەتی کارگەر و سۆشیالیزم لەبەرامبەر دەسەڵاتی چینی بۆرژوازیدا، لەم شۆڕشەدا لە گرنگترین وڵاتدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەئاستێکی ڕۆشندا دەرخست و پرۆلیتاریای ئێرانی هێنایە سەر شانۆی سیاسی و تێکەڵ بوو بە سیاسەت.

لەلایەکی ترەوە مەنسور حیکمەت کەسێکی ئاکادمیست و ڕۆشنبیرێکی چەپ و مارکسیزمی غەیرە سیاسی نەبووە، تا لە تیۆرو کتێبەکانەوە بۆ ژیان بگەڕێ، بەپێچەوانە بۆ ئەو دەخاڵتگەری سیاسی وعەمەلی، ئاڵوگۆر لە دۆخی مەوجوددا، سازدانی هێز وشکاندنی سنورەکانی هێزی بۆرژوازی و بەرەی نەیار بە کرێکاران و مەحرومانی کۆمەڵگا، سەرەنجام بۆ ئەو پراتیکی شۆڕشگێڕانە و دەستبردن بۆ ڕیشەی کۆمەڵگا، ئەمە مەسەلە و مەشغەڵەی سەرەکی و ناوەکیە بۆ ئەو هەربۆئەمەش بۆ تیۆری گەڕاوەتەوە. ئەگەر سەرنجیش بدەین بەشێکی زۆر لە باوەڕەکان و دەزگا ڕەخنەگریەکەی، تا تیۆریە ئیسپاتیەکانی کە لە بەرنامە و تەشکیلی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەرجەستەیە، هەمویان لەپەیوەند بە حاڵ و بارودۆخێکی واقعی و خەباتی چینایەتی لە وڵاتێکی دیاریکراو و لە سەردەمێکی جیهانی دیاریکراودا بووە کە بەدوای شۆڕشی ساڵی 79 دا سەریان هەڵداوە، بەرهەمهاتوون. ئەگەر لەڕستەیەکدا بڵێم دەرکەوتنی ناوی مەنسور حیکمەت جیا نییە لەسەرهەڵدانی سۆڕشی بەهمەن. تەنانەت لەساڵی 79 وە تا سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان کە نزیکەی دەهەیەک لە مێژووە وێستگەیەکی سەرەکی ژیان و مێژووی خەباتی مەنسور حیکمەت پێکدێنی، لە پەیوەند بەم شۆڕشەوە ڕەوتی خۆی بریوە.

ئەگەر قسەکانم کورتبکەمەوە:

من پێم وایە ئەم سێ مەسەلەیەی کە باسم کرد ڕەخنەگری و مارکسیزمێکی غەربی و گەڕانەوە بۆ مارکسیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لینین و شۆڕشی ئێران، ئەمانە ئەو پێشینە سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیانەیە کەهەوێنی لەدایکبوون و سەرەتاکانی مەنسور حکمەت

بووە. هەرلیرەدا من پێشنیارم ئەوەیە کە مەیدان بە مەیدان بۆ نمونە میتۆدی مەنسور حکمەت، پاشان لە مەیدانی سیاسەتدا، ئینجا لەمیدانی ڕەخنەی ئابوری وسەرمایەداری ئیران وجیهاندا، پاشان لە میدانی سۆشیالیزم و جۆرەکانی کۆمۆنیزمی بۆرژوازیدا.. خاڵ بە خاڵ بکەوینە شوێن ئەم مەیدانانە و ئەو لایەنانەی بخەینە بەر باسەوە کە بڕگە و وێستگە سەرەکیەکانی خەبات وتیکۆشانی حیکمەتیان لەخۆگرتووە. ڕەنگە ئەم چوارچێوەیە دروستتر مەنسور حکمەت و باوەڕەکانی بخاتەڕوو، وە دەسکەوتەکانی بناسێنێ و وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستی جیاواز بەرجەستەی بکاتەوە.

خاڵێکی تریش هەر لێرەدا باس بکەم کە پێم وایە ئەگەر نەووترێ و ئیزافە نەکرێ بۆ ئەو قسانەی کە پێشتر وتم ئەوا باسەکە ناتەواو دەرئەچێ. ئەویش خەسڵەتی هیومانیزم و ئینسانگەراییە کە تێهەڵکێشە لەگەڵ سەرلەبەری باوەڕ و بۆچوون و پراتیکە سیاسی و حزبیەکانی مەنسور حکمەتدا و هەرگیز لێی جیا نابێتەوە. ئەم خەسڵەتە هەر لە سەرەتاوە لە پاڵ میتۆدی بەرخوردکردن ولێکدانەوە وبەکاربردنی دەزگای ڕەخنەگری مارکسدا تا دوا لەحزەکانی تەمەنی سیاسی و هەڵسوکەوتەکانی درێژدەبێتەوە و ون نابێت. حیکمەت ئەم هیومانیزمە لە مارکسەوە سەرچاوەهەڵدەگرێ. واتە هیومانیزمێک کە ناوەڕۆکێکی تەواو چینایەتی هەیەوە و مارکس بە ڕەخنەگرتن لە نامۆیی ئینسانی کارگەر لە نیزامی سەرمایەداری وسیستەمی کاری بەکرێ، باس لە هیومانیزمی کارگەری دەکا و ڕزگاری کۆمەڵگا و ئینسان دەبەستێتەوە بە ڕزگاری کرێکاران و خەباتی ئەم چینەوە بۆ شۆڕشی کۆمۆنیستی. دروست گەر سەیری ئەدەبیاتێک بکەین کە مەنسور حیکمەت لەخەباتی خۆیدا بەرهەمی هێناوە، ئەم خەسڵەتە ئینسانگەراییە پشتێنەیەکی بەرجەستەیە لە سەرجەم باسەکانیدا. دیارە ئینسانیەت، بە مانا لیبراڵیەکەی نا، بەڵکو بە مانا چینایەتیەکەی و بەستنەوەی بەڕزگاری کرێکاران وشۆڕشەکەیەوە. نمونە لەو بارانەوە زۆرن، بەتایبەتی لە نووسینەوەی بەرنامە و داخوازیەکاندا کە پێشڕەوترین داکۆکی و دەسکەوتی ئینسانی گەڵاڵەکردۆتەوە. ئەمە یەکێکە لەو نمونانە کە هیومانیزم بە پێوەری جیهانی و جیهانداگری لەبەرچاوگرتووە، نەک پێوانەی لۆکاڵی و ئێرانی. هەربۆیە ئەتوانم بڵێم کە بەرنامەی دنیایەکی باشتر زۆرتر خەسڵەتێکی ئینسانی یونیڤێرساڵ/ جیهانی هەیە تا ئێرانی، ڕاستە لە پەیوەند بە هەلومەرجی کۆمەڵگایەکی وەک ئێرانەوە نووسراوە بەڵام ئەم خەسڵەتە

ئینسانیەی ئەو حاڵەتەی پێ ئەبەخشێ کە باسمکرد. هەوەها لەسەر مەسەلەی منالان، ژنان، منال لەباربردن، مەسەلەی جەنگ و مامەڵە لەگەل دیل لە کێشمەکێش و شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات و زۆر مەسەلەی تردا ئەم خەسڵەتە ئینسانگەراییەی کە باسمکرد، دەبینرێ. بە کورتی مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم مەنسور حیکمەت هەم لە بواری تاکتیکدا و هەم لە بواری پراکتیک و تیۆریدا ئینسانیەت و ئینسانگەرایی لە گۆشەی چینی کارگەر و ڕزگاری کۆمەڵگا و دەرکێشانی لە دەست ئەو ستەم و سەرکوتەی کە بۆرژوازی و سیستمەکەی دایهێناوە دەبینێ و مەسەلەی گێڕانەوەی ئینسانیەت و ئینسانگەرایی لەپاڵ ئەو ڕەخنەگریە شۆڕشگێڕیەی کە دەستی بۆ دەبات لە مارکسەوە بە میرات وەردەگرێ و بەکاریئەهێنێتەوە. ئەو وتە درەخشانەی کە دەڵێت "سۆشیالیزم بزوتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان" ئەوەمان پێدەڵێت کە هیومانیزمی کارگەری یەکێکە لە خەسڵەتەکان و پێشفەرزێکە لە هەمو ئەو پرۆسەیەدا کە حیکمەت چ وەک باوەڕ تیۆر، چ وەک پراتیک و مامەڵەکردن، وەک نەریت و سیاسەتکردن، وەک هەڵسوکەوت و کاری حزبی تێیپەڕاندووە لە خۆیدا هەڵی گرتوە و لێی جیانابێتەوە.

## جەمال موحسین:

دەست خۆش. هاوڕێ عوسمان وەک بینیتان هاوڕێ موحسین چاوخشاندنێکی خێرای بەسەر مەسەلە سەرەکیەکاندا کرد و هاوڕێ خەسرەویش ئیزافاتی کرد و داوای ئەوەی کرد چوارچێوەیەک دابنرێ. دیارە منیش لەگەڵ ئەوەدام و مەبەستم ئەوە نەبوو هەر شتی گشتیدا بمێنینەوە، بەڵام لە ئەنجامی قسەکانی موحسین و خەسرەویشەوە هەندێ خالم دەرکێشاوە کە ئەمەوێ لە دەورەی دووەمدا بێینە سەری. بەس با پێش ئەوە بزانین گەر تۆش لەو بەشەی یەکەمدا ئیزافاتێک یان قسەی خۆت بکەی دواتر ئەکرێ هەر یەکەتان بە جیا گۆشە گۆشەی جیاتان لەگەڵ بگرم. فەرموو.

## عوسمان حاجی مارف:

هەر بۆ بەردەوامی لەسەر ئەم بەشە واتە دەربارەی تایبەتمەندی مەنسور حکمەت و ڕۆڵ و جێگەوڕێگەی ئەو لە نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، چەند خاڵێک هەیە بە پێویستی ئەزانم لەم باسەداو دواتر زیاتر ڕۆشنبکرێتەوە. هەڵبەتە مەبەستی ئێمە لەم باسە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ئەچێتە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی کە هاوڕێ مەنسور تەنها وەها پێناسە دەکرێت، کە مارکسیەکی هاوچەرخ یان کەسایەتیەکە توانیویەتی دەوری هەبێت لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا. یان تەنها ئەو مەدالیایەی بکەینە سەرشان کە لە دەرس و خوێندنەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەسڵێک کە مارکس و مارکسیزمە، کە لە دەستی دوو، دەستی سێوە وەری نەگرتوەو سنوربەندی  کردووە لە بەرامبەر تەواوی دنیای چەپێک کە مارکسیزم و کۆمۆنیزمیان لە ناوەڕۆکی خەباتی چینایەتی کرێکار دەرکێشاوە، ئەوانە خاڵی درەخشانی پیاهەڵدانی هاوڕێ مەنسورە بەڵام ئەسڵی پێناسەکەی نییە. حیکمەت وەکو خەتێک و بۆچوونێک و یان هەتا لێکدانەوەیەک بۆ دنیای سەردەمی خۆی و وەڵام بە کێشەکانی کۆمەڵگەوە خەباتی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی کرێکاری ڤێرژنێکی تازەیە کە بە پراکتیکی شۆڕشگێرانە و خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بۆ شۆڕشی سۆشیالستی بە بنەما و ڕیشەی ئاڵوگۆڕبوون لە کۆمەڵگەدا وەرگرتووە. هەربۆیە ڕەخنەگرتن لە مەنسور حکمەت لەو شوێنەوە نییە کە نوسینەکانی چەندە قابیلی قەبوڵە یا قابیلی ڕەخنەیە. مەنسور حکمەت لەناو دنیای بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەڵگری میسۆدێکی مارکسی و ڕەوتێکی پێشڕەوە و خاوەن ئەزمونێک لە پراکتیکی شۆڕشگێرانەیەو چووە ناو کێشمەکێش و شەڕی ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر تەواوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازیدا.

هەر باسێکی قابیلی ئەوەیە کەسێک بیخوێنێتەوە و سەرنجی هەبێ یان ڕەخنە بگرێ لە مەنسور حکمەت و بەو باسانەدا بچێتەوە بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە زەرورەتی هێنانەوەی ئەو باسانە کە خەسرەویش لە چەند قۆناغێکدا ئاماژەی پێدا بەگشتی یەکەیەکی لێکدانەبڕاوە و خەتێک و ڤێرژنێکی تازە دیاری دەکات، گەر ڕەخنەیەکی جدی هەیە دەبێت ڕەخنە لەو ڤێرژنە و لەو خەتە بگیرێت، بە مانایەکی دیاریکراوتر کەسی ڕەخنەگر پێویستە جیابونەوەی خۆی لەو خەتە ڕۆشن کاتەوە. هەرئەوەی هاوڕێ مەنسور دەڵێت کۆمۆنیزمی کرێکاری ناڕەزایەتی کرێکارە دژی سەرمایەداری، ئەتوانم بڵێم مانای ڤێرژنی تازە و خەتی مەنسور حکمەت ڕێکخستن و ئامادەکردن و ڕابەریکردنی ئەو ناڕەزایەتیەی کرێکارانە دژی سەرمایەداری، گەڕانەوەی ئەو بۆ مارکس لە کاتێکدا کە لە دوای ٧٠ ساڵەوە  کۆمۆنیزم پەرچەمێکی تری هەڵگرتبوو و بە شێوازێکی تر کاری ئەکرد، حکمەت بە مانا پراتیکەکەی گەڕایەوە بۆ ئەو سەرچاوە و ئەسڵە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەو وەک ڕەخنەگرێکی

## تەوەرێک دەربارەی

مارکسی و شۆڕشگێڕ لە تەواوی ژیانی  سیاسیدا بەدوای بە عەمەلی کردنەوە چەسپاندنی خەباتی  چینایەتی کرێکارانەوە بوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی  شۆڕشی سۆشیالیستی. ئەوەی کە پێناسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات بەوەی کە ناڕەزایەتی کرێکارە دژ بە سەرمایەداری، ئەو مەوقعیەتە بە ئەساس وەردەگرێت کە لە جیهاندا تەنها شۆڕشێک مەترەحە ئەویش شۆڕشی کرێکاریە، شۆڕشی سۆشیالیستیە. باس لە ئالوگۆڕی ڕیشەیی ئەکات و کاری بۆ دەکرد، هەر ئەوەی کە لە زوربەی باسەکانیدا جەخت لەسەر ئەو مەقولەیەی مارکس ئەکاتەوە کە ئەڵێ گرنگ تەفسیری جیهان نییە بەڵکو گۆڕینییەتی.

ڕێگام بدەن شتێک دەربارەی مەنسور حکمەت بگێرمەوە کە  لە ژیانی شەخسیدا سەرنجم داوە، لە پەیوەند بە کاری سیاسی و قسەوباسەکانی لە کۆبونەوەکاندا. چەند ئەوەی کە گەڕاوەتەوە بۆ مارکس وەک ئەسڵێک لە هەمان کاتدا وەکو کامێرامانێک بە دوای دەورو نەخش و مەوقعیەتی سیاسی  پراکتیک و کار و تەرح و بۆچوونەکانی لینینەوە بوو. لینین چی کردووە لە شۆڕشدا و دەوری چۆن بووە، تاکتیکی چۆن داڕشتووە و دەور و مەوقعیەتی حزبی چۆن پاراستووە گەشەی پێداوە،  چۆن وە لە کێشمەکێشی لەگەڵ لایەنەکان و ڕەوتەکانی تردا دەوری گێڕاوە و چۆن مامەڵەی کردووە. گەر دەقیق بێ دەربڕینەکەم وەک کامێرامانێک زۆر بە وردی چاودێری  ئەوەی کردووە کە دەوری سیاسی لینین چۆن بووە و چۆن کۆمۆنیزمی کردووە بە هێزێکی سیاسی باڵادەست و بەدەسەڵاتی گەیاندووە. لینین هەمیشە نمونەیەکی زیندوو کاریگەر بوو لە ژیانی سیاسی مەنسور حکمەتدا، بەم مانایە چەند گەڕاوەتەوە بۆ مارکس ئەوەندەش دیقەتی لە دەورو پراکتیکی لینین داوە.  پێم وایە ئەم مەسەلەیە لە ژیانی سیاسی مەنسور حکمەتدا کەم باس کراوە یان زۆر ئاماژەی پێ نەکراوە. هەتا ئینسان هەستی بەوە ئەکرد بەجیا لەهەردەورو جێگەو ڕێگەیەکی مەنسور حکمت وەک خاوەن و ڕابەری بزووتنەوەیەک هەمان  ئەو جۆرە مەوقعیەتەو دەوری لینین بۆ هەڵسوڕانی سیاسی خۆی دەست نیشان کردبوو. هەر ئەوەشە کە باسێک یان مەسەلەیەک دەهێنێ بۆ ئەوەیە هەنگاوێک بزووتنەوەکە بەرێتە پێشەوەو ئاڵوگۆڕێک ئەنجام بدات. بە مانایەک ئەوەی کە تەئکیدی ئەکرد چۆن لینین کۆمۆنیزمی کرد بە هێز و گەیاندی بە دەسەڵات. دەورو مەوقعیەتی مەنسور حکمەتیش هەرئەوەبوو کە چۆن کۆمۆنیزم لە ئێراندا بکات بە هێزو شۆڕشی کرێکاری بەسەرکەوتن بگەیەنێت. بۆ

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

نمونە جارێک لە یەکێ لە باسەکانی کۆڕێکیدا بە ناونیشانی "ئایا کۆمۆنیزم لە ئێراندا سەردەکەوێ" سەرەتای قسەکانی بەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت گەر بزانم کۆمۆنیزم ناگات بە دەسەڵات ئەوە واز لە سیاسەت دەهێنم، بۆیە کاری سیاسی ئەکەم و لە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری ئێراندام، ئەزانم کۆمۆنیزم لە ئێراندا سەرئەکەوێ". ئەمە پێشبینی کردنی کار و پراکتیکێکە کە ئەم ئامرازە واتە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری بۆ خەباتی چینی کرێکار لە ئێراندا بە واقعی ئەیبینێ، یانی شتێکی کردەیە و خەیاڵی نیە.
ئەوەی کە من وتم کەسانێک گەر بیانەوێ ڕەخنە بگرن ئەتوانن برۆن ئەو باسانە بخوێننەوە بەڵام گرنگترین ڕەخنە ئەگەر لە مەنسور حکمەت بگیرێ لەسەر ئەو مەوقعیەت و پراکتیکەیەتی کە تەئکید ئەکاتەوە، بۆ نمونە مارکس جۆرەها نوسراوو کتێبی هەیە، کاپیتاڵی هەیە، مومکینە ئەوانە هەموو قابیلی ڕەخنە بن، بەڵام یەک شت گرنگە لە لێکدانەوەی مەوقعیەتی مارکسدا ئەوەیە کە باسی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیستی ئەکات، باسی پراکتیکی کۆمەلایەتی چینی کرێکار ئەکات. ئەمە ئیکتشافێکی واقعی گەورەیە کە مارکس کردوویەتی. ئەگەر کەسێک ڕەخنەی لە مارکس هەبێت پێویستە ئەو ئیکتشافە واقعیە پشت ڕاست کاتەوە و بڵێ نەخێر ئەمە دروست نییە، یانی شۆڕش لە دنیای سەرمایەداریدا ڕوو نادات، هەڵبەت سەرمایەداران و بۆرجوازی بیرمەندەکان و حزبەکانیان دەڵێن دنیای سەرمایەداری دنیایەکی واقعی و نەگۆڕە، واتە مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئەم شۆڕشە کرێکاریە و حکومەتی کرێکاری بەرجەستە و واقعیە یان ناواقعیە؟ کەسێک گەر بیەوێ ڕەخنە لە مارکس بگرێ ئەبێ ڕەخنە لە تیۆری مارکس بگرێت دەربارەی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالستی، بە مانایەک خۆ جیاکردنەوەیە لە مارکس و مارکسیزم. وە هەر ئەوەی کە ئێمە باوەڕمان بە شۆڕشی کرێکاری هەیە، هەڵسوڕانی سیاسیمان لەو شۆڕشە جیانابێتەوە، بەم مانایە مارکسیستین. ئەوەی کە مەوقعیەتی چینی کرێکارە لە کۆمەڵگادا، ئەم چینە بۆخۆی جەمسەرێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و مەوجودیەتی بەشێکە لە پێکهاتەیەکی ئۆرگانی وەک هەر کائنێکی زیندو کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێ پێک هاتووە. مەنسور حکمەت بۆ خۆی بە نمونە ئەیهێنێتەوە کە چینی کرێکار کۆمەڵە کەسێک نییە کەلە ناو کۆمەڵگەدا مارکس پێی باشە شۆڕش بکەن، ئەمانە ئەتوانن لە هەموو

چینەکانی تر دەوریان باشتربێت بەڵکو چینی کرێکار مەوجود یەتێکی واقعیە لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بۆ خۆی ئەو مەوقعیەتەی هەیە کە گۆڕینی دنیا لە ناو دڵی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاردا بەرجەستە بۆتەوە، کائینێکە مەوقعیەتەکەی ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕ ئەکات بەڵام ئیتر ئەمە لەباری عەمەلیەوە بە ڕۆڵی حزب و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە و بە دانی نەخشە و سیاسەت دەچێتە پێشەوە.

بە مانایەک ئەگەر ڕەخنە لە مەنسور حکمەت هەبێ دەربارەی هەر نوسراو باسێکی قابیلی ئەوەیە سەرنج بدرێت، بۆ نمونە دەربارەی شەڕی کەنداو هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتەی عێراق و ناوچەکە و دەورو باڵادەستی ئەمریکا ئەکرێ کەسێک بڵێ لەسەر شەڕی کەنداو لێکدانەوەیەکی وورد ترم هەیە و ئیزافەی بۆ بکات، یان هەموو ئەو باسانەی کە هەیەتی ئەکرێ دەوڵەمەند تر بکرێ و ئەتوانرێ لە چەند شتێکیدا ڕەخنەشی لێ بگیرێ بەڵام ئەمانە ناکاتە ئەوەی کە خۆجیاکردنەوەیە لە خەتی مەنسور حکمەت، بەڵکو خۆ جیاکردنەوە بە ڕای من یەک مانای هەیە، مانای وایە کە مەنسور حکمەت باوەڕی بە شۆڕشێک هەبووە کە ئەویش شۆڕشی سۆشیالیستیە و ئامرازو ڕێگاکانی گەیشتن بەو شۆڕشە بەرجەستە کردۆتە لە دەوری حزب وەک ئامرازی دەستی چینی کرێکار بۆ ئەو شۆڕشە و کردنی کۆمۆنیزم و حزب بە هێزێکی کۆمەڵایەتی ئامادە بۆ شۆڕش و دەسەڵات. وە ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتیە و شۆڕشی کرێکاریە مەنسور حکمەتی گەڕاندۆتەوە بۆ مارکس وەک ئەسڵ. وە ئەم شۆڕشە دەور و مەوقعیەتی چینی کرێکارە جا ئیتر ئەمە چۆن ئەچێتە پێشەوە و ئامادەییەکانی چۆنە، چۆن ئەو شۆڕشە سەردەکەوێت، بەوادرەکانی لە کوێوە مانا پەیدا دەکات و دەست پێ ئەکات، لە چوارچێوە و دەور و خەبات و ئاسۆی کرێکاران و سۆشیالست و ڕابەرەکان و حزبەوە تەشنەدەکات..

مەنسور حکمەت لە خوێندنەوەو قەبوڵ کردنی مارکس وەک ئەسڵ و سنوربەندی لەبەرامبەر هەموو ئەو ڕەوت و لایەنانەی جێگاوڕێگایەکی جیاوازیان لە خەباتی سوشیالستی کرێکاران گرتەبەر، بەتایبەتی بەدوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کۆمۆنیستێک بەشێوەی جۆراوجۆر باڵادەستی پەیدا کرد کە بە گشتی جیابۆوە لەو مەوقعیەتەی کە دەبێت ڕابەری شۆڕشی سۆشیالیستی بکات، جا ئیتر ڤێرژنەکانی هەرچیەک بێت، ماویزمە، کۆمۆنیزمی جیهانی سێیەمە، خەتی شورەوی و ئۆرۆ کۆمۆنیزمە.. هتد،

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

دەورو مەوقعیەتی هەموو ئەو ڕەوتانە ئەوەیە کە شۆڕشێک لەدنیای کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەمرێکی واقعە و مەترەحە، بەجێیان هێشتوو دوورکەوتبوونەوە لەو شۆڕشەو ڕێگایەکیان گرتەبەر کە بوونە بەشێک لە پارێزەرانی سەرمایەداری ، یانی چونە بەرەی سنوربەندی و وەستانەوە لە بەرامبەرشۆڕشی کرێکاریدا.

لێرەوەیە کە پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە مەنسور حکمەت چووەوە سەر ئەم ئەسڵە و بەرجەستەکردنەوەی ئەوەی کە تەنها شۆڕشێک لە جیهاندا مەترەحە و ئامادەکاریەک بکات بۆ ئەوەی کە ڕۆڵێک ببینێ لە ڕابەرایەتیکردنیدا. ئەگەر کەسانێک پێیان وایە ئەم شۆڕشە ناکرێ بەم مانایە ئەبێ خۆیان لە مەنسور حکمەت جیابکەنەوە. ئیتر ئەوەی کە کەسێ پێی وایە باسێکی هاوڕێ مەنسور تەواو نییە، یان شتی تری لەوبابەتە ئەوە ناتوانێ ڕەخنەکەی جدی و عەمەلی بێت. بەڵام بە گشتی ڕەخنە لە مارکس لە لینین لە حیکمەت ئەبێ مانایەکی پراکتیکی هەبێ، مانایەکی عەمەلی لە ڕۆڵ و مەوقعیەتێک کە هەیەتی. بۆ نمونە لینین کۆمۆنیزمی کرد بە هێز. ئایا مەترەح بوو بەلشەفیەکان دەسەڵات بگرن یان نەدەبو ئەو کارە بکەن. ئەوەش ڕەخنەی ڕەوتێکە کە پێی وایە کرێکار پێویستی بە حزب نییە و نابێت لەڕێگەی حزبەوە دەسەڵات بگرێت، گوایە کرێکاران خۆیان ئەتوانن ئاڵوگۆڕ بکەن و پێویستیان بە حزب نییە. ئەمە خەتێکە و بۆچونێکە هەیە بەڵام ئەگەر بتەوێ ڕەخنە لە لینین بگری ئەبێ بچی لە دامەزراندنی حزبەوە، ئەو شتەی کە ئامڕازی دەستی چینی کرێکارە بۆ گەیشتن بە شۆڕشی سۆشیالیستی. کەسانێک هەن ئەمە ناکەن و باوەڕیان بە حزب نییە، ئەمە بەو مانایە باوەڕیان بە لینین نییە. بۆ ڕەخنەگرتن لە مەنسور حکمەتیش هەر هەمان شتە. ئەگەر کەسێک، لایەنێک، ڕەوتێک ئەیەوێ خۆی لە مەنسور حکمەت جیابکاتەوە بە ڕەخنە لە نوسراو و ئەدەبیاتەکانی دەورێکی کاریگەری نابێت، چونکە ئەسڵی خۆجیاکردنەوەکە لەو شوێنەوەیە کە بۆ نمونە لینین ئەیویست کۆمۆنیست بکات بە هێز و بەدەسەڵات، حزب بکات بە وەسیلەی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکار، ئایا ئەمە مەترەحە یان نا؟ ئایا دروستە یا هەڵەیە؟ پێم وایە هەتا کەسانێک کە پێیان خۆشە بانگەشەی شکستی ئەزمونی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕابگەیەنن، یان پێشتر کە باسیان لەشکستی سۆڤیەت ئەکرد جیاوازیەکانی ئەو لایەنانە لەگەڵ خودی مەنسور حکمەت ئەوەیە کە ئەو لە مەوقعیەتی بەرژوەندی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی کرێکاری لە

مەسەلەکانی دەورانی، بەڵام ڕەوتەکانی تر لە کۆمۆنستەکان ناچنە سەر ئەسڵی ئەو باس و کارو هەڵسوڕانەی کە هەر ئێستا شۆڕشی سۆشیایلستی لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بێت واقعیەتێکی کۆمەڵایەتیە و دەبێت کاری بۆ بکرێت. بەڕای من ئەمە گەورەترین کەموکوڕی هەموو ڕەخنەکانی ترە کە لە خودی مەنسور حکمەت و هەتا لە مارکس و لینینی دەگرن، مەسەلەکە بەو جۆرەیە کە ئەو حەقانیەتەی کە مارکس و لینین و حکمت دەستیان بۆ بردووە ئەم ڕەخنەگرانە نەفی ئەکەنەوە، ئەمە جێگای پرسیارێکی جدیە.
خراپ نییە گەر نمونەیەک وەک وێنایەک باس بکەین لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە بە گشتی و کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەتایبەتی کە لە ئەدەبیاتی مارکسدا تعبیری لێ کراوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگا وەک پێکهاتەیەکی ئۆرگانیک پێناسە دەکرێت، بەو مانایە کۆمەڵگە کائنێکی زیندووە پێکهاتەیەکی میکانیکی نییە و پێویستە ڕەگ و پێکهاتە و ناکۆکیەکان و ئاڵوگۆڕەکانی بناسینەوە، چۆن پێکهاتەیەکی ئۆرگانی لە گەراوە یان لە هێلکەوە یان خانەیەکەوە مانای گۆڕین بۆ ژیان دەست پی دەکات وە ئەو گەرا و هێلکەیەش بەبێ ئامادەکردن یا بوونی ئامراز و دۆخێکی گونجاو ناتوانێ گەشە بکات ژیان دەست پێ بکات، واتە ئەگەر ئامڕازێک نەبێ، پلەیەکی گەرمی گونجاو نەبێت ئەو هێلکەیە ئەو گەرایە نابێتە بوونەوەرێکی زیندوو یانی شتێکی تری لێ دروست نابێ. کۆمەڵگا و وجودی چینەکان ناکۆکی نێوان چینەکانە کە بەرژەوەندی جیاوازی ئابوری کۆمەڵگەیان پی تەعبیر دەکات و کۆیان دەکاتەوە دواتر هەڵدەوەشێتەوە و کۆمەڵگەیەکی تر بەرهەم دێتەوە. وجودی چینی کرێکار و ململانێکەی ئەو واقعیەتەیە کە دروستکراو نییە و لە دایک بووی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە و لە ڕەحمی ئەو کۆمەڵگیەدا گەرای بنەمای ئاڵوگۆڕی چاندووە کە دەبێت لە دایک بێت. کۆمەڵگەی سۆشیالستی بەبێ شۆڕشی کرێکاری لە دایک نابێت، شۆڕشی کرێکاری بەبێ ئامراز و دۆخی گونجاو هێلکەی کۆمەڵگای سۆشیالستی ناشکێنێ. مەبەست ئەمەیە چ جێگەوڕێگەیەک بۆ حزب و ڕابەرەکانی نەخشە و سیاسەتەکانی دادەنرێت، گرنگی و دەور و جێگەوڕێگەی حزب لای مەنسور حکمت بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی یەکەیەکی لێک جیانەکراوەی خەبات و شۆڕشی کرێکاریە، ئەو ئامرازەیە کە تۆیی شۆڕش دەخاتە سەر ڕەوتی لەدایک بون و بەسەرکەوتن گەیاندن، ڕۆڵێک کە مەنسور حکمەت ئەیویست بیبینێ و هەوڵی داوە بیبینێ. شەخسی خۆم لەسەر ئەم بنەما

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

پراکتیکە شۆڕشگێڕانەیە ئەیناسم، بە جیا لە باسەکانی و بەجیا لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکانی ئەوانە کە شتی پایەدار و گرنگن، بەڵام ئەو ئەزمونەی کە لە لینینی وەرگرتووە ئەیویست ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بە مانای شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکار بەمانای پێشڕەوی کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان بەئاکامی خۆی بگەیەنێت. جا لە ئەزمونی ژیانیدا و لە تەمەنی سیاسی خۆیدا لینین گەیشت بەوە و هاوڕێ مەنسور نەگەیشت بەوە ئەوە باسێکی ترە ئەکرێ لەسەر ئەوە قسەی زیاتر بکرێ. ئەگەر هاوڕێ مەنسور فریا بکەوتایە لەباری عەمەلیەوە ئەو مەوقعیەتەی لینینی بەدەست بهێنایە، هەڵبەت هەم خۆی و هەم نووسینەکانی جێگەوڕێگەیەکی تریان دەبوو.

سەرنج بدەن هەر لە ئەوەڵەوە میتۆدی کارو هەڵسوڕانی سیاسی ئەم ئینسانە مەزنە، جا کرێکاریە، ئینسانیە، هەوڵیداوە کۆمۆنیزم بکات بە هێز.لە پەیوەند کردنی بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانەوە لەو پێناوەدا بووە کە کۆمۆنیزم لە شۆڕشی ئێراندا بخاتە ناو هاوکێشەی سیاسی و هاوسەنگی هێزەوە، ئەسڵی مەسەلە بۆ ئەو ئەوە بوو کە حەرەکەتێکی عەمەلی بەبەهاترە لە دەرزەنێک بەرنامە. بەڕای من ئەویش هەمیشە بەدوای ئەوەوە بووە کە لە کوێدا کۆمۆنیزم ئەتوانێ جێگەوڕێگە و ئاڵوگۆڕ بکات و ببێ بە هێز. دروستکردنی حزبی کۆمۆنیست هەر ڕەخنەیەکمان لێی هەبێ بەڵام توانی لە سەردەمێکدا ئەو ڕۆڵە ببینێ. دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەگەڵ ئەوەی هەندێ کەس وا تەعبیری لێ دەکەن کە پەلە بووە و پێداویستەیەکانی ئامادە نەبوون و تەنها ڕێکەوتنی چەند ڕێکخراوێکە، بەڵام بۆ مەنسور حکمت پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق زەرورەتی گۆرینی هاوکێشەی سیاسی بوو لە ناو واقعیەتی ئەوکاتەی عێراق و ئێران بە قازانجی فراوان بون و بەهێز بونی کۆمۆنیزم لە ئێران و عێراق و کوردستاندا. گەر هەر کەسێک ڕەخنەی هەیە لە دروست بونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێویستە وەک دیاردەیەکی سیاسی و دەوری مەنسور حکمت لەو دیاردەیەدا وەڵام بداتەوە نەک وەک بینەرێکی سەتحی کە پێیان وایە ئەو ڕێکخراوانە گونجاو نەبوون.

بەجیا لەوەی ئەو هاوڕێیانە ئاماژەیان بەدەوری مەنسور حکمت دا لە بوارە جیاجیاکاندا، لەکۆتایدا هەر ئەوەیە کە مەنسور حکمەت کەسێکی عەمەلی و سیاسی و شۆڕشگێڕو خاوەن خەتێک و خاوەنی بەڕێخستنی بزووتنەوەیەکە. بەجیا لە بۆچوون و تەرحەکانی

## تەوەرێک دەربارەی

بەجیا لەوەی کە ڕەخنەکانی چی بوون بەڵام بەدوای ئەوەوە بوو کە چۆن شۆڕشی کرێکاری لە ئێران و ناوچەکەدا بەسەرکەوتن بگەیەنێت، کە ئەم شۆڕشە تەنها مەسەلەی ئەسڵیە لە تەواوی جیهاندا، بەو مانایەش ئەتوانم بڵێم مەوقعیەتی جیهانی و خەباتی ئینتەرناسیۆنالستی تەنها یەک شۆڕش لە دنیادا مەترەحە ئەویش شۆڕشی سۆشیالیستیە. ئەمە تەوەجوهی کاری ئەو بووە و ئەمە ڕەخنە و خەبات و کاری سیاسی بووە. ئەگەر کەسێک ئەیەوێت خۆی جیابکاتەوە لە مەنسور حکمەت ئەبێ بڕوات بگات بەو ئاکامەی کە ئەو تەرح و کارانەی ئەو هەوڵی بۆ داون بڵێ دروست نین و نابێ و ناکرێ و مەترەح نییە.

## جەمال موحسین:

بەشی سەرەتا بۆ پێشکەشکردنی باسەکە کۆتایی هات. من چەند شتێک ئەڵێم و دوایی ئەمەوێ لەسەر هەندێک مەسەلە قسە بکەین. کاراکتەری سیاسی مەنسور حکمەت کارکردی هەبوو بە مانای ئەوەی کە هەمیشە وەک خۆشی پێداگری لەسەر ئەکرد کۆمۆنیزم ئەگەر کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەر نەبێ، ئەگەر بەکردەوە دەستی لە کۆمەڵگا گیرنەکردبێ کۆمۆنیزم نییە. بۆیە خۆشی وەک کۆمۆنیستێکی هاوچەرخ ئەم ڕۆڵەی بینی. وە ئەیویست بە باسەکانی، بە دەخاڵەتە سیاسیەکانی، بە حزب دروستکردنەکانی ئەم مەسەلەیە بباتە پێشەوە. من پێم وایە ئێمە لەسەر مەنسور حکمەت و سیاسەتەکانی کە گرتوویەتیە بەر لەباری سیاسەت و تاکتیکەوە، تیۆر و ڕۆشنگەری مارکسیستیەوە بگرە هەتا ئەوەی کە ئێوە وتتان و هەندێ کەسی تریش پێی وایە کە ئیزافاتیشی کردووە بۆ باسە مارکسیستیەکان وە تەنانەت لە پراتیک کردن و هەموو ئەم ڕووانەوە جێگەوڕێگەی ئەم ئینسانە لەباری واقعیەتی کۆمۆنیزمێکی دەخاڵەتگەرەوە بووە. وە ئەتوانرێ ئەم مەسەلەیە ببینرێ. بەڵام هەر یەک لەو مەسەلانە خۆی باس هەڵئەگرێ. من هیوادارم ئەمە دەروازەیەک بێ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کاتی تریش بێینە سەریان. بۆ نمونە لە پەیوەند بە شۆڕشەوە، ئەوەی ئەو بۆچوونی لەسەر شۆڕش و سۆشیالیزم چییە، لە پەیوەند بەو مەسەلەی هیومانیزمەوە کە خەسرەو لەم دواییەدا وتی و مەسەلەیەکی جدیە کە هەندێک کەس ڕەخنەی لێئەگرن و پێیان وایە ئەمە جۆرێک چوونە نێو باسی هیومانیزمی لیبراڵیستی و وردەبۆرژوازیەوەیە کە ئەمە قسە و باسێکی جدی هەڵئەگرێ. لەسەر مەسەلەی هەژمون

و دەسەڵات، لەسەر مەسەلەی شەڕی کۆمەڵایەتی، شەڕی ئایدۆلۆژی و بیروڕاکانی کۆمەڵگا و تا شەڕی سیاسی و هەنگاو بە هەنگاو بۆ پاشەکشە بە بۆرژوازی و ڕوخاندن و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی سەرمایەداری و بەرپاکردنی سۆشیالیزم. بۆیە مەرج نییە ئێمە هەموو دانەدانەی ئەم مەسەلە یان گۆشانە بگرین. بەڵام من پێم باشە لەم سیمینارەشدا یەک دوو گۆشەی هەر بگرین.

بێمەوە سەر ئەوە کە خەسرەو باسی میتۆدی کرد. من ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە مەسەلەی میتۆد و تیۆرەوە، مەنسور حکمەت لە باسەکانی سەرەتایەوە لە کاتی سەهەند و دواتر اتحاد مبارزان و هەتا دوایی کە پێداگری لەسەر دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەکات ئەگەڕێتەوە بۆ مارکس و ئەڵێ ئێمە ئەبێ چەکی ڕەخنەی مارکسیستی بەدەستەوە بگرین. من پێم وایە ئەمە لەباری تیۆرەوە چەندین مەسەلەی بردە پێشەوە چ لەوەی کە موحسینیش ئاماژەی پێدا لە دەورونەخشی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی ئێراندا، لە ڕەخنەکانی لە کۆمۆنیزمی ماوی و پۆپۆلیستی و دژە ئیستعماری و ئەوانەوە. ئەم باسانە و هاوشێوەکانیان مەسائیلێکی تیۆری مارکسیستی خستەوە سەرپێی خۆی. بەڵام دواتر لە سەردەمی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە خۆشی بەجۆرێک ئاوڕێک ئەداتەوە لە پێشوو و ئەڵێ: "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ توانی لەباری ئایدۆلۆژیەوە ئەم کارە بکات و وەڵام بەو مەسەلانە بداتەوە. ئەم هەژمونەی مارکسیزم دووبارە زاڵ بکاتەوە بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەمە نییە، بگرە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەیە کە سەراپای کۆمەڵگا دائەگرێ." مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم قسەیە ئەوە بوو کە بێینەوە سەر ئەم مەسەلەی تیۆر و میتۆدە. بەڕاستی ئەو شتەی کە باس ئەکرێ کە ئەو ئیزافاتی بۆ تیۆر بووە و بەتایبەت ئەم مەسەلانە چین چونکە لەزۆر باسیدا ئەم مەسەلەیە هەیە. بۆ نمونە باسی ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەندێ مەسەلەی تێدایە کە پێشتر لەدەر ناسیۆنالیزم نەووتراوە. لەسەر مەسەلەی سۆشیالیزم و سۆڤیەت مەسائیلێکی تیۆری قوڵ باس ئەکات کە نەووتراوە... وە زۆر شتی تر. با جارێ گۆشەیەک بگرین، دواتر دێینەوە سەر هی تر. ئایا جیاوازیەک کە مەنسور حکمەت لەم بارەیەوە نیشانی دا بۆچی میتۆدێکی جیاوازتر بوو؟ مەگەر گەڕانەوە بۆ تیۆری مارکس خۆی لە خۆیدا ئەکرێ شتێکی جیاواز بێت؟ یاخود با بڵێین لە چ ڕوویەکەوە جیاوازە؟ بەم مانایە

## تەوەرێک دەربارەی

گەڕانەوە بۆ مارکسیزم و لێکهەڵپێکانی لەگەڵ چینی کرێکاردا کە بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان گرنگی هەیە شتێکی جیاوازە؟ بۆیە لێرەدا ئەمەوێ بزانم هاوڕێکان لەسەر ئەم لایەنەی ئەم تەوەرە ئەڵێن چی؟ با سەرەتا ڕوو بکەمەوە موحسین.

**موحسین کەریم:**

پرسیارەکەت زۆر لام ڕۆشن نەبوو چونکە دوورودرێژ بوو. بە تایبەتی ئایا تۆ مەبەستت لەوە بوو گەڕانەوە بۆ مارکس بۆچی وەک ڕەوتێکی جیاواز سەیرئەکرێ و هۆکارەکەی چییە؟

**جەمال موحسین:**

نا، مەبەستم گەڕانەوە بۆ مارکس نەبوو، مەبەستم ئەوە بوو ئەو باسە تیۆریە جیاجیانەی کە مەنسور حکمەت لەسەر مەسەلەکان هێنای چ لە سەردەی اتحاد مبارزان و چ دواتر سەردەمی مارکسیزمی شۆڕشگێردا، ئەم پێداگریە لەسەر تیۆری مارکسیزم بۆ مەسەلە جیاجیاکان، چ جیاوازیەکی دا بە مەنسور حکمەت و بۆچی ئەمە میتۆدێکی جیاواز بوو لە لێکدانەوە و سیاسەتی کۆمۆنیستیدا؟

**موحسین کەریم:**

بە بڕوای من جیاوازیەکە لەوێوە دروست بوو کە لە دوای شکستی ئەزمونی سۆڤیەت وەک مەنسور حکمەتیش باسی ئەکات، کۆمۆنیزم لە پایەی کۆمەڵایەتی خۆی دابڕا و بوو بە ئاڵای فکری و سیاسی بزووتنەوەکانی بۆرژوازی. تەنانەت خودی مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هێنرا و بەشێوازی دیکە تەفسیر و لێکدانەوەی بۆ دەکرا کە هیچ پەیوەندیەکی بە مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە نەبوو، وەکو فکر و جیهانبینی و بزووتنەوەی سیاسی- کۆمەڵایەتی چینی کرێکار. چینی دەسەڵاتدار و توێژەکانی تر بێجگە لە چینی کرێکار، ئەمانە هەموویان کەڵکیان لە کۆمۆنیزم وەردەگرت لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا و هەریەکە بە جۆرێک تەفسیری بۆ دەکرد و کردیان بە بەشێک لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی و فیکری خۆیان. لە نمونەی ئەوانە کۆمۆنیزمی ئەورووپایی، کۆمۆنیزمی ڕەسمی ڕووسی، کۆمۆنیزمی چینی و هاوشێوەکانیان، کە ئەمانە هیچیان پەیوەندیان بە کۆمۆنیزم و

مارکسیزمەوە نەبوو. بەجۆرێکی تر بڵێم؛ ئەگەر مارکس کۆتایی بە کۆمۆنیزمەکانی پێش خۆی هێنا، بەو هەموو ڤێرژنەی کە لە کۆمۆنیزم هەبوو، یان لە سۆشیالیزم هەبوو، بەڵام دوای شکستی ئەزمونی سۆڤیەت جارێکی تر ئەو جۆرانە لە کۆمۆنیزمی غەیری کرێکاری بەناوو شێوازی دیکەوە سەریان هەڵدا. کۆمۆنیزم و مارکسیزمێک کە پەیوەندی بە خەباتی چینی کرێکارەوە بۆ هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداریەوە نەما! ئەوەی کە مەنسور حکمەت باسی ئەکات دوای سەردەمانێکی زۆر لە دابڕان و هەتا سەرهەڵدانی ڤێرژنی دیکە لە مارکسیزم، مارکسیزمی دەستی دووەم و سێیەم پەیدا بوو!

هەموومان ئەزانین ڕەوتی ئەورۆ_کۆمۆنیزم و ڕەوتی ستالیزنیزم و کۆمۆنیزمی ڕووسی و چینی و گیڤاریزم و هەموو ئەوانەی کە لە ئێران و عێراقدا هەبوون هەریەکەیان جۆرێک بوون لە کۆمۆنیزمی غەیری کرێکاری. بۆنمونە لە باشترین حەڵەتدا ناسیۆنالیزمێکی چەپ بوون ئەیانویست لەپێناوی مەسەلەی میللی و رزگاری نیشتمانی و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابوری و یان ڕزگار بوون لە ئیستعمار و ئەم شتانە، خۆیان بە مارکسیزمدا هەڵواسیبوو. ئیتر ئەمانە نە پەیوەندیان بە کرێکارەوە هەبوو، نە بە مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە. خۆ ئەوانە هەمووشیان بانگەشەی مارکسیزمیان ئەکرد. بۆیە دوای ئەم سەردەمە لە دابڕان و تەشەنەکردنی ڤێرژنی جۆراوجۆر و ڕەوتی جۆراوجۆر بە ناوی مارکسیزمەوە، خودی گەڕانەوە بۆ ئەسڵی مارکسیزم و لینین و میتۆدی لینین، ڕەوتێکی جیاواز بوو.

## جەمال موحسین:

چییە ئەم میتۆدە کە مەنسور حکمەت نوێنەرایەتی کرد و تۆش ئەڵێی میتۆدۆلۆژی لینینە، بە دیاریکراوی چییە؟

## موحسین کەریم:

سەیرکە، ئەوەی کە ووتم هەموو ڤێرژنەکانی تر لە کۆمۆنیزم، لیبراڵیزمی چەپ و دیموکراسی و ناسیۆنالیزم بوون، کە لە باشترین حاڵەتدا لە چوارچێوەی هەمان واقعیەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆرژوازیدا خەباتیان دەکرد بۆ باشکردنی بارودۆخی ئابوری چینی کرێکار لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا، لە ووڵاتانی دواکەتووی سەرمایەداری و وابەستە بەئیمپریالیزمەوە، تێدەکۆشان بۆ ڕزگاربوون لە ئیستعمار و ئیمپریالیزم، ئامانجی

سیاسی و ستراتیژیان گەشەی ئابوری نیشتمانی بوو! ئەوەی کە لە قسەکانی پێشوومدا باسم کرد سەبارەت بە نووسراوی (ئەفسانەی بۆرژوازی میللی و پێشکەوتنخواز). ئەمجۆرە ئامانجانە وەکو ئامانجی ڕزگاری چینی کرێکار و پرسە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزم تەفسیر ئەکران. ئیتر کۆمۆنیزم بوو بوو بە شتێکی تر، کە هیچ لێکچونێکی لەگەڵ کۆمۆنیزمەکەی مارکس و لینیندا نەمابوو. گەڕانەوە بۆ خودی بنەماکانی مارکسیزم، وەکو ڕەخنەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە بۆرژوازی، وەکو ئەوەی کە سۆشیالیزم پێداویستیەک و بەرهەمی خەباتی واقعی چینی کرێکارە لە دژی سەرمایەداری، وەکو ئەوەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری کۆمەڵگایەکە کە بە خەباتی چینایەتی و پراتیکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هوشیارانەی چینی کرێکار و هەتا ڕێکخراوی چینی کرێکار ئەتوانرێ ودەکرێ بگۆڕدرێ... ئەمانە هەمووی لە مارکسیزمدا هاتووە. تەنانەت مارکس یەکەم هەنگاوی ڕێکخراوی لەرەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی چینی کرێکار دەستپێکردووە. ڕاستە لە سەردەمی مارکسدا حزبی سیاسی درووست نەبوو، بەڵام ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار درووست بوو، جگە لە یەکێتی و نەقابە کرێکاریەکان، مارکس دەستی برد بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی چینی کرێکار و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان)ی درووستکرد. هەروەها ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم لەسەر دەستی مارکسدا دروست بوو، کە ڕێکخراوێکی سیاسی جیهانیی چینی کرێکار بوو.

بە کورتی مارکس سەرکەوتنی پراتیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و گەیشتن بە سۆشیالیزمی لە ڕێگەی خەباتی سیاسی ڕێکخراوەوە ئەبینی. واتە ئەوەی کە مارکس کە ئەڵێ "مێژووی کۆمەڵگاکان، بێجگە لە کۆمۆنەی سەرەتایی، مێژووی خەباتی چینەکان بوە"، مانای ئەوەیە کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و تەنانەت کەلتوری لە کۆمەڵگادا، بەستراوەتەوە بە پراتیکی سیاسی- کۆمەڵایەتی چینەکانەوە. بەدیاریکراوی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، مارکس کێشمەکێشی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی بە بزوێنەری مێژووی کۆمەڵگا دادەنێ. پرۆلیتاریا ئەو هێزەیە کە بە زەرورەت و ناچاری، ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی لەم کۆمەڵگایەدا دەبێ ڕووبدات، ئەوا ئەم چینە ئەیکات. شتێکی تر نییە لە دەرەوەی ئەو. بەڵام ئەم تێگەیشتنەی مارکس لە خەباتی چینیاتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و دەوری پرۆلیتاریا وەکو گۆڕهەڵکەنی

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

سەرمایەداری گۆڕابوو بەشتێکی دیکە؛ لە ناوچەیەک بووبوو بە ڕزگاری نیشتمانی، لە شوێنێک بە دیموکراسی و ڕیفۆرم، و بگرە جۆرێک لیبرالیزم! بۆنمونە تۆخکردنەوەی دیموکراسی وەکو پێناسەی پارتە بەناو کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای رۆژاوا، جۆرێک پاشەکشە بوو لەو مەبدەئە ئەسڵەی مارکس و هەتا ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو. زۆربەی ئەحزابی ئەورۆ_کۆمۆنیزم دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایان ڕەتکردبۆوە، کە ئەمە جەوهەری مارکسیزمە. مارکس باسی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەکات وەکو زەرورەتێکی سیاسی بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی چینی کرێکار و کۆتاییهێنان بە دەسەڵات و مقاوەمەتی بۆرژوازی. بەبێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئیمکانی گواستنەوە بەرەو کۆمۆنیزم نییە. مارکس لە هەنگاوی یەکەمدا دەسەڵاتی کرێکار و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەکو زەرورەتێکی سیاسی سەیردەکات کە زەمینەکانی مقاوەمەتی بۆرژوازی لەبەین بەرێ و فرسەت بۆ چینی کرێکار برەخسێنێ ئاڵوگۆڕ بەرەو کۆمۆنیزم دابین بکات. ڕەوتەکانی بەناو کۆمۆنیزمی دوای شکستی ئەزمونی سۆڤیەت، ئەم بڕوایەیان نەبوو.

من کە ئەڵێم گەڕانەوە بۆ مارکسیزم، بێجگە لە گەڕانەوە بۆ فیکر و شیکردنەوەو فیکری و تیۆریەکانی مارکس، گەڕانەوە بوو بۆ چینی کرێکار وەکو ئەوەی کە جەوهەری ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگادا و وەکو پێویستی رزگاربوونی خۆی دەبێ ئاڵوگۆر لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا ئەنجام بدات، نەک ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان بچن و بەناو چینەکاندا بگەڕێین و چینی شۆڕشگێڕ بدۆزنەوە! گەڕانەوە بۆ مارکس مانای ئەوە بوو کە یەک چین ئەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا بکات، ئاڵوگۆڕێک لە سیستمی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا. تەنانەت نەک لەبەرئەوەی ئەم چینە شۆڕشگێڕە، بەڵکو بەناچاری هەر ئاڵوگۆڕێک لەم کۆمەڵگایەدا ڕوودبات پێویستی و زەرورەتی ئاڵوگۆڕە لە ژیانی ئەودا. واقعیەتی ژیانی ئەو ئەمەی درووست کردووە. ئاڵوگۆڕی سیاسی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ کرێکار هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ناچاریە! ئەم لێکدانەوەیە پێچەوانەی لێکدانەوە و مامەڵەی سەرجەم ڕەوت و بزووتنەوە بەناو کۆمۆنیستەکان بوو سەبارەت بە کرێکار و شۆڕشی کرێکاری و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا.

مەبەستم لە گەڕانەوە بۆ لینین و میتۆدی لینین، ئەوەیە کە لینین وەکو فکرو تیۆر و پراتیکی چینایەتیی کرێکار مارکسیزمی وەرگرت، بێجگە لەوەی کە لەڕووی فکری و تیۆریەوە

گەشەی بە مارکسیزم دا، کە لێرەدا فرسەتی باسکردنی نییە، بۆنمونە کتێبی (گەشەی سەرمایەداری لەروسیا) و بابەتە فەلسەفیەکانی و نوسراوەکانی (سێ سەرچاوە و سێبەشی مارکسیزم ) و (دەوڵەت و شۆڕش) و تاد....بەڵام لەڕووی پراتیکەوە مارکسیزمی تەواوکرد بەجۆرێک کە بەبڕوای من ئەتوانم بڵێم لینین مارکسیزمی زۆرتر لە مۆرکێکی تیۆری و فیکریەوە کردە ڕەوتێکی سیاسی-پراتیکی. ئەمە تایبەتمەندی لینینە. ئەو مارکسیزمی کرد بە مارکسیزمێکی دەخالەتگەری سیاسی و مەیداندار لە بواری ململانێی سیاسی- کۆمەڵایەتیدا، مارکسیزمێک کە نەک تەنها شیکردنەوە تیۆریە ئابوری و فەلسەفیەکان ئەداتە دەستی چینی کرێکار، بەڵکو چۆنیەتی گۆڕینیان بۆ پراتیکی سیاسی- جەماوەری ڕێکخراو نیشان دەدات. مەبەستم لەوەیە کە ئەو دەورەی مارکس بۆ پراتیکی ئینسان لە گۆڕینی هەلومەرجی مادی کۆمەڵایەتی دایدەنێت و پراتیکی ئینسانەکان لە دیاریکردنی مێژووی کۆمەڵاتیدا بە ناوکۆکەی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشان دەکات، لای لینین بەرەو کامڵبوون دەبرێ و دەبێتە پراتیکی سیاسی بەکۆمەڵی چینی کرێکار، ئەویش لەرێگای درووستکردنی حزبی سیاسی چینی کرێکارەوە، حزبێک کە ئامانجەکەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزارندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە وەکو هەنگاوی یەکەمی ئەنجامدان و سەرخستنی ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە. لینین لەرێگای حزبی سیاسی چینی کرێکارەوە هەوڵیدا هەژمونی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەستەبەربکات و رابەری چینی کرێکار بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی کۆمەڵایەتی دابین بکات. دەخالەتگەری سیاسی و وەڵامدانەوە بە گرێ و گۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا خاسیەتێکی گرنگ و تایبەتی لینین بوو، کە توانی نەک هەر چینی کرێکاری روسیا بگەیەنێتە دەسەڵات، بەڵکو لە رێگای دەخالەتگەری سیاسیەوە لە ئاستی کۆمەڵگا و وەڵامدانەوە بە پرسە هەستیارە کۆمەڵاتیەکان، چینی کرێکار بکاتە رابەری ئاڵوگۆڕی سیاسی- کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

ئەم میتۆدەی لینین، واتە ئەوەی کە چۆن چینی کرێکار ئامادە دەکات بۆ شۆڕش و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی، لەسەرجەم پراتیکی سیاسی و لە تێگەیشتنی فکری و سیاسی لینیندا جێگای سەرەکی داگیر دەکات. هەروەکو بلیخانۆف دەڵێ" لە ڕۆژی یەکەمەوە خەیاڵی لای ئەوەیە کە چۆن بگاتە دەسەڵات". یانی لینین لەو ڕۆژەوە کە خۆی وەکو کەسایەتیەکی مارکسیست دەناسێت، دەنوسێت، هەڵسوڕانی فکری و سیاسی دەکات،

ڕێکخراو درووست ئەکات... لەو ڕۆژەوە کە پێداگری لەسەر خەباتی سیاسی چینی کرێکار دەکات، لەبەرامبەر ڕەوتە سەندیکالیستی و ئیکۆنۆمیستەکانی روسیادا کە کاری سیاسی بۆ بۆرژوازی جێدەهێڵن و خەباتی چینی کرێکار تەنەگەبەر دەکەنەوە بە خەباتی ئابوری، لەو کاتەوە لینین وەکو رابەری ڕەوتێکی سیاسی کۆمۆنیستی لەناو خودی بزووتنەوەیی کرێکاریدا تەرکیز ئەکاتە سەر بایەخی حزب و خەباتی سیاسی و گرنگی گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە. بەڕای من لینین لەسەرەتای کاری سیاسی خۆیەوە هەوڵی بۆ ئەوەیە کە چینی کرێکار بۆ شۆڕش ئامادە بکات و توانیشی لە پرۆسەیەکی سیاسی و هوشیاریدەرانە و ڕێکخستنی حزبیدا چینی کرێکار بگەیەنێتە دەسەلات. مەنسور حکمەتیش، بەرای من ئەم ئامانجەی هەبوو. واتە لەیەکەم ساتەکانی دەستکردنی بە کاری سیاسی یەک پرۆسەی گرتوەتەپێش، ئەویش بڕینی هەنگاوەکان بەرەو دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار و وەلامدانەوە بە ئامادەییە سیاسی و فکری و عەمەلیەکان.

پێشتر ووتم، کە مەنسور حکمەت لەو ڕۆژەوە گروپی سیاسی بەناوی (سەهەند) و دواتر (یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست- اتحاد مبارزان کمونیست) دروست ئەکات، بەناو پرۆسەیەکی مێژوویدا ئەڕوات کە زۆر هەوراز و نشێوی تێدایە، بەلام سەرەنجام هەموو بیر و فکرو کارە تیۆریەکانی و پراتیکی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی و حزب دروستکردنی، وە سەرەنجام گۆڕینی حزب بۆ حزبی سیاسی دەخالەتگەر و کۆمەلایەتی، بۆ ئەوەیە کە چۆن چینی کرێکار بە دەسەلات بگەیەنێ. وەلام بە گرێوگۆڵ و ڕێگریەکان ئەداتەوە. وەلام بە ڕێگریە فیکری و سیاسیەکان، کەموکوڕیە ڕێکخراوەیی و حزبیەکان دەداتەوە، گرفتەکانی ڕێکخستنی جەماوەریی چینی کرێکار شەنوکەو دەکات و ڕێگای دروست نیشان دەدات! لە یەکەم جاردا، بەحوکمی ئەوەی لەناو شۆڕشی ئێرانەوە سەرهەلئەدا، وەلام بە گیروگرفتەکانی چینی کرێکار لە شۆڕشدا ئەداتەوە، کرێکار بۆ نەیتوانی دەورونەخشی کاریگەر و سەربەخۆی هەبێ و خۆی دەسەلات بگرێ یان چمکێکی دەسەلاتی بەدەستەوە نەگرت!؟ کێشە سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەییەکانی چییە؟ یانی ئەیەوێ کۆمۆنیزم بگەیەنێتە دەسەلات و ئەوەی کە عوسمانیش باسی کرد (ئایا کۆمۆنیزم لە ئێراندا سەرئەکەوێ؟) و هەروەها ( باسی حزب و دەسەلاتی سیاسی و حزب و کۆمەلگا) بۆ ئەوەیە کە ئەیەوێت کۆمۆنیزم بگەیەنێتە دەسەلات. لێرەوەیە کە ئەلێم میتۆدی لینین و

تەوەرێک دەربارەی

میتۆدی مەنسور حکمەت هەمان شتە، کە هەردووکیان هەوڵیان دا چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بگرێ، لینین توانی ئەو ئەرکە ئەنجام بگەیەنێ، بەڵام مەنسور حکمەت هەوڵی دا و بۆی تێکۆشا. دیارە ئەوەی کە مەنسوری حکمەت نەیتوانی ئەو ئەرکە ئەنجام بدات پەیوەندی بە خودی خۆیەوە نییە، زۆر فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت بزووتنەوە و حزبی هەیە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران و چ لەسەر ئاستی دنیادا کە هێشتا ئەو کارەی بۆ مەنسوری حکمەت، تا ئەوکاتەی لەژیاندا بوو، فەراهەم نەکردبوو. رەنگە ئەگەر مەنسوری حکمەت چەند ساڵێکی دیکە بژیایە، ئاکامێکی ئەو هەوڵانەی دەربکەوتایە و بەشوێنێک بگەیشتایە، وەکو چۆن ئەگەر لینین لە کاتی شۆرشی شوباتی ساڵی ١٩١٧دا بمردایە، رەنگ بوو شۆڕشی ئۆکتۆبەر رووی نەدایە!

## جەمال موحسین:

دەستت خۆش بێ، من بۆ ئەو مەسەلەیەی دەسەڵاتی سیاسییەوە دێمەوە لاتان وەک تەوەرێکی تایبەت، منیش بۆم گرنگ بوو. ئێستا ئەچمە لای خەسرەو و دوایی بەتایبەت دێینەوە سەر مەسەلەی شۆڕش و پراتیک و دەسەڵات.

## خەسرەو سایە:

لەم دەورەیەدا من ئەمەوێ بەشێوەیەکی گشتی باسی میتۆدێک بکەم کە مەنسور حکمەت لەسەری ڕاوەستا. پێشتر لەژێر کاریگەری مەکتەبی "مارکسیزم لینینیزم" لەسۆڤیەت کە لە سەردەمی ستالین بەدوای شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شکڵی گرت ئەو سونەتە لە جووڵانەوەی چەپدا زاڵ بوو کە مارکس فەیلەسوفە و مارکسیزمیش فەلسەفەیەکە و ئۆتۆماتیکیش دابەشدەکرا بە دوو بەشەوە، ماتریالیزمی دیالەکتیک و ماتیالیزمی مێژوویی. مەنسور حیمەت ئەم سونەتە لە میتۆد و بەرخودکردن بە مارکسیزم و ڕوانگەکەی قەبوڵ نەکرد و چەمکی ماتریالیزمی پراتیکی، لە مارکس و لینینەوە بەدەستەوەگرت و لە ژێر تەپوتۆزی میتۆدە میکانیکی وئایدیالسیتیەکان دەریکێشا. بۆ ئەو پراتیک بە مانا گشتیەکەی، پراتیکی کۆمەڵایەتی ئینسان لە کۆمەڵگا وسیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها پراتیکی شۆڕشگێرانە بەمانا تایبەتیەکەی، وەک جەوهەر و خاڵی دەستپێکردن بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆر، پێداگری لێکرد. پراتیکی شۆڕشگێرانە، یانی ئەوەی کە پێی دەڵێت "ڕەگەزی چالاک"

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

دەمانباتەوە سەر چینی کرێکار و جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان وسونتەت و هەڵسورانێکی هەمەلایەنە کە لە جەرگەی کێشمەکێشێکی واقعیدا بەرامبەر بە چینەکانی تر و لە پێشیانەوە چینی بۆرژوازی و جووڵانەوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی، مێژوو دیاری دەکەن. لەم پەیوەندەشدا مێژوو خۆی لەخۆیدا غایەت/ئامانجێکی نییە، بەڵکو ئەوە چینەکانن کە لەڕێگای جولانەوە کۆمەلایەتیەکانیانەوە و بەئاسۆ و مەشغەڵە و ئامرازەکانی تایبەت بە خۆیانەوە، لەسەر کۆمەڵە بابەت و گرێوگۆڵی سیاسی وئابوری و قانونی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیش دەکەونە بەرامبەر بەیەکەوە و لێرەشەوە دێنە ناو مێژووە و سەرەنجام دروستی دەکەن. بەم مانایەیە کە مێژوو بەرئەنجامی کێشمەکێشی چینەکانە. دروست مەنسور حکمەت، لەو خاڵەوە کە عوسمان باسی ئەکات، یانی سازدانی شۆڕشی سۆشیالیستی، وەک غایە و ئامانجێکی بنەڕەتی ڕوو لەمێژوو دەکا و وەک ڕەگەزێکی چالاک دەکەوێتە شوێن سازدان و هێنانەمەیدانی جووڵانەوەیەکی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و ڕزگارکردنی لە زوڵم و دابەشبوونە چینایەتیەکان و لە ستەم و هەڵاوارندێک کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەرجەستەیە، لەپێشیانەوە ستەمی کاری بەکرێ. لەم کۆنێکستەشدا گەڕانەوە بۆ مارکس و بۆ تیۆر پێویستیەکی کۆمەڵایەتی و چینایەتیە بۆ ئەو ڕووی لەوەیە تا ئیمکان بوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی چینی کرێکار تەبریرکات و بیسەلمێنێ. ئەو لێرە و لەسەر ئەم بنەمایە چەمکی پراتیکی ئینسانی وپراتیکی شۆڕشگێرانەی ڕەگەزی چالاک دێنێتە کایەوە.

بەم جۆرەش خاڵی بنەرەتی لەمیتۆدی حیکەمەتدا ئیمکان بوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارە. ئەو بە پێچەوانەی ئەو میتۆدە پاسفیستی و پاشکەوتویەی کە لای بلیخانۆف وسۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا، ڕەواجی هەبوو، کە شۆڕشی کرێکاریان وە ک کردەیەکی حەتمی و خۆبەخۆ لە پرۆسەی گەشەی ئابوری سەرمایەداریدا دەبینی و وەک بەرئەنجامێکی شێنەیی لەپەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهینانەوە بۆیان دەڕوانی، شۆڕشی سۆشیالیستی وەک ئیمکانێک بەرئەنجامی پراتیکی شۆڕشگێرانە و هۆشیارانەو ئامانجدارانەی عونسری چالاکی کۆمۆنیستی وکریکاریە، کە سیاسەت و تەحەزو ب و تەشەکول تێیدا مەرکەزە. مەنسور حکمەت ئەم میتۆدەی هەڵوەشاندەوە و ڕای گەیاند سۆشیالیزم حەتمی نییە، بەڵکو ئیمکانێکە کە لە پراتیکی ئینسانی و بە پلەی یەکەم پراتیکی

## تەوەرێک دەربارەی

شۆڕشگێڕانە و چۆنێتی سازدان و هێنانە مەیدانی هێزێکی کۆمەڵایەتیەوە کە چینی کرێکارە سەرچاوەدەگرێ و ئەکرێ ئیمکانی ئەم شۆڕشە ببێت. لێرەشەوە گەڕانەوەی ئەو بۆ کرێکار، جێگەوڕێگە کۆمەڵایەتی وئابوریەکەیەتی، نەک ئەوەی چینێکی هەرە داماو و هەژاری کۆمەڵگایە، یان مرۆڤێکی تەکنیکی و تێکەڵ بووە لەگەڵ تەکنەلۆجیا دا، وە یان لەوانیتر توێژێکی بەژمارە زیاترن. بۆ ئەو هیچ یەکێک لەم لێکدانەوانە بۆ چینی کرێکار بنەما نییە، بەڵکو جێگەوڕێگەی کرێکار لە سیستمی کۆمەڵایەتی / ئابوری بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، وەک هاوڕێیانیش ئاماژەیان پێدا، ئەو تایبەتمەندیەی هەیە لەهەر چین وبەشیکی تری کۆمەڵگا کە ناچارە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە چەوسانەوەی کاری بەکرێ، دەبێ کۆمەڵگا ڕزگاری بکات، هەربۆیە ڕزگاری کۆمەڵگاش بەڕزگاری ئەم چینەوە بەستراوەتەوە. کرێکار ئەو چینەیە کەهیچ جۆە بەرژەوەندیەکی لە سەرکوت و ستەم و چەوسانەوە و هەلاواردنی ئینسانەکاندا نییە. بۆ نمونە فیمینیستێک ئەتوانێ جووڵانەوەیەکی ژنان بۆ ڕزگاری ژنان لەستەمی قانونیو فەرهەنگی بەڕی بخات، بەڵام ناتوانێ هەموو کۆمەڵگا لە هەموو ستەمێکی تر ڕزگاری بکات. هەروەها ناسیۆنالیستێک ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەنواعی تیۆری بۆ ئەوەی کە بتوانێ مەسەلەی میللی پێ چارەسەر بکات، بەڵام ناتوانێ وەڵام بە ستەمەکانی تر بداتەوە. بەگشتی چینی بۆرژوازیو جولانەوەکانی ئەتوانێ زۆرشت بگۆڕن، تەنها دوو مەسەلە نەبێت ئەویش مەسەلەی گۆڕینی خاوەندارێتی تایبەتی و هەڵوەشانەوەی سیستمی کاری بەکرێیە، کەسەرچاوەی هەموو نابەرابەریەکانی دونیای ئەمڕۆیە. وەڵامدانەوە بەم دوومەسەلەیەش ئەرکی چینی کرێکارو شۆڕشەکۆمەڵایەتیەکەیەتی.. خودی ئەمە جێگاو ڕێگای شۆڕشگێرانەی تاسەری چینی کرێکار لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەردەخات.

ئەم میتۆدەی مەنسور حکمەت باشتر خۆی دەردەخات کاتێک بۆ داکۆکیکردن لە میتۆدۆلۆژی لینین، ڕەخنە لە ڕێکخراوی "وەحدەتی کۆمۆنیستی" دەگرێ وئاماژە بەوەدەکات کە میتۆدۆلۆژی لینین وەک میتۆدۆلۆژی مارکس نە لە کاپیتاڵەوە دەستپێدەکا و نە لە شیکردنەوەی ئابوری سەرمایەداریەوە، بەڵکو لەڕەخنەگرتن لە ماتریالیزمی فەلسەفی و ڕەوشتێک کە ئەم ماتریالیزمە میتافیزیکی ومیکانیکیە لە مەعریفەناسی/ ئیبسمۆلۆژیا وجود ناسی و ئینسان ناسیدا، بەکاری دەبات وهەموشتێک دەباتە نێو پەیوەندی نێوان مادە

و هۆشەوە وهیچ جێگایەکیش بۆ پراتیکی کۆمەڵایەتی ئینسان و پراتیکی شۆڕشگێرانەی ئەو ناهێڵیتەوە. میتۆدۆلۆژی مارکس، هەوەها میتۆدۆلۆژی لینینیش، لە ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و لە تێزەکانیدا بەرامبەر بە ماتریالیزمی فۆرباخ دەست پێدەکات، لەوێشدا ماتریالیزمی پراتیک وەک بنەمایەک بۆ وجود ناسی و تیۆری مەعریفە و.. بەکاردەبرێ وخودی هەر ئەم میتۆدەشە کە دواتر مارکس لە مەیدانی ڕەخنەی ئابوری سیاسیدا بەکاری دەبات، تا نیشانی بدات سەرمایەداری وەک سیستەمێکی بەرهەمهێنان چۆن کاردەکا و ئینسانی کرێکار، وەک فرۆشیاری هێزی کاری خۆی، چۆن وەک تەنها چینێکی تاسەر شۆڕشگێر لەڕزگارکردنی کۆمەڵگادا، جێگای گرتووە.

لێرەوەیە باسی پراتیکی شۆڕشگێرانە لەمیتۆدی لینیندا وەک میحوەری ئەسڵی بۆ بردنەپێشەوە مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری و بەکردەوە دەرهێنانی ئیمکان بوونەکەی، لە میتۆدی مارکسەوە، یانی لە ماتریالیزمی پراتیکیەوە دەستپێدەکا و بەرەوە ئامادەکردنی چینی کرێکار و دابین کردنی مەلزوماتەکانی شۆڕشی ئەم چینە چ وەک سیاسەت و تاکتیک، ستراتیژ و بەرنامە، حزب و ڕێکخراوە.. تێکۆشانی خۆی دەگرێتەبەر وهەر لێرەشەوە مەسەلەی تیۆری ئەبێتە بەشێک لەم پراکتیکە شۆڕشگێرانەیە. بەم جۆرەش حیکمەت پێمان دەڵی کە میتۆدۆلۆژی لینین لە ئابوری ڕوسیا و شیکردنەوەکەیەوە دەستپێناکات، تەنانەت لێکدانەوەی دیاریکراو بۆ هەلومەرجی دیاریکراو بنەمای میتۆدۆلۆژی ئەو نییە، بەڵکو لینین بۆیە هەلومەرجی تایبەت شیدەکاتەوە و دەست دەبات بۆ هەڵسەنگاندنی ئابوری ڕوسیا، تا بیسەلمێنێت کە هێزی دوارۆژ کرێکارە و شۆڕشێک کە ئەم چینە ئەیکات ئەتوانێ کۆمەڵگا بەرەوپێشەوە بەرێت. واتە نە جوتیار وەک ئەوەی نارۆدنیکەکان باوەڕیان پێی هەبوو، وە نە توێژی ڕۆشنبیر، نە لیبرالەکان، هیچ یەکێک لەمانە "پیاوی دوارۆژ" نین و ئەگەر ئاڵوگۆڕیش بکەن بەپێی جێگەوڕێگە و ئامانجێک کە خۆیان هەیانە لە مێژووی ئەو قۆناغە دا دەمیننەوە کەتێیدا راوەستاون. دروست مەنسور حکمەت کاتێک رەخنە لەسەرمایەداری وابەستەی ئیران دەگرێ دەیەوێت پێمان بڵێت کە "بۆرژوازی نیشتمانی وشۆڕشگێر" نەک هەر وجودی نییە بەڵکو ئەفسانە و درۆیەکە تا ڕۆڵی کرێکار و شۆڕشەکەی بە فەرامۆشی بسپێردێ و لە بەرنامەی کاری هێزە کۆمۆنیستیەکان دەربهێنرێت. تەنانەت کاتێک کە ئەو دەستدەبات بۆ شیکردنەوەی ئیسلاحاتی ئەرزی سەردەمی شا، بۆئەوەیە کە بیسەلمێنێ

## تەوەرێک دەربارەی

ئێران وڵاتیکی سەرمایەداریە و هەلومەرجەکە وا گۆڕاوە کە پەیوەندی کارو سەرمایە خۆی بکێشێتە لادێکانی ئێرانەوە و ململانێی کرێکار و بۆرژوازی، چ لادێکاندا وچ لەسەراسەری ئێراندا ململانێی ئەسڵیە، نەک لەنێوان دەرەبەگ و جوتیاردا. ئەگەر لە هەندێ ناوچەش هێشتا ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری پێنەگەیشتووە ململانێی نێوان خەڵکی هەژار و جوتیاری لادێ و خاوەن زەوی و زارەکان ئامادەگیان هەیە، خودی ئەمەش بەشێکە لە درێژکراوەی خەباتێکی چینایەتی نێوان پڕۆلیتاریا و بۆرژوازی لەئاستی سەراسەریدا بە گشتی. لەمانەش زیاتر لەلێکدانەوەی قەیرانی ئابوری ئێراندا، حێکمەت بەشوێن ئەوەوەیە کە ناکۆکیەکانی نێو ئەم سیستمە بناسێ وڕەنگدانەوەی لەسەر چینی دەسەڵات و باڵەکانی بۆرژوازی و کارکردێک کە بۆ تێپەڕبوون لەم قەیرانە، بەرامبەر بە کرێکاران دەیگرنەبەر نیشان بدات، هاوکات ڕابەرانی کرێکاری ئاشنابکات بەوەی کە ئەم قەیرانە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیتحاد و یەکپارچەیی کرێکاران دروست دەکا و چ مەوانعێک دەخاتە بەردەم خەباتی چینایەتیانەوە. بەم جۆرەش بەکارهێنانی ئەم تیۆرانە لەلایەن مەنسور حکمەتەوە و لە گەڕانەوەیدا بۆ مارکس و بۆ لینین، بۆ کاپیتاڵ، شیکردنەوەی ئابوری... بۆ ئەوە بووە تا بیسەلمێنێ و نیشانی بدات کە ئیمکانی شۆڕشی سۆشیالیستی و هێنانە مەیدان و سازماندانی چینی کرێکار هەیە. ئەمە ئەو میتۆدەیە کە مەنسور حکمەت لە مارکس و لینینەوە وەریگرتووە.

ئەو بەم میتۆدەوە لە لێکدانەوەی جەنگەکاندا، لە پەیوەند بە هەلومەرجە سیاسیە جیاوازەکانەوە و لە هەر دۆخێکی دیاریکراودا، ئەو شوێنکەوتەی ئەم ڕایەڵەیە و ئەم ئیمکانبوونەی شۆڕشی سۆشیالیستی و پراتیکێکی شۆڕشگێرانەبووە کە ئاراستە بووە بۆی.

بەم مانایەش ئەو هەڵگری خەتێکی جیاواز و لێکدانەوە و میتۆدێکی جیاواز بووە.

ئەگەر لەگۆشەیەکی ترەوە سەرنج بدەین ئێمە دەبینین مارکس و تیۆریەکانی یەک جۆرە و لە ئەدەبیاتێکدا کۆکراونەتەوە، بەڵام لەولاشەوە جۆرەها ڤێرژن و خەتی سیاسی و فکری وعەملی بەناوی مارکسیزم و لینینیزمەوە دەبینین. لە مارکسیزمی ستالین و ترۆتسکیەوە تا ماو وئەنوەر خۆجەوە بگرە تا جەلال تاڵەبانی، لەئاڵتۆیسەر ومەکتەبی فرانکفۆرتەوە تا سەمیر ئەمین و فرانکو ومارکۆزە.. بۆچی ئەم هەموو جۆرە مارکسیزمە هەیە؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە هەر یەکە لەمانە لە دەوری ئەمرێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی شکڵیان گرتووە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ووەک جووڵانەوەی بەشیکی کۆمەڵگا و بۆ چارەسەری کێشەیەک و بەو ئامانجەشەوە چوونەتە ناو مێژووی ئەو کاتەوە و بۆئەمەش دەستان بۆ تێوەر بردووە تا مێژوو بەرەو ئەو ئامانجە بەرن وتەبریری بکەن. دروست مەنسور حکمەتیش وەک ڤێرژن ورەگەیەک لە مارکسیزمی سەردەم لەسەر بنەمای ئامانج و ئیمکان بوونی سازماندانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکار بۆ ڕزگاری کۆمەڵگا لە سیستمی سەرمایەداری ئەو دوو شتەی کە بۆرژوازی پێی ناکرێ، کەوتوتە شوێن پراتیکی شۆڕشگێرانەوە. ئەمە میتۆد و لێکدانەوەی ئەوە وەکو پشتێنەیەک لە یەکەمین نووسینەوە کە (خطوط عمده) یە تا ئاخرین باس کە لەسەر مەسەلەی جەنگی تیرۆریستی دوو جەمسەری تیرۆریستی کە دوای ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتێمبەر ئەینووسێ بە ڕۆشنی دیار و بەرجەستەیە.

### جەمال موحسین:

هاوڕێ عوسمان تۆ ئەتەوێ لەمبارەیەوە قسە بکەیت؟

### عوسمان حاجی مارف:

بەڵێ هەر لەم بارەیەوە چەند شتێک ئەڵێم، یەکەمیان ئەوەی کە جیاوازی ئەو خەتە سیاسیەی مەنسور حکمەت بە گشتی لە سەردەمی خۆیدا لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵسوڕانی سیاسی و شۆڕشی ئێرانەوە وەک خەتێکی تەواو جیاواز لە تەواوی چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەو کاتە دەردەکەوێت. بۆ نمونە لە دەورانێکدا دەکەوێتە سنوربەندی لەگەڵ تەواوی ئەو لایەنانەدا، نەک تەنها چەند ڕەوتێکی سیاسی بەناوی ماویزم و تێزی سێ جیهانی و خەتی سۆڤیەت ...هتد لە مەیدانی سیاسی ئەوکات باوی بوو، بەڵکو گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە مەسەلەکە هەر بوونی حزب و لایەنی سیاسی بەناوی کۆمۆنیستەوە نەبوو، بەڵکو وڵاتێکی وەک سۆڤیەت بە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی ناوبانگی هەبو هەروەها چین وەک ووڵاتێک کە کۆمۆنیستە ناسراوە.. هەموو ئەمانە لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا وەک دوو ووڵاتی زلهێز هێژمۆنی سیاسی و فکریان لەسەر تەواوی ئەو ڕەوتە سیاسیانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەناساند هەبوو، هەرچەندە هەر یەکێک لەو زلهێزانە یا ئەو وڵاتانەی ناوبانگی دەوڵەتی سۆشیالیستیان هەبوو وەک بەرەی جیاواز هەر

لایەنێکیان ئەوی تری پێ سۆشیایلستی نەبو، بەڵام ڕەخنەی هەریەک لەو بەرانە لە بەرامبەرەکەی لەو واقعیەت و دیدگایەوە نەبو کە وەک وڵاتێکی سەرمایەداری پێناسەیان بکات، جا چین سۆڤیەتی پێ سۆشیالیستی نەبووە، ئەلبانیا ئەوانی پێ سۆشیالست نەبوو یان بە پێچەوانەوە. بەڵام هیچ یەکێک لەوانە نەچوونەتە سەر ئەو پێناسە و ناساندنە واقعیەی کە هەموو ئەوانە سەرمایەی دەوڵەتی بوون. ئەوەی جیاوازی سنوربەندی ڕەخنەی مەنسور حکمەت لە تەواوی ئەو وڵاتانە، دەرهێنانی ئەو ئەنجامە واقعیە بو کە هەمویان لە ڕیزی هەمان وڵاتانی سەرمایەداری لە جیهاندا پێناسەکرد، ئەمەوێ لێرەوە بچمە سەر دوو شت. یەکەمیان، ڕەخنەگرتن لەوەی کە ئەو وڵاتانە هیچیان سۆشیالیستی نین، دووەم جگە لەوەی وڵاتانێکی سەرمایەدارن هیچ پێناسەیەکی تریان بۆ ناکرێت. مەنسور حکمەت دەربڕینێکی سەرنج ڕاکێش و سادەی هەیە کە ئەڵێ: "ئەگەر بە هەر وڵاتێکدا تێ پەڕیت و کاری بەکرێت تیا بینی ئەوە ئەو وڵاتە سەرمایەداریە و سۆشیالیستی نییە..!."

ئەبێ هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، پەیوەندی کارو سەرمایە، لەوێوە دەست پێبکات کە کاری بەکرێ نەمێنێ و هەڵبوەشێتەوە، لە چین یان ڕوسیا یان هەر شوێنێکی دنیادا کە بانگەشەی سۆشیالیزم وەک دامەزراوەیەکی سۆشیالیستی خۆی پێناسە دەکرد، مادام کاری بەکرێ بنەمای سروشتی بازاڕیان بووە نەک وڵاتێکی سۆشیالیستی نەبون و نین، وڵاتانێکی سەرمایەداری عەیارە ٢٤ن. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕەخنەیەیە کە مەنسور حکمەت هەتا بۆ میتۆدێک کە لەباری پراکتیکیەوە بەکاری دەهێنا ئەوەیە کە لە ڕێگای شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریەوە بەدوای بەجێ گەیاندنی کۆتایی هێنان بوو بە کاری بەکرێ، شۆڕشی کرێکاریش ئەوە ماناکەیەتی کە پرۆسەی پەیوەندی کار و سەرمایە هەڵبوەشێنێتەوە و لە دنیای واقعدا شتێک نەمێنێ ناوی کاری بەکرێ بێت. بەگشتی ئەوەی ئەو وڵاتانەی لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەدا بە ناوی سۆشیالیزمەوە هێژمونی سیاسی فکریان لەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنستی هەبووە ئەوە واقعیەتەکەیانە.

دواتر سەردەمێکی تر و واقعیەتێکی تر دنیای داگرت، کە شکستی ئەم ئەزمونەی وڵاتانی بەناو سۆشیالستیە بەتایبەتی دەوڵەتی شورەویی کە دەورانێکی تەواو لە دارمانی ئابوری و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

ناجێگیری سیاسی و کۆمەلایەتی بەخۆوە بینی، کە دوژمنانی چینی کرێکار و دوژمنانی کۆمۆنیزم نازناویان کرد بە شکستی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، کە لە دنیای واقعدا ئەم دیاردەیە زەربەیەکی قورس بو لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنستی. بەجیا لەوەی کە ئاماژەمان پێدا کە ئەو شکستە پەیوەندی بە ئەزمونێکی سیستمی سۆشیالیستیەوە نییە و قەیران و شکستی نمونەی و سەرمایەی دەوڵەتیە، بەلام لە کاتی خۆیدا دودڵی و بێ ئومێدیشی خستە ناوڕیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنستیەوە. بە جۆرێک دەوترا کە کۆمۆنیزم وەهمەو سەرناگرێ، شۆڕشی کرێکاری قابیلی سەرکەوتن نییە، ئەوەتا ئەوە نمونەی ئەزمونەکەی سۆڤیەتە و شکستی خوارد، ئەوەتا چینە بەوجۆرەیە و ئەو ولاتانەی تریشە کە پێیان ئەووترێ ئەوروپای ڕۆژهەلات بەرەو هەڵوەشانەوە ڕۆشتن. بەلام هەر لەو سەردەمەدا مەنسور حکمەت توانی کۆمۆنیزمێکی تر یان تەرحێکی تر، سیاسەتێکی تر، بەدەستەوە بدات. هەتا یەکەم وەلامی بۆ ئەو هێرشەی دەکرایە سەر سۆشیالیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئەوەی ڕاگەیاند کە دەبێت خۆمان و کۆمۆنیزمەکەی خۆمان بپارێزین. بۆ نمونە من لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا بووم قسەکەی ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم لە دەورانێکی سڕ بوندایە، ئێمە جارێ دەبێت هەوڵ بدەین و بتوانین خۆمان و کۆمۆنیزمەکەمان بپارێزین. جا بەڕاستی بەو مانایەی مەبەستی بوو توانی ئەو ڕۆڵە ببینێ کە نەک کۆمۆنیزمەکەی بپارێزێ، گەشەی ڕەوتێکی تازەی لە ئێران و ناوچەکەدا ناساند و جێگاو ڕێگای بارز کات لە ناو هاوکێشەی سیاسی و و کیشمەکێشی ڕەوتە کۆمەلایەتیەکاندا.

بە گشتی ئەمە ڕۆڵ و جێگەوڕێگەی ئەو ئینسانەیە کە ڕەخنەکانی لە تەواوی ڕەوت و لایەنەکانی تر جا لە دەسەلاتدا بوون یان نا، ناوی سۆشیالیزمیان لە خۆیان نابێ دەستکەوتێکی گەورەبون بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڤێرژنێک و خەتێکی تری بەدەستەوە دا و سەلماندی کە ئەوانە هیچیان سەربە شۆڕشی سۆشیالیزم نین، سەر بە چینی کرێکار و شۆڕشی کرێکاری نین. ئەو ڕەوت و لایەنانە هەتا چەمکی شۆڕشیان گۆڕیبوو بە خەباتی مەدەنی و دیمکراتی، پێناسەی مەوقعیەتی چینی کرێکاریان گۆڕیبوو. ناوەڕۆکی شۆڕشی کرێکاریان کردبوە شتێکی ترو سەرپۆشێکی تریان بەسەردا دابوو. مەنسور حکمەت ئەو سەرپۆشەی فرێداو کۆمۆنیزمی خستەوە سەر ئەرزی واقع، ئەمەی

## تەوەرێک دەربارەی

خستەوە ناو شەڕێک کە لەگەڵ تەواوی بۆچوونەکان و لەگەڵ خودی چینی بۆرژوازیدا هەیە و کە ئەبێ شۆڕشێک بێ کاری بەکرێ هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە بەڕای من تایبەتمەندیەکی گرنگی ئەم ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریەیە، ئەم ڤێرژنە تازەیەیە کە وەکو خەسرەویش ئاماژەی پێدا هەموو ئەو تیۆریانەی کە دەیکردنە سەرچاوەی تەرح و باسەکانی بۆ ئەوە کاری پێی هەبووە پێشوەخت خەتێکی هەیە کە بەدوای بەجێ گەیاندنی گۆڕینی دنیاوەیە،، مەوزوع و کارێکی عەمەلی هەیە و بە تیۆریەکەی بەهێزی ئەکات. نەک ئەوەی ئەو باسەی دروستە یان نا. مەسەلەن ئەو باسەی لەسەر شەڕی کەنداو، سەیر کە دنیا نارەزایەتی کرد بەرامبەر بە باڵادەستی ئەمریکا. ئەو هات لێکدانەوەی دا لەسەر جێگەوڕێگە و ڕۆڵ و باڵادەستی ئەمریکا بەدوای ڕوخانی بلۆکی شەرق کە چ مەئسات و کارەساتی بە دوادا دێت و ئێستا هەمووان ئەیبینین، واقعی بوونی تیۆریەکەی ئەو نیشان ئەدات. واقعیەت ئەوەیە کە چۆن کرێکارانی جیهان شەڕ بکات لەگەڵ ئەو تەوەجوهەدا و چۆن چینی کرێکار بەهێزبکرێ کە بچێتەوە سەر ئەسڵی شۆڕشەکەی خۆی، ئەمانە جیاوازی و ڕۆڵی مەنسور حکمەتە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتیدا کە وەکو پێشتریش وتم دەرسێکە لە لینین و مەوقعیەتی ئەو وەریگرتووە.

من شتێک وەکو نمونە بهێنمەوە شەخسی بیلخانۆف کە باسەکانی مارکس و ئەدەبیاتی مارکسی تەرجەمەکردوە و شەخسی خۆشی دەوری بووە لە ڕووسیادا، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کێشمەکێشدا بووە لەگەڵ ڕابەری بەڵشفیکەکان و بەتایبەت لینیندا. لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، قسەیەکی بلیخانۆف هەیە کە ئەڵێ:" یەکێک لە هەڵەکانی ژیانی سیاسیم ئەوەیە کە لە لینین تێنەگەیشتم". لە هەمان کاتدا ئەو خۆی لەگەڵ لینیندا کێشمەکێشی کردووە و وەڵامی داوەتەوە بەڵام بۆ ئەوەی کە لینین سەرکەوتن بەدەستئەهێنێ و لەباری پراکتیکی کۆمەڵایەتیەوە ئەتوانێ ئەو شۆڕشە بە ئاکامێک بگەیەنێ نەخش و مەوقعیەتی لینینە. بەڕای من کەسانێکیش گەر بیانەوێ مەنسور حکمەت بناسن ئەبێ مەوقعیەتی ئەو پراکتیکە شۆڕشگێڕانەیە، ئەو ڕۆڵەی کە ئەیویست و هەوڵی ئەدا کۆمۆنیزم لە ئێراندا بەدەسەڵات بگەیەنێ و حکومەتی کرێکاری دابمەزرێنێ و میتۆدەکەی ئەو ببینن. ئەگەر ڕەخنەیەک هەیە ئەبێ لەمە بگیرێ، ئایا مەوقعیەت و ڕۆڵی ئەو ئەوە بوو؟ خاڵێکی تریش بۆ نمونە ئەوەی کە لە باسەکانی ئەودا هەیە و لە قسەوباسە شەخسیەکانیشی لە کۆڕ و

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

کۆبوونەوەکاندا کردوویەتی ئەوەیە کە خودی بەلشفیکەکان و لینین بەشێک بوون لە خەباتی واقعی کرێکاران. بەجیا لەوەی کە ئەو دەوڵەتە دوایی سۆشیالیستی نەبووە و دەوری چینی کرێکار وەلانراو شکست بە شۆڕشەکەی هێنرا، بەڵام مەنسور حکمەت بە جیا لە گەڕانەوەی بۆ مارکس و ئەو ڕەخنانەی کە بووی بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی بەوە هەبوو کە خودی حزب کە ئامرازی دەستی چینی کرێکارە لەناو مەوقعیەتی کرێکاراندا ئەبێ پێکبێت و دابمەزرێ، لە پەیوەند بە خەباتی ئەوەوە ئەبێ دابمەزرێ. وە کێشە و ڕێگریەکانی و ستراتیژیەتی گشتی ئەو حزبە بە مانایەک ئەگەر لە واقعیەتی خەباتی ڕۆژانەی، چ نهێنی یان ئاشکرا، و خەباتی ئابوری و سیاسی کرێکارەوە نەبێ ئەوە خەباتی چینی کرێکار نییە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی. ئەوە شتێکی ترە بەجیا لەوە هەر ئیدعایەکت هەبێ هەتا ئەگەر لە باسدا بگەڕێیتەوە بۆ کاپیتاڵ و بڵێی لەوێوە سەرچاوە ئەگرم. بەڵام ئەگەرئەو حزبە سیاسەتەکەی بەرنامەکەی مەوقعیەتەکەی بەشێک نەبێ لە خەبات و ژیانی کرێکاران ناتوانێ کۆمۆنیزم بە دەسەلات بگەیەنێ، ناتوانێ حکومەت و دەسەلاتی چینی کرێکار جێگیر بکات. تەوەجوهێک کە مەنسور حکمەت بووی و تیۆریەک کە پشتی پێ دەبەست و بەکاری دەهێنا بەرجەستەکردنەوەی واقعیەتی گەشەی خەباتی چینی کرێکار بو بۆ شۆڕشی کرێکاری. ئەمەیە حەقانیەت و واقعی بوونی تیۆری و پراتیکی مەنسور حکمەت.

### موحسین کەریم:

من تێبینیەکی تر زیاد بکەم، هەرچەندە ئاماژەیەکم بۆ کرد لە مەسەلەی ریفۆرم و شۆڕشدا. بەتایبەتی لەناو چەپی جیهان سێیەمی و چەپی عێراق و ئێران و ئەم وڵاتانەدا مەسەلەیەک هەبوو کە جیاکردنەوەو قۆناغبەندی شۆڕش بوو. ئەوەی کە بە جۆرێک ئەگەر تەنانەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە بەرنامەی سیاسی حزبە بەناو کۆمۆنیستەکاندا ئاماژەی پێنەکرایە، بەڵام بە عەمەلی و بە هەڵسوڕان و بە نەریت و پراتیکی سیاسیەوە، ئەوە ماناکەی بوو کە جارێ سەردەمی شۆڕشی دیموکراسیە و کاتی شۆڕشی سۆشیالیستی نەهاتوەو زەمینەی بابەتی و کۆمەڵایەتی ئامادەنییە بۆ ئەنجامدانی ئەو شۆڕشە! یانی کاتی ڕیفۆرم و شتی لەو بابەتەیە. تەنانەت چەمکی شۆڕش لەناو بیرکردنەوەی ئەو جۆرە کۆمۆنیزمەدا شۆڕشی سۆشیالیستی نەبوو. شۆڕش لای ئەو چەپە، شۆڕشی هەموو خەڵک بوو، شۆڕشێکی دیموکراتیک بوو، شۆڕشێک کە ریفۆرمی سیاسی و ئابوری دەکات و

## تەوەرێک دەربارەی

نیشتمان ڕزگار ئەکات و سەربەخۆیی بەدیئەهێنێ و لەم چواچێوەیەدا بوو. یانی ناوەرۆکی ئابوری شۆڕش لەو تێگەیشتنەدا جۆرێک لە ئابوری نیشتمانی بوو. بەشێوەیەکی گشتی نەک لەئێران، بەڵکو لەئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەمیشدا ئەمجۆرە تێگەیشتنە لەشۆڕش باو بوو، بە هیچ شێوەیەک مەسەلەی شۆڕشی سۆشیالیستی لەگۆڕێ نەبوو. شۆڕشی سۆشیالیستی وەکو روئیایەکی دووردەست و سەراب تەماشا دەکرا!

ئامانجی ئەو حزبانەی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست ناودەبرد، ستراتیژی سیاسیان، ئەنجامدانی شۆڕشی دیموکراتیک بوو نەک شۆڕشی سۆشیالیستی، مەنسور حکمەت ئەم مەسەلەیەی کۆتایی پێهێنا. کۆتایی هێنانی بە قۆناغبەندی شۆڕش! مەنسوری حکمەت ئەوەی راگەیاند کە هەلومەرجی بابەتی دنیا، هەلومەرجی شۆڕشی سۆشیالیستیە و یەک جۆر شۆڕش هەیە، کە شۆڕشی سۆشیالسیتی چینی کرێکارە. بەڵام پەیوەندی نێوان ریفۆرم و خەباتی ڕۆژانەی کرێکاران بۆباشکردنی ژیان و گوزەران و هەلومەرجی کاریان، لەگەڵ ئامادەسازی زاتی چینی کرێکار بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی روون کردوە. هەڵبەتە ئەوجۆرە لە بیرکردنەوەی دۆگمایی بۆ شۆڕش لەناو چەپی غەیرەکرێکاری و کۆمۆنیزمی بۆرژوایی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، پشتی بەو لێکدانەوەیەی بەلشەفیەکان بەستبوو بۆ شۆڕش، کە شۆڕشی بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکرد؛ شۆڕشی دیموکراسی بۆرژوازی و دەسەڵاتی دیموکراسی شۆڕشگێر و هەروەها شۆڕشی سۆشیالیستی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری. ئەو بۆچوونەی بەلشەفیەکان لە شۆڕشی شوباتدا بەئاکام گەیشت و تەواو بوو. لینین کۆتایی بەمجۆرە لە قۆناغبەندی شۆڕش هێناو راستەوراست، دەستی دایە ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی کرێکاری. بۆ لینین شۆڕشی شوبات و دەسەڵاتی دولایەنەی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا تەنها تەمرینێکی سیاسی بوو بۆ چینی کرێکار تا خۆی ئامادەبکات بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی خۆی نەک قۆناغێک بێت کە کرێکار پاڵ بداتەوە و بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسی سازبداتەوە! ئەو بۆچوونەی کە سەرجەم رەوتە بەناو کۆمۆنیستەکان رەواجیان پێدابوو گوایە بە رەچاوکردنی ئەزمونی بەلشەفیەکان! مەنسور حکمەت دروست بەهەمان میتۆدی لینین مامەڵەی شۆڕشی کرد و ئەم تێگەیشتنە غەیرەکرێکاریەی لە شۆڕش کۆتایی پێهێنا کە لەناو چەپی نوێدا باڵادەست بوو!

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

### خەسرەو سایە:

هەر لە درێژی قسەکانی پێشودا دەمەوێت لایەنیکی تر لەدەرکی مەنسور حیکمەت بۆ میتۆدی مارکس و لینین باس بکەم ئەویش هەردوو چەمکی زهنی و عەینیی (زاتو مەوزوع، سەبجیکت و ئۆبجێکت) و پەیوەندی ئەم دوانە بەیەکەوە و بە ئیمکانی شۆڕشی سۆشیالیستیەوە. مەنسور حیکمەت بەپێچەوانەی ڕەوتە چپ وکۆمۆنیستەکانی سەردەمی خۆیەوە، (بگرە تائیستاش هەروایە) چەمکی زەهنی تەنها لەهوشیاری، یان شعور وئاگاهیدا، بەرتەسک ناکاتەوە، بابەتیش بەو شتە پێناسە ناکات کە لە دەرەوەی هۆش و زەینی ئینساندایە، بەڵکو بۆ ئەو فاکتۆری زهنی بەمانای عونسوری چالاک و ئاڵوگۆڕبەخشە، بەمانای هەموو ئەو قابلیەت و ئیمکاناتەیە کە لە دەستیدایە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، عونسوری چالاک و زەهنی هەمان پرۆلیتاریای شۆڕشگێر و ڕیکخراوە، کە لە هەمان کاتدا خۆی عەینیە و لە دەرەوەی بیری مرۆڤەکاندا بەسەربەخۆهەیە، بەڵام بابەتێکە لە ڕێگای پراتیکی شۆڕشگێرانەوە دەگۆڕی بۆ عونسوری چالاک و ئالوگۆڕبەخش. لەکەنار ئەمەشد فاکتۆری عەینی واتە مەوزوع لەلای مەنسور حیکمەت هۆکاری تەسلیم بوونی و چۆکدادانی ئینسان نییە لەبەرئەوەی ئامادە و پەرەسەندوو نییە، بەلکو چوارچێوەو هەلومەرجێکە بۆ کارکردن و بردنە پێشەوەی پراتیکی سۆڕشگێرانەی چینی کرێکار. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە مەنسور حیکمەت خۆی لە دوورەوت و دوو بۆچوون جیادەکاتەوە، یەکەمیان ئەو بۆچوون ورەوتەی کە سۆشیالیزم دوورە دەست و مەحاڵ ئەکات، بەدەلیلی ئەوەی کە هێشتا هەلومەرجی مەوزوعی بۆ کرێکار ئامادە نییە، وەیا هێشتا هیزەکانی بەرهەمهینانی سەرمایەداری برەوی بە کرەکاران نەداوە و توانای دەستبردن بۆ شۆڕشی پێنەبەخشیون، ئەم ڕەوتە تائەو ئاستە دەڕوا کە سۆشیالیزم وەک بەرئەنجامی حەتمی پرۆسەی ئابوری و ناکۆکیەکانی نێوان هێزی بەرهەمێینان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەبینی و بەم جۆرەش چینی کرێکار وەک چینێکی بیدەخاڵەت و پاسفیست لەبەرچاودەگرێ. ڕەوتەکانی وەک مەنشەفیزم و ڕیفۆرمیزم ودیموکراسی خوازی بەپشتیوانی ئەم دیدگایە ڤیرژنێکی بۆرژوازی لە مارکسیزم وکۆمۆنیزم دەدەن بەدەستەوە. ڕەوتی دووەمیان ئیرادەگەریە کە لە دەرەوەی واقعیاتە سیاسی و ئابوریەکان و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئامادەییەکانی چینی کرێکار و هەژمونی سیاسی و فکری و پەرەگرتنی ئاستی تەحەزوب و

## تەوەرێک دەربارەی

یەکگرتوویی و سەرەنجام قوتبی بوونەوەی ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە کۆمەڵگادا ئیمکانی شۆڕشی سوسیالیستی یەکسەرە دەکەنەوە و بەمەش یاری بە شۆڕش و خەباتی کرێکاران دەکەن، ئانارشیزم و پیلانگێری نوێنەرەوەی عەمەلی ئەم دیدگایەن. مەنسور حکمەت ڕێک وەک مارکس یاریکردن بە شۆڕش و خەباتی کرێکار و زەحمەتکێش ڕەتدەکاتەوە و لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە لەگەڵ ئەوەدا سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگا، لەرووی عەینی و مەوزوعیەوە شۆڕشی سۆشیالیستی ئیمکان کردووە، بەڵام لەو شوێنە کەهێشتا کرێکار لەڕووی تەحەزوب و ڕێکخراوبونەوە ئامادە نییە ئیمکان بوونی شۆڕشی کرێکاری بە کۆمەڵە پێداویستیەکەوە گرێدەداتەوە کە دەبێ لەهەر هەلومەرجێکدا بە پراتیکی شۆڕشگێرانە دابین بکرێ، بەم جۆرە مەنسورحیکمەت دەیەوێت هەلومەرجی بابەتی بناسێ تا بتوانێ پێشڕەوی چینی کرێکار بۆ شۆڕشەکەی بەدەستبهێنێ و ئاستەنگیەکانی وەلابنێ و بەم جۆرەش خۆی لەو جۆرە ئیرادەگەریانە جیائەکاتەوە. لەسیاسەتدا ناوەڕۆکی ستراتیژیەک کە مەنسور حکمەت پێداگری لەسەر دەکات مەسەلەی شۆڕشە. ڕێک وەک لینین ئەو ئەیەوێ لەڕێگای هاتنەکایەوەی هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەوە چینی کرێکار ڕێچکە بەرەو شۆڕشی سۆشیالیزم بگرێ و لەهەر هەلومەرجێکی تریشدا ئەوە میحوەرەی سیاسەت وتاکتیکە بۆی کە چۆن چینی کرێکار، لەو تەنگانە و بەربەستانە دەرکێشێ کە باری زهنی، یانی ئامادەیی ئەوی پەکخستووە. ئەمەش بە مانای ڕۆشنبینی سیاسی و ئاگاهی یەکگرتووبون و ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار وەک ڕیزیکی سەربەخۆ، کە مەرکەزەکەی حزب و تەحەزوبی سۆشیالیستی چینی کرێکارە.

## عوسمان حاجی مارف:

پێم باشە ئیشارە بە خاڵێک بدەم، خەسڵەتێکی باسەکانی مەنسور حکمەت وەک خەسرەویش ئاماژەی پێدا، ڕاستکردنەوە یان وەڵامدانەوە بەو دیدگا و بۆچونانەیە کە پێیان وایە سەرمایەداری لە زۆر شوێنی دنیادا گەشەی نەکردووە یان ماویەتی و بگاتە قۆناغی کامڵبونی سەرمایەداری، هاوڕێ مەنسور سنوربەندی و ڕەخنەیەکی جدی ڕۆشنی لەو بۆچونانە گرتووە و ئەوەی دەست نیشان کرد کە تەواوی دنیا وەک یەکەیەکی سەرمایەداری پێکەوە لکاوە و پەیوەستە بە یەکەوە، ئیتر ئەوەی بۆ نمونە لە شوێنێکدا زێدە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

قازانج "فوق سود" هەیە بەڵام ئەوەی جیهان یەک یەکەی سەرمایەداری و یەک بازاڕە لەمەسەلەکە ناگۆڕدرێت. بۆ نمونە ئەوانەی کە باوەڕیان بەوە هەبوو کە سەرمایەداری لە هەموو شوێنێک گەشەی نەکردووە، ئەو بۆچونەیان لێ بەدەست دەهێنا کە بۆرژوازی نیشتمانی ئەتوانێ دۆستی کرێکاران بن و شۆڕشی ڕزگاری و نەتەوەیی پێش شۆڕشی سۆشیالستیە، واتە بەمانایەک ئەوەیان ڕادەگەیاند کە لەباری مەوزوعیەوە جارێ زەمینەی شۆڕشی کرێکاری نییە و کاتی نەهاتووە. بۆ نمونە هەر بۆ ئەم جۆرە ئاراستەیە و بە ئامانجی شۆڕشی ڕزگاری و نەتەوەییەوە حزبی کۆمۆنیستیان دروست کردووە. بەم شێوەیە ئەو شۆڕشی ڕزگاریخوازیە بەسەرکەوتن بگەیەنن پاشان سۆشیالیزم دابمەزرێنن، ئەوەی کە سنوربەندی تەواوی لەگەڵ ئەم دیدگا و ئاراستەیەدا کرد مەنسور حکمەت بوو لەبەرامبەریدا پێشڕەوی ئەو خەتەی کرد کە دنیا یەک یەکە و یەک بازاڕە و لە هەموو شوێنێکی دنیادا لە کوێرە دێیەکەوە بۆ هەر شارو شارۆچکەو وولات و شوێنێک تەنها یەک سیستمی واقعی بەرجەستیە کە سەرمایەداریە. هەر بۆیە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە یەک شۆڕش ئەتوانێ دنیا بگۆڕێ و بەشەریەت ڕزگار دەکات تەنها شۆڕشی کرێکاریە. هیچ ئاڵوگۆڕێکی تر لەسەر گۆی زەوی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی پێکناهێنی و تەنها یەک شۆڕش هەیە ئەویش سۆشیالیستیە، ئەمە سنوربەندیەکی جدی بوو کە تەواوی ئەو بۆچوون و دیدگایانەی کە لەو چوارچێوەیەدا ئەسوڕانەوە لە زهنیەتی بەشێکی زۆر لە چەپەکانی ئێران و عێراق بە ئێمەشەوە بکاتە دەرەوە، بەو مانایە خەتێکی سیاسی تر و تازە بەرجەستە بوەوە.

### جەمال موحسین:

دێینە سەر تەوەرێکی تر لەم باسەدا بەڵام کاتیشمان دیاریکراوە. لە قسەکانی هەمووتاندا زۆر باسە هاتە سەر شۆڕش، شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و ئەمەش مەسەلەی ئەسڵی مەنسور حکمەت بوو بەو مانایەی کە شۆڕش خۆی پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە هەروەک مارکسیش جەختی لێکردۆتەوە. بۆ مەنسور حکمەتیش چ لە باسەکانی ڕەخنە لە شۆڕش یان ئەزمونی سۆڤیەتەوە بگرە تا شۆڕشی ئێران کە ڕەخنەی قوڵی دا بەدەستەوە نیشاندەری ئەوە بوو کە وەک مارکسیستێک مەنسور حکمەت بە دوای شۆڕش و پراتیکێکی شۆڕشگێڕانە و گەیشتن بە دەسەڵاتەوە بوو. فۆکەسی سەرەکی کۆمۆنیزمیش

## تەوەرێک دەربارەی

هەر ئەمەیە وەک مارکس و ئەنگڵسیش لەباری تیۆری وهەتا پراتیکیشەوە پێداگریان لێ ئەکرد کە بەبێ دەسەڵات و پراتیکی شۆڕشگێڕانە ئیمکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار نییە. وە هەر ئەوەش کە رەخنەیان لە کۆمۆنەی پاریس ئەوە بوو کە شۆڕش تەواو نەبوو و دەسەڵاتی کرێکار نەگەیشت بە جێی خۆی. ئەمە ناوەڕۆکی هەموو مەسەلەکە پێکئەهێنێ واتە پراتیکی شۆڕشگێڕانە و دەسەڵاتی سیاسی. با بێینە سەر ئەم مەسەلەیە. بەڵام بۆ سیمیناری دووەم دێینە سەر ئەوەی کە جێگەوڕێگەی حزب و تەحەزوبی کۆمۆنیستی چییە لەم پەیوەندەوە. لە ئێستادا نایەینە سەر ئەم لایەنەیان. با ئێستا بێینە سەر ئەوەی کە پراتیکی شۆڕشگێڕانە و مەسەلەی شۆڕش و پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە لای مەنسور حکمەت چۆن بووە؟

### خەسرەو سایە:

خەت و جیهەتگری مەنسور حکمەت لەپەیوەند بە مەسەلەی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، لەوێوە دەست پێئەکات، کەدەڵێت چینی کرێکار وکۆمۆنیستەکان، ناتوانن وڕێگا پێدراو نیین لە رێگای بەدەستهێنانی زۆرینەی پەرلەمانیەوە، وەیا لە ڕێگای ڕیفۆرمەکردنی شینەیی و هەنگاوبەهەنگاوی سیستەمی مەجودەوە بەرەو دەسەڵات برۆن، تەنانەت ڕێگە پێدراونین ڕێگەی کودەتاو پیلانگێری بۆ ئەم ئەرکە بگرنەبەر، بەڵکو گرتنی دەسەڵات لەلایەن کرێکاران و کۆمۆنیستەکانەوە لەڕێگای سازماندانی یەک هەستانی جەماوەری و شۆڕشگێرانەوە و لەسەر مەتنی هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە مومکین و ڕێگە پێدارووە، هەلومەرجێک کە بەرئەنجامی قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، چونکە دامەزراندنی حکومەتی کاتی شۆڕشگێر، یانی حکومەتی کرێکاری، بەبێ هەڵوەشاندنەوەی دامو دەزگای دەوڵەت و سەرکوتی مقاوەمەتی چینی بۆرژوازی پایەدار و راوەستاو نابێت. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە دەسەڵاتی سیاسی بەرئەنجامی ئەوەبێت کە هەموو کرێکاران لە ڕۆژێکدا لەسەر خەتێکی نارەزایەتی ڕاوەستن لە مانگرتنێکی جەماوەریدا دەسەڵات بڕوخێنن وبەرەو دەسەڵات برۆن، لیرەدایە کرۆکی بۆچوونی پراتیکی شۆڕشگێڕانەی مەنسور حکمەت لەپەیوەند بەمەسەلەی گرتنی دەسەلاتەوە دیتەئاراوە، ئەمەش بەو مانایەی کە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کەهێشتا کەمایەتی چینی کرێکاری لەخۆیدا ڕیکخراوکردوو ە(پێشرەوانی چینی کرێکارو رابەران وهەڵسوراوانی کۆمۆنیست) و

# ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

لەدرێژەی جەنگ وکێشمەکێشی نیوان جووڵانەوەکانی بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا لە هەلومەرجێکی قەیراناویی و شۆڕشگێرانەدا، توانیویەتی کۆمەڵگا لە دەوری ئاسۆی سیاسی و ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی جەمسەربەندی کرۆتەوە ولێرەشەوە پشتیوانی و لایەنگری زۆرینەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و هاوپەیمانانی کۆمەڵڵیەتی ئەم چینەی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، یانی ئەم حزبە سیاسیە کۆمۆنیستیە هەرچەند بچوکیش بێ و لە پێکهاتەکەیدا زۆرینەی دانەدانەی کرێکارانی لەخۆ نەگرتبێ بەڵام لەپرۆسەی جەنگ و کێشمەکێشی جووڵانەوەکان و ئاڵتەرناتیڤەکانیاندا بۆتە بابەتی هەڵبژێردراوی زۆرینە، وە لێرەشەوە توانای بردنی ئەم هێزەی بەرەو ڕێکخستنی گورزی کۆتایی یانی ڕاپەڕینی جەماوەری بۆ ڕوخان وگرتنی دەسەلات کەوتۆتەدەست. بەبڕوای من کرۆکی بۆچوونی مەنسور حکمەت بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە کە حزبی کۆمۆنیستی هیچ کاتێک ناتوانێ زۆرینەی چینی کرێکار بکاتە کۆمۆنیست پاشان بیانکاتە ئەندامی حزبەکەی و ئەوجا دەستبەرێ بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی، هەروەکو  چۆن حزبێکی ناسیۆنالیست وەیا لیبراڵ ناتوانێ چاوەڕیی ئەوەبێت وەیا ساسەتی خۆی لەسەر ئەوە دابنێ تا هەموو چینی بۆرژوازی بکاتە ناسیونالیست ولیبراڵ  ئەوجا بەرەودەسەلات هەنگاوهەڵگرێ. لەم پەیوەندەدا ڕۆزا لۆکسمبۆرک قسەیەکی دروستی وتووە:" ئەوە تاکتیکە کە حزبی بەلشەفی لە زۆرینەی جەماوەری کرێکار نزیک کردۆتەوە، نەک بە پێچەوانەوە".

مەنسور حکمەت لە باسی پراتیکی شۆڕشگێرانە و مەسەلەی گرتنی دەسەلاتی سیاسیدا، حزبی سیاسی کۆمۆنیستی بەخاڵی مەرکەز وەرگرتووە وئەوە ئەم حزبەیە کە بە تاکتیک و سیاسەتەکانی، بە نەخشە و هەڵسورانی کۆمۆنیستی خۆی پێشەنگ ورێبەری چینی کرێکار دەکات بەرەودەسەلاتی سیاسی. لێکدانەوەی ئەو بۆ قەیرانی سیاسی و هەلومەرجی شۆڕشگێرانە و خەسلەتەکانی دەوڵەت لەسەردەمانی شۆڕشدا، هەمووی بۆ ئەوەیە کە نەبەردەکان و سەنگەرەکانی جەنگ و کێشمەکێشی بزووتنەوە سیاسیەکان لەنێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا بناسێنێ و لە ڕێگای دەستبردن بۆ تاکتیکەکان و ڕەوشتەکانی خەباتەوە زۆرینەی چینی کرێکار و مەحرومانی کۆمەڵگا بۆ لای ئاڵتەرناتیڤی کۆمۆنیستی ڕاکێشێ.  بەم جۆرەش بۆ حیکمەت سیاسەت بە مانای بردنە پێشەوە و دەستبردنە بۆ ئەو کۆمەڵە تاکتیک و ئامرازانە کە بەهۆیانەوە هێز لە کۆمەڵگادا جێگۆڕکێ پێ دەکا و ڕۆڵی

بزووتنەوەکانی تری پێ ناکام دەکاتەوە. کاتێک حیکمەت حزب و تەحەزوبی کۆمۆنیستی بەخاڵی مەرکەزی لەپەیوەند بەدەسەڵاتەوە وەردەگرێ، مەسەلەی بەهێزکردنی ڕەوتی سۆشیالیستی چ لەناو چینی کرێکاردا وچ لەئاستی کۆمەڵگادا وەک فاکتۆرێکی بڕیاردەر سەرنجدەدات، هەربۆیە تەواوی لایەنەکانی پراتیکی شۆڕشگێرانە، رووی لەوەیە، هەروەک بۆ لینینیش وابوو، کە چۆن ئەم ڕەوتە هەژمونی خۆی بکا و رەوتە بۆرژوازیەکانی تر لەوانە لیبراڵیزم و ڕیفۆرمیزم، و ناسیونالیزم و ئەوانیتر ناکام و لاوەکی بکاتەوە و ببێتە ناوکۆکەی ئیتحاتێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کارگەری و زۆرینەی کۆمەڵگا و کرێکاران و بەشمەینەتان جەزبی سیاسەت و ئالتەرناتیڤی ئەم ڕەوتە ببێ..

هەر لەم پەیوەندەدا، لایەنێکیتر هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم :

مەنسور حکمەت لە کتێبی رزنمدگان و راهی کارگر، کێشە لەسەر سۆشیالیزمی خەلقی لە ئێران وهەروەها لە ڕەخنەگرتنیدا لە ریکخراوی وەحدەتی کۆمۆنیستی، مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە پەیوەند بە شۆڕشی بەردەوامەوە هەمان میتۆدی لینینەوە بەدەستەوەدەگرێ و لەهەلومەرجی تایبەتی شۆڕشی ئێراندا تەشخیس و تایبەتمەندی پێدەبەخشێ. ئەو لەسەر بنەمای دەرکێکی دیاری کراو لەڕەوتی خەباتی چینایەتی گرتنەبەری پرۆسەیەکی واقعی بۆ سەرخستنی شۆڕشی سۆشیالیستی، مامەڵە لەگەڵ شۆڕشێکی دیفاکتۆ و لەحاڵی حازردا دەکات و دەکەوێتە شوێن ئەوەی چۆن لەم شۆڕشانەدا پراتیکی شۆڕشگێرانە بەئاراستەی بردنە سەرەوەی قابیلیەتەکان و تواناییەکانی چینی کرێکار بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەبەر و ئەو هەلومەرجە بهێنێتە کایەوە کە چینی کرێکار تیایدا پەڕ و باڵ دەرکا و هێز بگرێ و یەکگرتووبێ و ئاستی تەحەزوبی بچێتە سەرەوە و هوشیاری چینایەتی بالابکات و سەرەنجام وەک عونسرێکی دەخاڵەتگەری چالاک ڕابەری کۆمەڵایەتی لەو شۆڕش و ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێرانەیەدا بەدەست بهێنێ کەهێشتا سۆشیالیستی نییە. ئەو لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا کە شۆڕشی ئێران چ جۆرە شۆڕشێکە، دیموکراتی یان سۆشیالسیتی؟

خۆی لەدوو دیدگای باو جیادەکاتەوە:

یەکەم لەبەرامبەر دیدگای پۆپۆلیستی راهی کارگەرو ڕەزمەندەگاندا، کەپێیان وابوو دەبێ شۆڕشی ئێران دەستی ئیمپریالیزم لەسەر سیاسەت و ئابوری ئێران هەڵگرێ و وابەستەیی سەرمایەداری کۆتایی پێبهێنێ، لەکاتێکدا خەسڵەت و ماهیەتی شۆڕشەکەیان بەدیموکراتی

دەناساند و بەم جۆرەش ئامانجی سۆسیالیستیان دەخستە سەرشانی حکومەتێکی دیموکراتی بۆرژوایی..

دووەمیش لەبەرامبەر دیدگای پاسفیستی و مەنشەفیکانەی وەحدەتی کۆمۆنستیدا، کە پێیان وابوو: کەمادام پرۆلیتاریای ئێران پەرەسەندو نییە و گیرۆدەی پاشکەوتوویی ئابوری سەرمایەداریە، ناتوانێ ڕۆڵی خۆی بۆ شۆڕشی سۆشیالسیتی لە شۆڕشی ئێستاد بگێڕێ، هەربۆیە خەسڵەتی شۆڕشی ئێستای ئێران دیموکراتی بۆرژوازیە و دەبێ چینی کرێکار چاوەڕێ بکا تا چینی بۆرژوازی ئەرکەکانی خۆی بە ئاراستەی پەرەسەندنی سەرمایەداری بەسەرەنجام دەگەیەنێ ئەوکات دەست بۆ شۆڕشی خۆی بەرێ. بەمجۆرە وەحدەتی کۆمۆنیستی سیاسەتی ئینتزار و بێدەخالەتی لەسەر بنەمای قۆناغ بەقۆناغ کردنی شۆڕشدا بۆ کرێکاران پێشنیار دەکرد.

مەنسورحیکمەت هیچ کام لەم دوودیگایەی قەبوڵ نەکرد و وەڵامی ئەو پرسیارەی پێشووشی بە ڕۆڵی چینی کرێکار و بەدەستهێنانی ڕابەری لەم شۆڕشەدا بەستەوە. ئەو بە تاکتیکی دروستی بۆ بەدەستەوگرتنی دەسەڵات و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی کاتی شۆڕشگێڕ لە کرێکاران وجەماوەری زەحمەتکێش و بەعەمەلی دەرهێنانی خێرای بەرنامەی لانی کەم، لەتەزمینی ئازادی سیاسی و ڕێکخراوبون و مانگرتنەوە تا ئازادیەکانی تر و کۆمەڵەی ئەوخواستانەی کە قەیرانی ئابوری وشۆڕشگێرانە قوڵتر دەکاتەوە، کۆمەڵگا و ئابوری سەرمایەداری ڕووبەڕووی ناکۆکیەکی سەرەکی دەکاتەوە کە لە سەرێکیەوە، حکومەتێکی شۆڕشگێر بە ئازادیەکان و خواستی ڕەفاە و بژێوی کرێکارانەوە بۆتە سەرخانی سیاسی کۆمەڵگا و لەسەرێکی تریشەوە ئابوری سەرمایەداری دامەزراو لەسەر ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان و بەرهەمهێنانی سەروقازانجهێنەری سەرمایە (فوقە سود) لەشوینی خۆدا ماوەتەوە. بەم جۆرەش کۆمەڵگا لە دوڕیانێکدا رادەگرێ، یا گەرانەوە بۆ حکومەتی ئیستبداد و سەرکوتگەر کە ئابوری سەرمایەداری ئێران دەیخوازێ، ئەویش لە ڕێگای سەرکوتی شۆڕشەوە، یان تێپەرین لە سەرمایداریەوە بەرەو سۆشیالیزم. لەدۆخێکی ئاوادا حیکمەت هاوشیوەی لینین وەڵام بەم ناکۆکیە دەداتەوە: "ئێمە لەنیوەی ڕێدا ڕاناوەستین، ئێمە خوازیاری شۆڕشی بەردەوامین"، لێرەشەوە مانای ئەو کردە شۆڕشگێرانەیە و ئەو پراتیکە کۆمۆنیستیە دەکات کە نفوزی حزب لەنێو کرێکاران و

## تەوەرێک دەربارەی

لەئاستی کۆمەڵگادا بەرەو سەرەوە دەبا و زەمینەکانی دەستبردن بۆ رابەرینی کۆتایی ئامادەدەکات. بەمجۆرەش شۆڕشی بەردەوام لەچوارچیوەی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاریدا رادەگرێ.

## عوسمان حاجی مارف:

من پێم باشە ئاماژە بە دەرسێک بکەم کە پێم وایە زۆربەمان لە مەنسور حکمەتمان وەرگرتووە. کاتێک باس لە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی دەکرا. مەفهومێک ڕەواجی هەبوو کە شۆڕش لە برسێتیەوە دەست پێ دەکات و دروست ئەبێ، هەتا هەندێ ئەحزابی چەپیش پێیان وابوو. ئەوەی کە سەرمایەداری کرێ و ژیانی خەڵک کەم بکاتەوە، خەڵک برسی بێ ئەمە واقعێکی نالەبار و ناکۆکیەک دروست ئەکات کە خەڵک ناچار ئەبێ شۆڕش بکات، بەڵام ئەگەر کرێی کرێکار بەرز بێ، سەعات کار کەم بێ ئەمە ئیحتمالیەتی ئەوە ئەدات کە کۆمەڵگا ئارام دەبێت و شۆڕش ڕونادات. مەنسور حکمەت تەواو بە پێچەوانەی ئەمە وە سەرکەوتنی شۆڕشی بەرجەستە دەکردەوە،، بە بۆچوونەکەی، بەمیتۆدەکەی، ئەوەی ڕاگەیاند کە نەخێر بە برسێتی شۆڕشی شۆشیالستی نابێت. ڕەنگە جەماوەری خەڵکی نارازی بۆ داخوازی و دژی برسیەتی ڕاپەڕێ و دنیا وێران کەن و تالانی بکەن، بەڵام ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بە قازانجی دەسەلاتی کرێکار زۆر زەحمەت دەبێت، ئەوەی کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان هەڵبوەشێتەوە، بە مانایەک کە سەرمایەداری نەمێنێ یان بڵێی دەوڵەت و دامودەزگا و هەموو پێکهاتەکانی سەرمایەداری لەیەک بترازێ و نەمێنی ئەوە بە شۆڕشێکی هوشیارانەی کرێکارانێک دەکرێ کە برسی نەبن. شۆڕش بە تێری ئەکرێ بە برسێتی ناکرێ. ئەوەی کە کرێکاران کرێیان بەرزبێتەوە و سەعات کاریان کەم بێتەوە.. ئامادەترن بۆ شۆڕشێک کە تەواوی دنیا دەگۆڕێ تا ئەوەی کە برسی بن، تا ئەوەی لە کاری تاقەتپڕوکێندا نقوم کرابن. بەبڕوای من ئەمە دەرسێک بوو بۆ کۆمۆنیستەکان و چەپەکان، بۆ ئێمە تەجروبەیەکی تازە بوو، تەجروبەیەک بوو کە ئەسڵەن ئاڵوگۆڕی لە سیستمی فیکری کۆمۆنیستەکاندا کرد کە چۆن بیر لە شۆڕشی سۆشیالیستی بکەنەوە. بە واتایەکی تر، ئەو بیرکردنەوەیەی کە گوایە شۆڕش بە برسێتی ئەکرێ پەیوەندی بە شۆڕشی سۆشیالیستیەوە نییە، پەیوەندی بە هەستان و تووڕەیی خەڵکەوەیە

نەک بۆ ئەوەی کە ئالوگۆڕ لە کۆمەڵگادا هەبێ. یانی مەبەستەکە ئەوەیە کە شۆڕشی سۆشیالیستی مانایەکی ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان هەڵوەشێتەوە. ئەمە خاڵێک، خاڵێکی تر ئەوەی کە چۆن لە ناو بۆرژوازیدا ڕەوت و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەن بە دیموکراتخواز و سۆشیال دیموکرات و ڕیفۆرمیست و ... لە ناو کرێکاریشدا وەکو چینێکی زیندوو چەندین ڕەوتی تێدایە، لە سەندیکایی و ئیسلاحیەوە بگرە تا مەیلی سۆشیالیستی. وە شۆڕشێک کە بیکات، وەک خەسرەوەیش وتی لە قەولی مەنسور حکمەتە و تەئکیدی لێ ئەکاتەوە، ئەو مەیلە سۆشیالیستیەیە جا کەمینە بێت یا زۆرینە، بەهێز ئەبێ و ئەتوانێ ڕابەری شۆڕش بکات ئەویش لە ڕێی حزبێکەوە کە ئەتوانێ هەژمونی فیکری و سیاسی خۆی لە ناو تەواوی ڕەوتەکانی کرێکاراندا باڵادەست بکات. بە مانایەک بە جیا لەوەی کە مەیلی سۆشیالیستی لە ناو چینی کرێکاردا بەهێز بێ و نفوز پەیدا بکات، نەک بەو مانایەی هێشتا کە هەموو چینەکە سۆشیالیستی بن، بەڵام ئەوەی کە چینی کرێکار ئەگات بەو ئەنجامەی کە ئەو بەشە واتە ئەو مەیلە سۆشیالیستیە یان ئەو حزبەی کە دەور دەبینێت هاوسەنگی هێزی بەقازانجی چونە پێشەوەو باڵادەستی ڕەوتی سۆشیالستی دابین دەکات دەبێتە جێگای ئومێد و ڕابەری شۆڕش، ئەو مەیلەو حزبەکەی پێویستە بەرنامە ونەخشی سیاسی و دروست بدات بەدەستەو، تاکتیکی دروست لەهەر توندپێچیەکی سیاسیدا دەرکێشێت، بەو مانایە ئەو حزبە ئەتوانێ ئامرازی دەستی چینی کرێکار بێ بۆ شۆڕشی سۆشیالستی. یەکێک لەو شتانەی کە حزبێک ئەتوانێ دەخاڵەت بکات لە هەڵسوڕان و خەباتی کرێکاریدا ئەوەیە کە پێشەکی وەک هێزێک لە کۆمەڵگادا، هێزێک لەپەیوەند بە کرێکارەوە بارز ببێ. ئەگەر ئەمەی دابین نەکردبێ ئەوە حزبێکە ئەتوانێ بۆچون و لێکدانەوەی هەبێت، جەدەلی فیکری و باسی هەبێ، بەڵام نەیتوانیوە مەشغەڵەکانی و هەڵسوڕانی سیاسی لە ناو واقعیەتی هاوکێشەی سیاسی و شەڕی چینایەتیدا دەستەوستان و چاوەڕوانە، ئەتوانین بڵێین سەردەمانێکە لە مێژووی چەپ و لەناو چەپدا ئەو واقعیەتە هەیە و هەتا ڕابیتەی فیزیکیان بە کرێکارە وە بووە، بەڵام نەچونەتە پای بە هەژمون کردنی ئەو مەیلە سۆشیالیستیە، هەژمونیەک کە هەوڵ بدات خۆی ئامادە بکات بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئەجندا و کاری عەمەلیدا نەچەسپاوە. ئێستاش کاریگەری ئەو نائامادەیی و حاشیەبونەی کۆمۆنیستەکان سونەتێک و دەردێکی بەردەوامە!

## تەوەرێک دەربارەی

**موحسین کەریم:**
من لە قسەوباسەکانی پێشوومدا کەم تا زۆر ئاماژەم بە چەمکی شۆڕش و پراتیکی شۆڕشگێڕانە کرد. باسم لەوە کرد کە مەنسور حکمەت جارێکی تر پێناسەی خودی چەمکی شۆڕشی کردەوە. بەتایبەتی لەناو چەپی جیهان سێیەمیدا مەبەست لە شۆڕش، شۆڕشی سۆشیالیستی نەبوو. ناکۆکیەک لەنێوان چەمکی شۆڕش و ڕیفۆرمدا هەبوو. ئەوەی کە واقعی بوو ڕیفۆرم بوو، ئەوەشی کە خەیاڵی بوو شۆڕش بوو. شۆڕشی سۆشیالیستی خەیاڵ بوو، بۆیە هەموو بەرنامەو پراتیکی ئەوان ڕیفۆرم دیاریکردبوو. هەر خودی شۆڕش بووبوو بەوەی کە لەپێناو ئەنجامدانی کۆمەڵە ریفۆرمێکی سیاسی و ئابوریدایەو تەواو! ئەوەی کە ڕێکخستن و حزبی بۆ دروست ئەکرا، سیاسەت و تاکتیکی بۆ دائەنرا، لە بەرنامەو هەڵسوڕانی سیاسی ئەو جۆرە هێزانەدا، ڕیفۆرم بوو نەک شۆڕش. نەریتی کار و هەڵسوڕان و هەموو شتێکیان لەسەر ئەمە داڕشتبوو. بەڵام مەنسور حکمەت جارێکی تر پێناسەی چەمکی شۆڕشی لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە کردەوە و ووتی کە کرێکاران یەک شۆڕشیان دەوێ کە شۆڕشی سۆشیالیستیە.
ئەوەی کە عوسمانیش باسی کرد، کۆمۆنیزم لەسەر بنەمای هەژاری پێکنایەت، مەنسوری حیکمەت سۆشیالیزمی هەژاری ڕەت کردەوە. جۆرە بۆچوونێک لەناو چەپی جیهان سێیەمیدا هەبوو کە پێی وابوو ئەگەر ژیانی مادی کرێکار باش بێت ئیتر لە شۆڕش دوور دەکەوێتەوە! مەنسور حکمەت وەکو گاڵتەکردن بەوجۆرە سۆشیالیزمە دەڵێ پێیانوابوو ئەگەر کرێکار تەلەڤزیۆن و سەلاجەی هەبێت ئیتر گەندەڵ بووە و بووە بە بۆرژوا. ئەمە واقعیەتێک بوو هەموو چەپی جیهان سێیەمی گرتبۆوە، یان بڕوایان وابوو کە لەسەر بنەمای نەبوونی و هەژاری و فەلاکەت کرێکار دەست بۆ شۆڕش دەبات! بەبڕوای من مەنسور حکمەت جارێکی کە شۆڕشی خستەوە سەر پێی خۆی. شۆڕش لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیستیە. بەمە سنوربەندی لەگەڵ هەموو ئەو ڕەوتانەدا کرد کە بەناوی چەپ و کۆمۆنیزمەوە خۆیان دەناساند، چ ئەوانەی ڕیفۆریست یان ناسیۆنالیست بوون، یان هەتا ئەو جۆرە لە کۆمۆنیزمە ئەوروپیەی کە بە حساب باسی شۆڕشی سۆشیالیستی ئەکرد، بەڵام لە دنیای واقعدا ئەو شۆڕشەی مەبەستی بوو هەر

شۆڕشی دیموکراسی بوو! چونکە تەنانەت رەخنەی لە ئەزمونی سۆڤیەت لەڕوانگەی دیموکراسیەوە بوو نەک سۆشیالیستی. پێیانوابوو کە گرفتی سەرەکی دەوڵەتی سۆڤیەت نەبوونی دیموکراسی و تەشەنەکردنی بیرۆکراتیزم بوو لەناو بەدەنەی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و رابەری ئەو حزبەدا.

سەرباری ئەوەی باسم کرد، یەک دوو مەسەلەی تر دێتە ناو ئەم تێگەیشتنەوە. ئەویش ئەوەیە کە مەنسور حکمەت بڕوای وابوو کە پراتیکی شۆڕشگێڕانە و شۆڕش کێشمەکێشی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە، شتێکی ئیرادەگەری کە ویست و ئارەزوی کەسان و بگرە ئەحزابێکیش بێت! لای مەنسور حکمەت شۆڕش بریتی نییە لە شەڕی نێوان خەڵک و دەسەڵات. بەڵکو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە کێشمەکێشدان، چینەکان لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا و لەرێگای ئەوانەوە شەڕی سیاسی نێوانیان و کێشمەکێش لەسەر دەسەڵات ئەکەن. چ بۆرژوازی و چ کرێکار، جۆرەها بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیان هەیە و لەلایەن ئەوانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن. کێشمەکێشی چینەکان لەڕێگەی یان لە چوارچێوەی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە دەڕواتە پێشەوە. کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا لەڕێگای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکارەوە لەگەڵ بزووتنەوەکانی بۆرژوازی وەکو دیموکراسی، لیبراڵیزم و ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی و ... تاد. دەڕواتە پێشەوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ سەرجەم ئەو مەیل و ڕەوتانەی ناو چینی کرێکاردا جیاوازە کە خەباتی چینی کرێکار لەچوارچێوەی خەباتی ریفۆرمیستیدا قەتیس دەکەنەوە، وەکو بزووتنەوەی سەندیکایی یان بزووتنەوەی ئانارشیستی کە هەمووجۆرە رێکخستنێکی سیاسی و حزبی چینی کرێکار و دەوڵەتی کرێکاری رەت دەکاتەوە و بەکردەوە چینی کرێکار لەناو دۆزەخی سەرمایەداریدا ئەسیر دەکات!

مەنسور حکمەت بە مانایەک شۆڕشی کرێکاری بردەوە بۆ سەر ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵایەتیەی کە شۆڕش پراتیکی سیاسی واقعی چینی کرێکارە کە لەرێگای بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کە کۆمۆنیزمە، بەسەرەنجام دەگات. بۆئەوەی ئەم شۆڕشەش بەسەرەنجام بگات دەبێ ئەو پراتیکە سیاسیە چینایەتیە لەرێگای حزبی سیاسی کۆمۆنیستیەوە بەرجەستە بێت و ببێتە واقعیەتێکی مادی! لە دوا لێکدانەوەدا بایەخی حزبی

## تەوەرێک دەربارەی

کۆمۆنیستی و کرێکاری دێتەپێشەوە و بە بڕوی من لینینش هەمان ئەم خەسڵەتەی هەبوو. حزبی سیاسی چینی کرێکار لە پراتیکی سیاسی لینیندا جێگایەکی یەجگار گرنگی هەبوو. مەنسور حکمەت جارێکی تر ئەچێتەوە بۆ سەر ئەم ئەسڵە کە ڕۆڵی حزب وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لەناو خودی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدایە کە خەریکە شەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ چینی بۆرژوازیدا ئەکا، لەگەڵ دەوڵەتی بۆرژوایدا ئەیکات. حزبیەت و تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئامێرێکە کە خەریکە تەجەسومی سیاسی و ڕێکخراوەیی خەباتی سۆشیالیستی چینی کرێکارو شەڕێکی کۆمەڵایەتی ئەکات کە کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا ڕۆژانە ئەنجامی دەدات و دەبێت سەرەنجام بگاتە ئاکامی مەنتقی خۆی کە سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسیە لە بۆرژوازی و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاریە!

مەنسوری حکمەت لە ململانێی چینایەتیەوە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەست پێدەکات و دەگات بە ئاستێکی دیکە لە بەرجەستەبوون و مادی بوونی ئەم ململانێیە بۆ کێشمەکێشی نێوان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لەگەڵ بزووتنەوەکانی بۆرژوازیدا و بەئاستێکی تر دەگات لە بەرجەستەکردنی ئەو ململانێیە لەرێگای حزبی سیاسی چینی کرێکارەوە. کەواتە چەمکی حزب بۆ مەنسوری حکمەت هەروەکو لینین چەمکێکی بنەڕەتیە لە خەباتی چینایەتی کرێکار لە دژی بۆرژوازی. پاشان دێتەسەر ئەوەی کە حزب دەبێ چی بکات و چۆن لە دنیای واقعی و کۆمەڵایەتیدا تەجەسومی ئەم کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیە ئەکات لەسەر دەسەڵاتی سیاسی. مەفهومێک کە مەنسور حکمەت لە پەیوەند بە دەسەڵاتەوە ئەیدات بەدەستیەوە، دەقیقترین تێگەیشتنە بۆ گرتنی دەسەڵات، ئەویش ئەوەیە کە مەنسوری حکمەت گرتنی دەسەڵات لەلایەن کرێکارەوە لە ساتەوەختێکدا نابینێ کە کرێکار یان حزبی چینی کرێکار بڕیار دەدات شۆڕش بکات، بەڵکو شۆڕش و گرتنی دەسەڵات وەکو پرۆسەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەبینێ، کە تێیدا کرێکار لەباری هوشیاری و زاتیەوە ئامادە دەبێت و پاشان لە ساتێکی دیاریکراودا بڕیاری شۆڕش و ڕاپەڕین جێبەجێ دەکات. هەرلەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی نێوان ریفۆرم و شۆڕش لێک دەداتەوە، کە ریفۆرم لە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری چینی کرێکاردا وەکو پرۆسەی ئامادەسازی چینی کرێکار و تەکمیلەکردنی پێویستەی زاتیەکانی شۆڕش چاولێدەکات. تەسەورێک کە کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیستە کرێکاریەکان هەیانە بۆ ریفۆرم جیاوازە لە تەسەورێک کە ڕەوتە

ڕیفۆرمیستیەکان هەیانە بۆی. بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هەر هەنگاوێک لە مەیدانی ریفۆرمدا دانانی خشتێکە لە خشتەکانی شۆڕش.
مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کە مەنسوری حکمەتی جیادەکردەوە لە کۆمۆنیزمی دوای لینین ئەوەبوو کە وەکو لینین پێیوابوو گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن حزبی چینی کرێکارەوە مانای سەرکەوتنی شۆڕش و کۆتایی شۆڕش نییە، یان بە ئەنجامدانی راپەڕینی چینی کرێکار و سەندنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی، شۆڕش کۆتایی نەهاتووە. مەنسوری حکمەت وەکو لینین تێگەیشتن و روانینێکی کۆمەڵایەتی بۆ شۆڕش هەبوو، ئەو پێیوابوو کە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاوێکە بۆ تەواوکردنی شۆڕش. هەنگاوی یەکەمە بۆ سەرکوتی بەرەنگاری بۆرژوازی و سازکردنی زەمینە سیاسیەکانی بەردوام بوون و سەرکەوتنی شۆڕش کە سەرەنجام بە ئاڵوگۆڕی ئابوری سۆشیالیستی لە کۆمەڵگادا بەئاکام دەکات. بەبێ تەواوکردنی ئەم هەنگاوە، هێشتا شۆڕشی کرێکاری بەمانای کۆمەڵایەتی ووشەکە کۆتایی نەهاتوە. هەر لەم تێگەیشتنەوە لێکدانەوەی بۆ ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری لە روسیا کرد.
مەنسوری حکمەت، هەروەکو لینین پێیوابوو کە دەبێ حزبی سیاسی چینی کرێکار ، دەخالەتگەرو وەڵامدەرەوە بێت بەگرێ و پرسە سیاسیەکانی کۆمەڵگا. پێیوابوو لەرێگای وەڵامدانەوە بە گرێ و پرسە سیاسیە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێ حزبی سیاسی چینی کرێکار بگۆڕدرێت بۆ حزبی رابەری کۆمەڵگا و توانای ئەنجامدانی شۆڕشی هەبێت. مەنسوری حکمەت وەکو لینین پێیوابوو کە دەبێ چینی کرێکارو حزبی چینی کرێکار بتوانن سەرجەم توێژە بێبەش و ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیان بهێنن و ببنە رابەریان بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیان و گوزەران و رزگاربونیان لە ستەم و چەوساندنەوەو بێمافی. لەوبارەوە مەنسوری حکمەت لە سەر پرسی نەتەوەیی و بەدیکاریکراوی مەسەلەی کورد، لەسەر مەسەلەی ژنان وەکو دوو پرسی هەستیار لە ناوچەکەدا، وەڵامی دروست و کۆمۆنیستی داوەتەوەو دژی بیروبۆچوون و بزووتنەوە بۆرژواییە نەتەوە پەرست و دژە ژن و پیاوسالاریەکان وەستاوەتەوە. وەکو دوو ڕێگری جدی بەردەم چوونەپێشەوەی خەباتی کۆمۆنیستی رێگاچارەی دەستنیشان کردوە. ئەم رێگریانە وەکو کۆسپەکانی بەردەم شۆڕشی سۆشیالیستی دیاری ئەکات کە کرێکار بۆ ئەوەی لە شۆڕش نزیک بێتەوە، دەبێت،

## تەوەرێک دەربارەی

ئەم کێشانەی لە کۆڵ کۆمەڵگا کردبێتەوە، یان بتوانێ بە بەدیل و بەرنامەی خۆی جەماوەری قانیع کردبێت لەسەر ئەو پرسانەو لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کۆیان بکاتەوە. مەنسوری حکمەت بڕوای وابو وکە دەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حزبێکی دەخاڵەتگەری سیاسی بێت کە خەریکە وەڵام بە ڕێگریەکان و گرێکانی کۆمەڵگا ئەداتەوە، بۆئەوەی لەورێگایەوە حزبی سیاسی چینی کرێکار ببێتە رابەری ئاڵوگۆڕی سیاسی لە کۆمەڵگادا.

## عوسمان حاجی مارف:

مەنسور حکمەت جەخت ئەکاتەوە لە سەر ڕۆڵی حزب و کارو هەڵسوڕانی حزب وەکو ئامرازێک بۆ ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیە بۆ ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی. یانی ئامرازی دەستی ئەو چینەیە. بەڵام گەر لەباری واقعیشەوە سەیریکەین لەناو کۆمەڵگادا بەبێ بونی حزبێکی سیاسی و کارا و بەهیز شۆڕشی سۆسیالیستی لە ناو ڕای گشتیدا وەک خەون و خەیاڵ دەمێنێتە، دەوری مەنسور حکمەت لە پێکهێنانی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری گەشبینی و ئومێد بەخش بوو، چونکە وێناکردن وچاوەڕوانی بەوەی ئاڵوگۆر لە سیستمی سەرمایەداری بە پرۆسەیەکی سروشتی و میکانیکی دەگوزەرێ و پێویستی بە حزب نییە، شۆڕش سامناک و وێران کەرە، ئەوە ئایدیایەکە نایەوێت وەرچەرخانی کۆمەڵگە بە پراکتیک و ئیرادەی بەشەرەیەت بەدەست بێت، دەیەوێت بۆ چەندین ساڵی بێ کۆتایی بەشەریەت لە وەهم و خەیاڵی کۆمەڵگەی سۆشیالستیدا بخەوێنێت.
بەبێ حزبێکی کۆمۆنستی سیاسی کە ئامڕازی دەستی چینی کرێکار بێ ئەم شۆڕشە ناتوانێ ڕووبدات، نە سەرمایەداری بە پرۆسەیەکی میکانیکی کۆتایی دێت نە شۆڕشی سۆشیالستی خۆبەخۆیی ڕوو ئەدات، هەر بەم مانایە کە مەنسور حکمت سۆشیالیزم ناکاتە ئەمرێکی حەتمی، گەر پراکتیکی شۆڕشگیرانەی چینی کرێکار نەبێت سۆشیالیزم سەر ناکەوێت.
ئەوەی کە لە ئەزمونی لینین ولە ئەزمونی مەنسور حکمەت دایە ئەو پرۆسە میکانکیە ڕەت دەکەنەوە و پشت بەدەور و ئیرادە ی ئینسان و پراکتیکی شۆڕشگێرانە دەبەستن.

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

خراپ نییە گەر سەرنجتان بۆ خاڵێک ڕابکێشم دەربارەی پرسیارێ کە لەسەر حزب و دەورو مەوقعیەتی حزب دەکرێت بەتایبەتی کاتێ مەسەلە دێتە سەردەسەڵاتی سیاسی. ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئەڵێن باشە زەمانەت چییە کە ئەگەر حزب دەسەڵات بگرێ کەسێکی وەک ستالین دروست ناکاتەو، دیکتاتۆریەتی حزبی و دکتاتۆریەتی تاک دوبارە نابێتەوە، حزبەکان هەموویان وەک یەکن و لەدواجاردا یەک ئەنجام لەدەسەڵاتی سیاسیدا ئەدەن بەدەستەوە. وەڵامی ئەم پرسیارو نیگەرانییە بەوە نادرێتەوە کە بڵێن کۆمۆنستەکان ئینسانی شەریف و باشی ناوکۆمەڵگەن و ئایدیاکەیان ئینسانی و یەکسانخوزایە کاری واناکەن.! یان بەڵێنامەیان پێ واژۆ بکەین کە کار وا ناکەن.! لەم بارەیەوە رەخنەیەک کە مەنسور حکمت لە ئەزمونی شورەویی دەیگرێت، ڕەوشت و سروشتی کەسەکان نییە کە ئەزمونی شورەویی بە شکستێک دەگەیەنێت و کەسان و حزبی دیکتاتۆر بەرهەم دەهێنێت بەڵکو ئەو بەرنامە ئابوریەیە کە بەلشەفیەکان بۆ پێکهاتەی ئابوری یەکیەتی شورەویی بریاریان لەسەر دابوو، ئەو بەرنامەیەی کە گەشەی ئابوری شورەویی لەهەمان چوارچێوەو پێکهاتەی وولاتێکی سەرمایەداریدا دەبردە پێشەوە، بەرنامەیەک لەسەر مانەوەی کاری بەکرێ و چەوسانەوەی کرێکاران دارێژرابوو، جا گەر کارێکی بەکرێی تاقەت پرۆکێن و لە چوارچێوەی سەرمایەداری دەوڵەتیدا کۆمەڵگە بەڕیوە ببرێت ئەوە ئەکیدە دیکتاتۆر دروست ئەکات، دەسەڵاتی حزبی زاڵ دەکات، نمونەکانی ستالین و ماو تسی تۆنگ و هاوشێوەکانیانن. مومکینە بەم شێوەیە دووبارەببێتەوە. دووبارە نەبوونەوەی ئەوە زەمانەتی ئەمە بەبۆچوونی من ئەو بەرنامە ئابوریەیە کە کاری بەکرێ نەفی ئەکاتەوە و هەڵیدەوەشێنێتەوە، بە مانایەک سۆشیالیزم چۆن سەرئەکەوێ. جا ئەوەی کە شۆڕش چۆن بەرپا ئەکرێت بەڵام دواتر سەرکەوتنەکەی مەسەلەیەکی ترە.

### جەمال موحسین:

ئەوە ئەبێ بە باسێکی تر، چۆنێتی پارێزگاری کردن لە سۆشیالیزم.

### عوسمان حاجی مارف:

ڕاستە ئەوە باسێکی ترە بەڵام پێویستە لەکاتێکی تردا قسەوباسی لەسەر بکەین، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە چۆن تێگەیشتن و تەوەجهێک کە مەنسور حکمەت ڕەواندوویەتیەوە بە

## تەوەرێک دەربارەی

مانای ئەوەی کە چۆن ئەتوانرێت زەمانەتی مانەوەی دەسەڵاتی شوراکان بکرێت، بەڵام ستالین بەدەسەڵاتی خۆی توانی فەرامۆشی بکات و وەلایان بخات، ماناکەی ئەوەیە کە ئەو نەخشە بەرنامە ئابوریەی کە دەبوو کۆمەڵگەیەکی سۆشیالستی لە شورەویدا دابمەزرێنرێت وەڵام نەدرایەوە بۆیە دەسەڵاتی شوراکانیش جێگایەکی بۆ نەمایەوە، واتە هەر حزبێکی کۆمۆنیستی کە دەیەوێت ڕابەری شۆڕشی کرێکار بکات پێویستە دەست پر بێت بە وەڵام چۆنیەتی بەرنامەی ئابوری سۆشیالستی، بۆیە مەنسور حکمت بۆ خۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە ئایا لەکاتی خۆیدا لینین ئەو وەڵامە ئابوریەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی ئەدایەوە، لەو بارەیەوە بە بێ وەڵام دەمێنێتەوە!

**خەسرەو سایە:**

من خاڵێکی ترم هەیە، ئەویش مەسەلەی چۆنیەتی بەرخوردکردنە بە ئەحزابی بۆرژوازی لە سەردەمی شۆڕشگێڕانەدا مەنسور حکمەت هەروەک مارکس لەوێوە دەست بەهەڵویست گرتن ناکات کە ئەحزاب و ڕەوتە بۆرژوازیەکان سەبارەت بە خۆیان ئەیڵێن، هەروەک ئەوەی کە ڕیکخراوە چەپەکان لە ئەزمونی شۆڕشی بەهمەندا پەیرەویان لیکرد وخومەینیان بەپێی بانگەشەیەکی ئەنتی ئیمپریالیستی و ئەنتی ئەمریکایی بە شۆڕشگێڕ ورابەری شۆڕش لە قەڵەمدا وهەمویان خۆشخەیاڵ بوون بەوەی کە ئەو ڕەوتە بەرامبەر بە خۆی ئەیووت و گوایە دەتوانێ دەستی ئەمریکا و ئیمپریالیزم لەسەر ئێران کۆتابکات، هەربۆیە چوونەپشتی. مەنسور حیکمەت بە پێچەوانەوە بەپێی دەرکیک کەلە پایە ئابوری و سیاسیەکانی سەرمایەداری ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم وسەرخانێکی سیاسی کە مانەوەی هێزی کاری هەرزان دەیخوازێ، ڕۆڵی تەواوی ڕەوت و مەیلە بۆرژوازیەکان و قابلیەتیان لە سەردەمانی شۆڕشدا لێکدەداتەوە و دەیان ناسێنی. ئەو دەڵێت چ لیبرالەکان و چ باڵی خومەینی دوو باڵی دژە شۆڕشن هەریەکەیان بە میکانیزمی خۆیەوە بۆ سەرکوتی شۆڕش و گێڕانەوەی هەلومەرجەکە بۆ دواوە لەکاردان، هاوکات سەرمایەداری ژێردەستەی ئیمپریالیزم لە ئێران، هێچ بەشێک لە بۆرژوازی شۆڕشگێر و ئەنتی ئیمپریالیزم و دیموکراتخواز ناخوازێ وهەموو باڵەکانی دژە شۆڕش ودژە دیموکراتین بەتایبەتیش ئابوری ئێران ناتوانی سەرخانێکی دیمکراتی بێت هەربۆیە لیبرالەکان وحکومەتی بازرگان دەروا و ناتوانێ نوێنەری گشت چینی بۆرژوازی ئێران بەدەست بهێنی. هاوکات باڵی خومەینی کە

## ڕۆڵی مەنسور حیکمەت وخەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

لەپێکهاتەدا وردەبۆرژوازیە، بەڵام بەناوی شۆڕشەوە بۆ سەرکوتی شۆڕش هاتۆتەمەیدان و بەمەش نوینەری بۆرژوازی ئێران دەکات لە دوبارە گێرانەوەی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی ئیمپریالیستانەی سەرمایەداری ئیراندا. مەنسور حیکمەت بەم باسانەی نەک هەر خوشباوەڕی بزوتنەوەی چەپی بەم یان بەو باڵی بۆرژوازی ڕەتکردەوە بەڵکو لەسەر بنەمای لێکدانەوەیکی واقعی بۆ کۆمەڵگا لەسەردەمانی شۆڕشدا، ڕیزی سەربەخۆی پرۆلیتاریای ڕاگرت کە مەرجێکی سەرەکی بردنەپێشەوەی پراتیک و تاکتیکەکانە لەو هەلومەرجانەدا، بەئاراستەی بەدەستهێنانی نفوزو کاریگەری چینی کرێکار و حزبەکەی .

### عوسمان حاجی مارف:

لەسەر ئەم خاڵەی خەسرەو ئیزافەیەکم هەیە. چەپی ئێران خۆشخەیاڵیان پەیدا کرد بەرامبەر بە خومەینی، یان چەپەکان لە هەر جوغرافیا و وولاتێکدا بە گشتی خۆش خەیاڵ بون بە دەورو مەوقعیەتی حزبە بۆرجوازیەکان، بەڵام بۆچی ئێستا کۆمۆنیزمی کرێکاری هچ خۆشخەیاڵیەکی نییە بەرامبەر هیچ جەرەیانێکی بۆرژوازی؟ چونکە بەرنامەی چەپی ئەو کاتە هەر بەدەوری ئەو مەسەلانەدا دەخولانەوە کە بەشێک بووە لە بەرنامەی خودی حزبە بۆرجوازیەکان لە بابەتی "شۆڕشی نەتەوەیی" و دژی ئیمپریالیزم و "دیموکراتی جۆرەکانی" و باوەڕ بون بە بۆرجوازی. لەبەرئەوەی کاتێ خومەینی ئدعای دژە ئیمپریالی غەرب و شەرقی دەکرد، ئاشکرایە ئەو چەپانەی هەڵگری هەمان ئدعای دژی ئیمپریالی سیاسەتی ئەسڵیانە و سەیری وەزعی خۆیان دەکەن لە چاو مەقعیەتێ کە خومەینی هەیەتی خۆیان چەند پلە لەدواوەن، ناچارن بۆ هەمان بەرنامەی کاری خۆیان تەوەهمیان بە خومەینی هەبێت و پشتیوانی لێ بکەن، ئەمەش دەردی چەپە لە هەر شوێن و وولاتێکدا بێت. بەڵام هەر ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها یەک شۆڕش دەناسێت ئەویش شۆڕشی کرێکاری شۆڕشی سۆشیالستیە، بۆ ئەمەش نامەنتقیە تەوەهم هەبێت بەوەی کە حزبە بۆرجوازیەکان ئەو کارە بۆ کرێکاران بکەن، هەتا ئێمە خۆشخەیاڵیمان بەو ڕەوتە کرێکاریانەش نییە کە سەندیکایی و ئیسلاحین، شۆڕشی سۆشیالستی ئەمری ڕەوتی کرێکارانی سۆشیالستە.

**جەمال موحسین:**
دەستان خۆش بێ هاوڕێیان سیمیناری یەکەم تەواو ئەکەین و بۆ سیمیناری دووەم دێینە سەر مەسەلەکانی تر.



عەبدوڵا مەحمود

# لابردنی تەپوتۆز لەسەر هەندێک ڕاستی، سەبارەت بە هەدەپە و پەیەدە گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولاّ مەحمود

دیدگای سۆشیالیستی: ئەم کاتەت باش. پێم خۆشە لە پێشدا بە شێوەیەکی گشتی یان لە چوارچێوەیەکی گشتییەوە بێیەن سەر ئەم مەسەلەیە. بەشێوەیەکی گشتی هەردوو حزبی هەدەپە و پەیەدە بە دوو حزبی چەپ ناسراون و هەتا هەدەپە لە تورکیا باسی جۆرێک لە ''سۆشیالیزم'' ئەکات. دواتر دێینە سەر ئەمەیان. ئەگەرچی ئەم دوو حزبە لە هەندێ مەسەلەیاندا جیاواز دەرئەکەون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زانراوە و ئەبینرێ کە لە باری ئایدۆلۆژی و چینایەتیەوە ئەم دوو حزبە چونیەکن و لەژێر کاریگەری پەکەکە و بەتایبەتی شەخسی ئۆجەلاندان. بۆ نمونەهەدەپە کە خۆی بە سۆشیالیستی لە قەڵەم ئەدات، یان وا ئیدعا ئەکات، وەک نمونەیەکی سیریزای یۆنانی و پۆدیمۆسی ئیسپانی خۆی دەرئەخات و ئەو دیدگایەی کە هەیانە دیموکراتیک سۆشیالیزمە. لەبەرنامەکەشیاندا هەیانە کە لایەنگری

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**یەکسانی ژن و پیاون (کە ئەمە مەسەلەیەکە هاوجوتیشە لەگەڵ پەیەدەدا وەک ئاگادارن مەرسموی یاسای یەکسانی ژن و پاویان دەرکرد)، باس لە دیموکراتی ڕاستەوخۆ یان ئەوەی پێی ئەوترێ خۆسەری ئەکەن کە لە واقعدا ئەمەی دواییان سەرێکی بە بیرۆکەی کۆنفیدراڵیزمی ئۆجەلانەوەیە  یان هەندێ کەس پەیوەستی ئەکەنەوە بە ئانارکیزمی مورای بوکچینەوە کە بیرمەندێک و هەڵسوڕاوێکی ئانارکیستی ئەمریکیە و باس لە پێویست نەبوونی دەوڵەت و خۆبەڕێوەبەری ئەکات. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمەیان ڕەنگە باسێی تر بێ. لێرەوە پێم باشە بێینە سەر ئەوەی تۆ وەک کۆمۆنیستێک پێناسەت بۆ ئەم دوو حزبە چییە و چۆن ئەیانبینیت. ئەگەر خۆشت پێت وایە پێویست ئەکات دەست بخرێتە سەر جیاوازیەکانیان ئەتوانی باسی لێوە بکەیت.**

**عەبدوڵا مەحمود:**

ئەم کاتەتان باش و سوپاس بۆ ئێوە. سەبارەت بەم دوو حزبە ڕاستیەکەی من هیچ یەکێ لەوان بە حزبی چەپ نابینم بەو پێناسەیەی کە ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان هەمانە. لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە چەپ بەو هێز و لایەنانە دەووترێ کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و بە گشتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆتاییهێنان بە چینەکانن. ئەمە بنەمایەکی زۆر سادەی هەر هێزێکە کە خۆی بە چەپ دادەنێ لە ڕوانگەی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە. ئەوەی کە پەیەدە یان هەدەپە ئەگەر تەنانەت لە هەندێک لە بەرنامەکانیاندا یان هەندێ خاڵیدا باس لە چینی کرێکار و سۆشیالیزم و یەکسانی ژن و پیاو و ئیرادەی جەماوەری بکەن هەر بەشێکە لەو جۆرە فریوکاریەی کە ئەحزابی بۆرژوازی لە سەراسەری دنیادا  دەیکەن. ئێمە هیچ حزبێک لە دنیادا نابینین کە کۆمەڵێک خاڵبەندی ڕازاوە کە کۆدەبنەوە لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا نەبینین. بۆیە ئەمانیش وەک دوو حزبی بۆرژوازی لە چوارچێوەی بەرنامەکانیاندا ئەو دەستەواژانەی تیادایە. بەڵام لە هیچ شوێنێکی بەرنامەی هەدەپە یان پەیەدەدا هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی مەسەلەی سەرەکی نییە. هەتا لەکار و کردەوە و ڕەفتاریشیاندا ئەوە نابینی. دیارە من ئەتوانم ئەوەش زیاد بکەم کە ئەگەر هەتا خودی زاراوەی هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لە بەرنامەشیاندا ئاماژەی بۆ بکرێ، بەڵام گەر بنەما نەبێ، ئەوە ناکاتە

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

ئەوەی ئەمانە چەپن. چ پەیەدە و چ هەدەپە دوو ڕێکخراوی بۆرژوازین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندێتیەک کە لەو وڵاتانە هەیە کە کاری تێدا دەکەن. بۆ نمونە حزبێک لە تورکیادا ئەگەر هەبێت ناتوانێ واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوتی پێشڕەوی ئەو کۆمەڵگایە و مێژووی ڕابردوی و پایەکانی عەلمانیەتی ئەم کۆمەڵگەیە لەبەرچاو نەگرێت… بۆیە هەر حزبێک لە تورکیادا ناچارە دەیەوێت مۆری چەپ بوون لە خۆی بدات و کۆمەڵێک بەند و خاڵ بهێنێت کە بەرنامەکەی پێ بڕاێنێتەوە، وەک هەر حزبێکی تر لە دنیادا. ئەمانیش دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا سەیریان بکرێ. بەڵام لە دنیای واقعدا چ هەدەپە و چ پەیەدە هەریەکەیان لەسەر بنەمای زوڵمێکی قەومی کە لێیاندەکرێ ئەمانە دروست بوون. بەجیا لەوانە، واقعیەتەکەی ئەمەیە سەرباری ئەوەی کە ئیدعای ئەوە دەکەن کە ئەمانە دەیانەوێ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک دروست بکەن لە چوارچێوەی تێزێک کە ئۆجەلان لە کتێبێک سێ بەرگی بەرگرینامەدا هێناویانەتی. لەوێدا لەچوارچێوەی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوە دەیەوێت باس لە کۆمەڵگای دیومکراتیک بکات، بەڵام لە دنیای واقعدا کە تەماشای دەکەیت کاروکردەوەی ئەو حزبانە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە… لە کوێدا، لە مەیدانی عەمەلی و واقعیدا، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیستووتە چ هەدەپە و چ پەیەدە پشتیوانیان لە بزووتنەوەیەکی کرێکاری بکەن؟ تەنانەت پشتیوانیان لە هیچ بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی لە سەراسەری تورکیاشدا نەکردووە، پشتیوانیان لە بزوتنەوەی ژنان دژی بە بڕیار و ئیسلامیزەکردنی یاساکان نەکردووە… پێچەوانەی ئەمانەمان دیوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام هاوڕێ عەبدوڵا دێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەت ئەکەنەوە چونەکە ئەمە یەکێکە لە مەسەلەکان کە زۆر کەس بەوهۆیەوە ئەوان بە چەپ دائەنێ. بەڵام لەسەر ئەو خاڵە کەمێک زیاتر بڕۆین کە وتم چەپ، مەبەستێکی ترم بوو. ئەو پێناسەیەی تۆ کردت سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی ئەوە بۆ حزبێکی کۆمۆنیستی یان سۆشیالیستی دروستە. بەڵام چەپ ئەکرێ چەپی بۆرژوازی هەبێ، وەک تۆش بەشێکیت باس کرد. لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێکی تر هەیە، کاتێک سەیری بەرنامەی هەدەپە ئەکەی، هەتا کە سەیری هەڵسوڕانەکانیان ئەکەی و تەنانەت لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا چ ئەوەی پێشوو و چ ئەمەی ئەم دواییە**

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**ئەبینی یەکێک لە خاڵەکانیان ئەوەیە کە کرێکار ئەچەوسێتەوە و نابێ ئەوەندە بێماف بێ، ئەبێ ئاستی بژێوی بچێتە سەر، ئیتحادیە کرێکاریەکانیان بەهێز بکرێن و دەوڵەت سەرکوتیان نەکا...هتد. بۆیە ئەمە وەکو خاڵێک کە گوایە داکۆکی لە چینی کرێکار ئەکات لەقەڵەم ئەدرێت. وە بەم مانایە پێی ئەووترێ حزبێکی چەپ. پەیەدەش لەبەرامبەر هێزێکی ڕەشی وەک داعشدا وەستایەوە و یەکسەر مەرسومی یاسای یەکسانی ژنان و پیاوانی دەرکرد، کە ئەمە زۆرتر لە هێزە چەپەکان ئەوەشێتەوە، تەنانەت لە وڵاتانی ئەوروپا ئەمە زۆرتر سۆشیال دیموکراتەکان پێی ناسراونەتەوە و بۆیان بۆتە شانازی ئەگەرچی بە واقعی لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری و یەکسانیخوازی ژناندا بووە. من مەبەستم لەوە بوو لەم ڕوانگەیەوە باس لەم حزبانە بکرێ چونکە گەر وەک مەلەسەلەیەکی ڕادیکاڵانە سەیری ئەم مەسەلانە بکرێ لە چاو ئەحزابی کۆنەپەرست یان ڕاسترەو و دواکەوتوودا ئەمەی ئەمان پێشکەوتووانە و ڕادیکاڵانەیە. با لێرەوە سەرنجێک لە مەسەلەکە بدەین.**

**عەبدوڵا مەحمود:**

ڕاستە ئەو پێناسەیەی من کردم، لە ڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە بوو بۆ چەپ، دەکرێ لە ڕوانگەی تر یان باشتر بڵێین لە روانگەی باڵ و لقەکانی بۆرژوازیشەوە پێناسەی چەپ بکەین... لە خێزانی بۆرژوازیشدا چەپ و ڕاست هەیە. چ هەدەپە و چ پەیەدەش خۆیان بە بەشێک لە چەپی کۆمەڵگە دەزانن. لە هەموو کۆمەڵگەیەکیشدا لەوجۆرە حزبانە هەیە. ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێستادا کێشمەکێشی چینایەتی و سەرەکی لە نێوان دوو چیندا هەیە، پرۆلیتاریا لە لایەک و بۆرژوازی لەلایەک. بەڵام مەرج نییە هەر تەنها دوو حزبیان هەبێ، ئەحزابی جۆراوجۆریان هەیە بەشێکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەر بە بەشی چەپن، لە بەشی هەژارانن و داکۆکی لە بەرژەوەندی بێبەشان دەکەن، وە بەشێکیشیان وەک حزبی پارێزگار یان ئەحزابی تری ڕاستی بۆرژوازی داکۆکی لە بۆرژوازی دەکەن بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەتر. لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا بەجیا لە کێشەی سەرەکی نێوان چینی کرێکاری و بۆرژوازی، بۆرژوازی خوڵقێنەری دەیان کێشە و گرفتی ترە کە سودمەندە لێی... لەوانە کێشەی ستەمی میللی، هەڵاوارنی ڕەگەزی، پرسی ژینگە، ستەم و هەڵاواردنی ژنان،...تاد، لەبەرامبەر بەو زوڵم و گرفتە کۆمەڵایەتیانەدا، بزوتنەوە و ناڕەزایەتی جەماوەری و

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

کۆمەڵایەتی هەیە، لەو چوارچێوەیەشدا حزبی جۆراوجۆر هەن... ئەوانەی کە کێشەیان ژینگە و وەستانەوەیان هەیە بە رووی پیسبوونی ژینگە و کەم بوونەوەی دارستانەکان بە هۆکاری پیس بوونی ژینگە دەزانن و حزبیان بۆی دروستکردووە، وەکو سەوزەکان لە ئەوروپا. هەن کێشەی ژنان و زوڵم لەسەریان کێشەیانە و دەچن حزب و ڕێکخراوەی تایبەت بە رزگاری ژنان!! دروست دەکەن وەکو رەوت و  حزبە فیمینیستە جۆراوجۆرەکان. یان هەن کێشەی زوڵمی نەتەوایەتی کێشەیانە و حزبی ڕزگاری نیشتیمانی و سەربەخۆخواز دروست دەکەن و ئەگەر لەسەر ستەمی چینایەتی لەگەڵیان بدوێیت، و لێیان بپرسی بۆچی ستەمی چینایەتی بنەمای نارەزایەتیتان نییە، دەڵێن ئێمە کێشەی نەتەوایەتیمان هەیە و با سەرەتا ئەوە چارەسەر بکەین... وەکو ناسیۆنالیستێکی فەلەستینی یان ئیرلەندی...تاد. ئەم جۆرە حزب و ڕێکخراوانە  کە سەرچاوەی نارەزایەتیان دۆسییەک و کێشەیەکی دیاریکراوە کە دەوڵەت و لە بنەرەتدا نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەکەیەتی خۆیان بە چەپ دەناسێن و چەپی کۆمەڵگەن... هەدەپە پەیەدە، لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا، چەپن بەڵام چەپی بۆرژوازی کە کێشەیان ستەمی چینایەتی نییە و کێشەی سەرەکیان پرسێک و مەسەلەیەکی دیاریکراوی دەرهاویشتەی سەرمایەدارییە، خوازیاری روخاندنی سەرمایەداریش نین، خوازیاری چارەسەری ئەو پرسانەن لە چوارچێوەی هەمان نیزامی سەرمایەدارییدا...

دیارە وەکو چۆن چەندین جۆر لە دەوڵەت کە خاوەنی سیستەمی سیاسی جیاوازن، بۆ نموونە سیستەمی سیاسی فیدرالی ئیداری، فیدرالی قەومی، سیستەمی دینی یان مەزهەبی، قەومی و یان مەدەنی، پۆلیسی و سەبازی یان پەرلەمانی و... سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی، سەرۆکایەتی تەشریفاتی یان خاوەن دەسەڵاتی رەها، دیکتاتۆری و سەربازی یان مەدەنی و پشت بەستوو بەیاسا... و لە دنیادا هەن. و لەو نێوەدا دەوڵەتێکی مۆدیرن و  دەوڵەتێک کە دەسەڵاتێکی پەرلەمانی هەیە، یاساکان تا ڕادەیەک پارێزراون، باشترە لە سیستمێکی پۆلیسی و سەرکوتگەر یان سەربازی و دینی و تایفی، ئەمە واقعیەتێکیە. بۆ ئەحزابیش هەروایە، ئەکرێ ئەحزابێک هەندێک لە هەنگاوەکانی جێگای پشتیوانی بێ، بەڵام لەنێوان پشتیوانی کردن لەچەند هەنگاو سیاسەتێک و ناسنامە بەخشیندا، مەودایەکی زۆر هەیە.. دەکرێ و دەبێ پشتیوانی لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و حزبێک بکەیت کە

خوازیاری لابردنی ستەمی میللیە، یان خوازیاری کۆتایی بە ستەمی سەر ژنانە، یان لەدژی شێواندنی ژینگە تیدەکۆشێت، بەڵام ئەمانە هیچیان ناکات بە حزبی چەپ و کۆمۆنیستی... با نموونەیەک بهێنمەوە، مستەفا کەمال ئەتاتورک دوای نزیکەی بە شەش سەدە لە دەسەڵاتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەساڵی ١٩٢٣ سیستەمی کۆماری و عەلمانیەت لە تورکیا دادەمەزرێنێت، ئەم هەنگاوەی ئەتاتورک لەو سەردەمەدا و تا ئیستاشی لەگەڵ بێت، وەرچەرخانێکی گەورە و هەنگاوێکی جێگا پشتیوانییە، بێ ئەوەی ئەو هەنگاوە ئەتاتورک یان حزبەکەی بکات بە چەپ و کۆمۆنیست... یان ئەوەی کە باسی ئەوە دەکەن نابێ کرێکار بچەوسێتەوە، نابێ ئەوەند بێماف بن، دەبێ پشتیوانی لە ئیتیحادییەکان بکرێت، ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک باش بکرێت، دیارە ئەوانە باشن، بەڵام ئەوەی کە ئەمانە لە بەرنامەدا یان لە کەمپەینێکی هەڵبژاردندا پێداگری لەسەر دەکرێت، ناکاتە ئەوەی کە ئەو حزب و رەوتە بکاتە چەپ و کۆمۆنیست، ئەمرۆ هەموو حزبە چەپە بۆرژوازییەکان، یان عەلمانیەکان، سەوزەکان، ریفۆرمیستەکان، ئیکۆنۆمیستەکان... تەنانەت بەشێک لە حزبە راستەکانیش ئەمانە دەخزێننە ناو بەرنامەکانیانەوە یان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیەوە دەگرن، بەلام لە دنیای واقعی و بەکردەوەدا، کەمترین ئاوڕ لە کێشەی کرێکاران و مافەکانیان دەدەنەوە. با نموونەیەک بهێنمەوە، هەدەپە بۆ نەورۆزەکان، بەسەدان هەزار کەس بۆ ئاهەنگی نەورۆز کۆدەکاتەوە چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن، بەڵام ناتوانێ مانگرتنێکی کرێکاریی هەزار نەفەری بۆ کرێ، یان بۆکەم کردنەوەی سەعاتی کار، وەڕێبخات... یان خۆپیشاندان و چالاکیەک بۆ پشتیوانی لە خواستێکی ژنان سازبدات، نە مەشغەڵەیەتی و نە پرسێکی گرنگیشە بۆی، جا کاتێک لە مەیدانی واقعیدا، ئەوانە بەشێک لە کار و نەخشەو پرۆژەی ئەو هێزە نەبێت، با لە بەرنامەکەیدا یان لەکەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا، نووسرابێت، دەبێ بەچی؟ جگە لە فریوکاریەکی ئاشکراو و بەدەستەوەگرتنی ئەو ئۆردووە بۆ مەبەستی تر...

پێکهاتنی خودی ئەو حزبانە و پێکهاتەکانیان کە تەماشای دەکەی، مەسائیلی چینایەتی نییە تا چوارچێوەی چینایەتیش مەبناری کار و کردەوەکانیان پێکبهێنێ، نە پەیەدە و نە هەدەپە وا نین. نمونەی لەم بابەتەمان لە زۆر شوێنی دنیادا هەیە، دەشێ هەدەپە یان پەیەدە، یان هێزو حزبی تر چەند هەنگاوێک یان دۆسیەیەک بەدەستەوە بگرن کە قابیلی پشتیوانی بێت،

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

بەڵام ئەمە بەتەنها ناکاتە ئەوەی پشتوانی لەو حزب و هێزە بکەی... لە دنیاد نموونەی لەو بابەتە زۆرە وەک لە فەرەنسا بۆ نمونە کاتێک نیقاب قەدەغە دەکرێت، ئەوە هەنگاوێکە تۆ پشتیوانی لێ دەکەی. بەڵام ئەم پشتیوانییە خود بە خود ناکاتە پشتیوانی لەو دەوڵەتە یان ئەو حزبەی کە ئەو پێشنیارەی هێناوەتە ئاراوە. من پێم وایە هەر ئەمە بۆ پەیەدەش و هەدەپەش ڕاستە. بۆ نمونە پەیەدە لە کوردستانی سوریادا ئەوەی کە پێی دەڵێن سیستمی خۆبەڕێوەبردن لە خوارەوەی کۆمەڵگەوە پیادە دەکا، خودی ئەم هەنگاوە قابیلی پشتیوانیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی پەیەدە بکاتە ڕەوتێکی چەپ یان هەتا ڕەوتێکی شۆڕشگێڕ و هتد. تەنانەت دەکرێ لە وڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرکوتگەریشدا لەژێر فشاری بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و ڕادیکاڵەکان و پێشڕەویەکانیدا کۆمەڵێک شت بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنرێ. نمونەی وامان لە دنیادا زۆر بینیوە. خۆ ناکرێ کاتێک ئەم دەسکەوتە بەدیهات ئەوا مۆری پێشکەوتنخوازی بدات لەو دەوڵەتە و وەکو دەسکەوتێک بۆ ئەو دەوڵەت حساب بکرێ. زۆر جار ئەو دەوڵەت و هێزانە لە ناچاری و لەژێر گوشاری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا ناچارن دەست بۆ هەنگاوی لەو بابەتە ببەن. من پێم وایە بە هەمان پێوانە دیسان تەماشای پەیەدە یان هەدەپە بکرێ. هەتا ئێستا مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاو کە ئەمان بەرگریان لێ کردووە و قابیلی پشتیوانیە وە ئێمەش وەک کۆمۆنیستەکان داکۆکی لەوە دەکەین وە من شەخسی خۆم وەک کۆمۆنیستێک بەرگریم لە مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو کرد کە پەیەدە لە سوریا دەریکرد. هەروەها ئەوەش کە لەبەرامبەر داعشدا پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن قابیلی پشتیوانییە. هەروەها ئەوەی کە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان هەڵبژاردن و سیستمی بەشداری لە خوارەوەیان هێناوە بێ ناسنامەی قەومی و ئاینی خەڵک بتوانێ لە بەڕێوەبردندا بەشداری بکات ئەمەش قابیلی پشتیوانیە. بەڵام هەموو ئەمانەش ئەم ڕەوتە بۆ من ناکات بە ڕەوتێکی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی کە بنەمای پێکهاتنەکەی قەومی نییە. دووەم ئامانجە نیهائیەکەی و شێوە پێکهاتنەکەی و ڕەوشتی خەباتکارانەکەی و پەیوەندیەکەی لەگەڵ ئەحزاب و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و... هتد لەسەر بنەمایەکی چینایەتیە.

**دیدگای سۆشیالیستی: زۆر باشە ئەو خاڵەی کە تۆ باست کرد سەبارەت بە هەڵبژاردن لە**

**خوارەوە خاڵێکی باشە بەڕای من. سەیر کە، پەیدە هەروەک تۆش باست کرد باس لەوە ئەکات خەڵک لە خوارەوە ئۆرگانەکانی دیاری بکات و هەڵیبژێرێ و بەجۆرێک پێویستی بە ”دەوڵەت“ نییە. وە هەدەپەش لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥ دا بە ڕۆشنی وتی چونکە هاتنەناوەوەی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنەکان جۆرێک فەوزای لە ناو ئەحزابی بۆرژوازی تورکیشا نایەوە کە ئەمان پرۆـپەکەکەین و نابێ بەشدار بن بەڵام ئەمان، بێگومان بە پاڵپشتی هێزی پەکەکە، ڕایانگەیاند کە گەر ڕێیان پێ نەدەن بۆ بەشداری لە پەرلەماندا ئەوان لە ناوچەی دیار بەکر و دەوروبەری دەسەڵاتی لۆکاڵی و خۆجێیی خۆیان پێکئەهێنن بە پشت بەستن بەو شتەی کە خۆیان هەمیشە جەختی لێ ئەکەنەوە و خۆیان پێی ئەڵێن دیموکراسی ڕاستەوخۆ (جۆرێک لەو دیموکراسیەی لە وڵاتێکی وەک سویسرا هەیە کە گوایە خەڵک زیاتر دەستی هەیە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا)، ئەو دوو نمونەیە هەندێ کەسی چەپ و تەنانەت سۆشیالیست و کۆمۆنیستیش ئەمەندە بە خاڵێکی ئەرێنی دایئەنێن ئەیچوێنن بە دەسەڵاتی شورایی لە خوارەوە و ئەڵێن ”ئەمە ئەو جۆرەیە لە [سۆشیالیزم] کە بەو جۆرە تەقلیدیەی جارانی بە دەست نەئەهات و ئەمەی ئێستا وەسیلەیەکە. ئێوە ئەڵێن چی لەمبارەیەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:**

ئەبێ دوو شت لەیەک جیابکەینەوە. ئەوەی کە حزبێک بەرنامەی چییە و لەسەر چ بنەمایەکە و ئەوەی لە کەمپەینێکی هەڵبژارندا چی ئەڵێ دوو شتی جیان. ئەگەر تەماشای بکەی ئەبینی لە هەموو هەڵبژاردنێکدا چەپ و ڕاستی بۆرژوازی هێشتا لە ژێر سەنگینی مێژووی خەباتی بزووتنەوە کرێکاری و ڕادیکاڵەکاندایە و کاتێک دێتە سەر دانانی بەرنامە کۆمەڵێک لەو خاڵانەی تێ دەکەن و بە تایبەتیش لە هەڵبژاردنەکان یان هەندێ حاڵەتی ئەزمەگرتوو کە دەسەڵات تووش دەبێ ئەو حزبانە پەنا بۆ کۆمەڵێک لەو خاڵ و بەندانە دەبەن کە جیاوازی هەیە یان لانی کەم دەیانەوێ جیاوازیەکانی خۆیان لەگەڵ ئەحزابە ڕکابەرەکانیاندا گەورەتر نیشان بدەن. بۆیە ئەو دوو خاڵەی کە تۆ باست کرد، یەکەمیان ئەوەی دەیانەوێ دیموکراسی ڕاستەوخۆ یان دەسەڵاتی لۆکاڵی لەوێ بێکبهێنن من پێم وایە بە ڕاستی ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانەوە هەیە کە لەوێ هەبوو،لەلایەکەوە کارتێکی فشار بوو بۆسەر دەوڵەت و هاوکات بەشێک بوو لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان. نەک ئەجندایەکی جدی و پرۆژەیەکی هەدەپە.

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

**دیدگای سۆشیالیستی: ڕاستە ئەوە پەیوەندی بەو کەمپینەوە هەبوو بەڵام ئەوان لەبەرنامەکەشیاندا ئەوە هاتووە وەک خاڵێکی سەرەکی کە "باوەڕیان بە دیموکراسی ڕاستەوخۆ هەیە" وە ڕۆشنیشیان پێ داوە کە ئەمە بە مانای دەخاڵەتی ڕاستەوخۆ و هەمیشەی جەماوەرە.**

**عەبدوڵا مەحمود:** دەزانم، من ئەوەم بینیوە. بەڵام وەرە تەماشا بکە هەر لە بەرنامەی خودی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا ئەو بەندە هەیە، ئەوانیش باسی خۆبەڕێوەبەری دەکەن و تەنانەت نمونەکەشی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێکهێنانی ئەنجومەنی لادێکان کە لەسەردەمی شاخدا هەبوون و دەیانەوێ ئەوە بگوێزنەوە بۆ شاریش. بەڵام بۆ یەک جاریش لە دنیای واقعیدا نەیانکردووە. بە قەولی نوام چۆمسکی ئەڵێ "تۆ بۆ ئەوەی ئەحزابی سیاسی بناسی دەبێ سەیری ڕەفتار و کردار و هەڵوێستگیری سیاسییان بکەی نەک بانگەشە و بەندەکانی بەرنامەی". بەهەرحاڵ من دەمەوێ جەخت بخەمە سەر دوو خاڵ بۆ ئەوەی ئەمە زۆرتر ڕۆشن بێتەوە، یەکەم: لە شوێنێکی وەک تورکیادا دوو شت ڕوونادات لە کوردستانەوە، یەکەمیان، نە لە کوردستانەوە تورکیا دەکرێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی نادەوڵەتی وە دووەم نە لە کوردستانی تورکیاوە دەوڵەت دەڕوخێت. بەپێچەوانەی ئەو بانگەشەیەشیان کە باسی دیموکراسی جەماوەری دەکەن من تێناگەم هێزێکی وەک پەیەدە کە وەکو لە بەرنامەکەیدا هەیەتی و دەسەڵاتی خۆسەری جەماوەری دادەمەزرێنێ و پشتیوانی لە کۆمەڵگای دیموکرات دەکەن. بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی ١٦ ساڵەی ئەردۆگان و ئاک پارتیدا چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لە شارەکانی ئەنکەرە و ئیستانبول ڕوویانداوە بە دژی بە ئیسلامیزەکردنی تورکیا هەدەپە حەرفێکی لەسەر نەووتووە و نەشبۆتە بەشێک لەو بزووتنەوەیە و ئەو بزووتنەوەیەی کە دەیەوێ حەرەکەی لۆکاڵی لە ناوچە کوردنشینەکان پێکبهێنێ و خەڵک دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بکات نەیکردۆتە پشتیوانی لەو بزووتنەوەیەی کە لە ئەنکەرە و ئیستانبول بەڕێکەوتووە. کاتێک بزووتنەوەیەکی وا دێتە مەیدان و ئەمان یەک حەرفیان نییە کەواتە مەسەلەی ئەوان بە دیموکراتیزەکردن نییە، بەجیا لەوەی کە وەک وتم لە کوردستانی تورکیاوە دەوڵەت بە دیموکراتیزە ناکرێ. لە ڕاستیدا ئەمانە زۆرتر ئەوەن کە ئاپۆ لە بەرگرینامەکانیدا لەم دواییانەدا هێناویەتی کە ئەویش هێندەی ناکۆکیەکی گەورە

نیشان دەدات هێندە خەریک نییە وەڵامێکی دیاریکراو بە گرفتێکی بناغەیی بداتەوە کە حزبەکەی لەسەر پێکهاتووە.
چ پەیەدە و یا پەکەکە و ئەوەی لەم دواییانەدا پێکهات واتە هەدەپە کە ئەساسی پێکهاتنەکەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری نییە، بگرە ئەوەیە کە لە کوردستانی تورکیا زوڵمێکی قەومی هەیە و دەوڵەتی تورکی ئەو زوڵمە بە ڕەسمی ناناسێ و لە چوارچێوەی ئەو بەڕەسمیەت نەناسینەدا پەکەکە وەک هەر هێزێکی تری بۆرژوای لە ڕێگەی باڵە جۆراوجۆرەکانیەوە باڵێکی چەکداری و باڵێکی ناوخۆیی هەیە کە لە ساڵی ۲۰۱۲ ەوە دروست بووە دەیانەوێ ببنە گوشارێک کە بچن لە دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشداری بکەن. هەر ئەوەی کە خۆیان کاندید دەکەن و دڵیان بەوە خۆشە کورسی پەرلەمانییان هەبێ و تەنانەت بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد شاگەشکە بووبوون کە هەدەپە لە ناوخۆی تورکیادا ٦٧ کورسی بەدەستهێناوە. ئەوە موسیبەتە بۆ بەشێک لە کۆمۆنیستەکانیش کە دڵیان بەم مەسەلەیە خۆش بوو کە گوایە کورد توانیویەتی دەسکەوت بەدەست بهێنێت بێئەوەی بۆ یەک دەقە ئەم کەسانە یان خاوەنانی ئەو دیدگایە لە خۆیان بپرسن کە مەگەر لە کوردستانی عێراقدا کەم کورسی پەرلەمانی لەلایەن حزبە کوردستانیەکانەوە بەدەستهات؟ بەڵام هیچ کارێک نەکرا. بەتایبەتی لە نێو ئەو سیستمە دیکتاتۆریانەی لەو ناوچەکەدا هەن لە نمونەی ئێران و عێراق و سوریا و وڵاتی لەم بابەتە بە هیچ جۆرێک قسەکە لەسەر پرۆسێسی دیموکراسی و شتی وا نییە. هەتا خودی ئەو پەرلەمانە لە تورکیادا کە سەیری دەکەی هەر بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ١٦ ساڵی ڕابردودا لە دەسەڵاتی ئاک پارتیدا پێکهات و لەو چوارچێوەیەدا یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو پارتە کە بریتی بوو لەوەی سیستمی پەرلەمانی بۆرژوازی بە مانا خراپەکەشی بگۆڕێ بە سیستمێکی سەرۆکایەتی و تاکڕەوی و دەسەڵاتی ڕەهای فەرد لەسەرەوە تەماشا بکەن بە کۆییان گەیاند. خودی پەرلەمانی بێهودە کرد نەک ٦٧ کورسی، ١٠٠ و ٢٠٠ کورسیش ناتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی لەژێر سایەی دەسەڵاتی تاکلایەنە و فاشیستیانەی حزبێکی وەک ئاک پارتی و ئەردۆگاندا هەبێ تا کەسانێک بێن دڵیان پێی خۆش بێ. بۆیە لەوبارەیەوە من پێم وایە ئەبێ خاترجەم بین لەوەی کە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە تورکیادا نە لە ڕێی پەرلەمان و نە لەڕێی هەڵبژاردنەکانەوە دەکرێ و نە لەوێوە دەکرێ کە لەنێو بەندەکانی کەمپینی

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

هەڵبژاردندا بێیت ئەم خاڵانە بهێنیت کە گوایە داکۆکی لە کرێکار دەکەی، کۆمەڵگا دیموکراتیک دەکەی، یەکسانی ژن و پیاو دێنێ... ئەمانە لەو چوارچێوەیەدا ناکرێ. لە کوردستانی تورکیادا دەکرێ ڕێگایەکی تر بگیرێتەبەر، بۆ نمونە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕانە بۆ خواستی کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی قەومی، بزووتنەوەیەک دەکرێ بچێتەپێشەوە و دەوڵەتی تورکیا ناچار بکات ئەمە بەڕەسمی بناسێ. ئەویش بە مەرجێک ئەگەر ڕێگەچارەیەکی سۆشیالیستانە و ئینسانانە، یان لانی کەم بڵێم ڕێگاچارەیەکی کارسازی بداتێ گەر سۆشیالیستانەش نەبێ. کارسازانە بەو مانایەی کە نەچێت دیفاع لە فیدراڵیزم یان ئەوەی کە خۆیان پێی دەڵێن کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی ببەستێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا ناچێتەپێشەوە، چونکە ئەم دوو نمونەیە تەجروبەی خۆیان لە دنیادا نیشان داوە بە تایبەتی فیدراڵیزمەکە ئەوە تەجروبەکەی زیندووە. کۆنفیدراڵیزمیش خۆی بەڕاستی شتێکی بەرگریکارانەیە لە کۆمەڵێک برگەی دیاریکراودا، لە ئەمریکا ڕوویداوە، لە سویسرا ڕوویداوە. بەڵام کاتێک بۆرژوازی دەکەوێتە مەترسیەوە یان دەوڵەتەکە لە مەترسیدایە کۆمەڵێک لایەن بە سەربەخۆیی خۆیان بڕیار دەدەن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی سەراسەری، ئەمە کۆنفیدراڵیزمە. فیدراڵیزمی قەومیش ئێمە خۆمان بینیومانە کە تەجروبەکەی چۆنە. بەڵام ئەگەر ئەمان بەڕاستی بیانەوێ ئەم کێشەیە لە کوردستانی تورکیادا چارەسەر بکرێ، ڕێگاکەی ئەوەیە لە پشت بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بوەستن و بەتایبەتی کە ئەگەر فەزای زاڵی هەدەپە بەسەر کۆمەڵگای کوردستانی تورکیادا، لەبەرچاوبگرین، ئەوە ڕاستیەکە کە ئەوان خاوەنی پایەگایەکی بەرجەستەن و واقعیەتە ئەتوانن ئەو کارە بکەن. ئەو کارە بەجۆرێک بەرنەپێشەوە کە دەسەڵاتی تورکیا ناچار بکەن مل بدات بە ڕێگەچارەی کارساز بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیادا.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئەم مەسەلەیە بۆ تورکیا بەوجۆرەیە بەس سەبارەت بە پەیەدە ئەوان ئیتر خۆیان دەسەڵاتێکی دی فاکتۆیان دامەزراندووە گوایە لەسەر هەمان بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ یان ئەوەی خۆیان پێی ئەڵێن خۆجێیی و ئەو شتانە. لەم لایەنەوە کەمێک جیاوازی هەیە لە نێوان هەدەپە و پەیەدەدا لەبەرئەوەی هەدەپە هێشتا وەک هێزێکی**

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**ئۆپۆزسیۆن، ئەگەرچی بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بۆ هەموو دانیشتووانی تورکیایە، بەڵام وەک تۆ وتت لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆیە لەمە زیاتر نەیتوانیوە بچێتەپێشەوە. بەڵام پەیەدە لە کوردستانی سوریادا هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ دەسەڵاتی بەدەستەوەیە ئەگەرچی ئێستا واخەریکە دەسەڵاتەکەی بە شێوەی جیاجیا ئەکەوێتە لەقولۆقی و خەریکی دانوسان و ڕێککەوتن و ئەو شتانەیە. پێت وانییە لەمبارەیەوە جیاوازیەک هەیە چونکە ئەمان بەجۆرێک ئەمەیان پیادە کردووە؟ بۆ نمونە ئەم خاڵەیە کە هەندێک لە چەپ بە دروست تۆ لەپەیوەند بە هەدەپەوە ئاماژەت پێدا بەس ئەمە ئەوەندە سیمپاتی بۆ پەیەدە پەیدا کردووە کە ئەوکات بینیمان تەنانەت هەندێ کەس پێی ئەووتن کۆمۆنارەکان، ئەمە ئیتر دەسەڵاتی واقعی خەڵکە، ئەمەیە ئیتر "سۆشیالیزم"، پێمان باش بوو بە کورتی لەسەر ئەمەش قسەیەک بکەیت.**

**عەبدوڵا مەحمود:**

واقعیەتێک هەیە ئەوەی کە لە پەیوەند بە پەیەدەوە کە لە مەیدانی عەمەلیدا بەجۆرێک ئەلگۆیەکی تری نیشان داوە. نمونەکەشی بریتیە لەوەی کە لە سێ چوار مەسەلەدا ئەتوانین ئاماژەی پێ بدەین کە قابیلی پشتیوانیە. یەکەم، وەک پێشتریش وتمان سیستمی خۆبەڕێوەبەری لە خوارەوە، دووەم مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو، سێیەم، ڕاوەستاوی و بەرگری قارەمانانە لە کۆبانی بەرامبەر بەداعش. چوارەم، ئەوەی کە نەچووە نێو چوارچێوەی یەکجارەکی لەگەڵ ئەمریکا و غەربدا بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێ و شەڕی خۆی لەگەڵ داعشدا ... ئەمانە چەند مەسەلەیەکن کە قابیلی پشتیوانین. بەڵام واقعیەتێک هەیە کە زۆر کەم ئاماژەی بۆ دەکرێ و لە ئەدەبیاتەکاندا نابینرێ ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتەی بۆ پەیەدە پێکهاتووە لە کوردستانی سوریادا بەرهەمی پێشڕەوی ڕۆژ بە ڕۆژ و خەباتی لەپێشتری خەڵکی کوردستان لە دژی دەوڵەتی سوری نەبووە. ئەمە خاڵێکە کە دەبێ زۆر سەرنجی بدرێتێ چونکە ئەگەر ئەو واقعیەتەی لە کوردستانی سوریادا پێکهاتووە و بەو دەسکەوتانەش کە ئێستا ئەمان بەدەستیان هێناوە بەرهەمی لە پێشتری جەماوەری خەڵک و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بووایە لەبەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا و لەبەرامبەر ئەوەدا دەوڵەت و ئەسەد پاشەکشەیان پێ بکرایە و خەلک خۆیان ئەم دەسەڵاتەیان دامەزراندایە، ئەمە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی لە فەزایەکی دیاریکراوی

جەنگیدا بۆشاییەکی سیاسی دروست دەبێ. ئەمان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی دەستیان بردووە بۆ ئەو هەنگاوانە کە دیارە ئەو هەنگاوانە قابیلی پشتیوانین، بەڵام خودی ئەو هەنگاوانە ناتوانێ مادام بەرهەمی خەباتی لە پێشینەی جەماوەری لە کوردستانی سوریادا نییە ناتوانێ لە درێژماوەدا لەسەر قاچەکانی خۆی ڕابوەستێ. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە دەبێ ئاماژەی پێ بدەین. دیارە ئەوەی کە ئەمان توانیویانە کەڵک لەو بۆشاییە سیاسیە وەربگرن و لەو نێوەدا کۆمەڵێک هەنگاوی دیاریکراو بنێن واقعەتێکی بەرجەستە و قابیلی پشتیوانییە، ئەوە هەنگاوێکی موسبەتە کە بەشێک لەسوریایان لە جەنگی تیرۆرسیتی پاراست و ئەو بۆشایەیان پڕ کردەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەمە بەرهەمی چ شتێکە ئەوە پرسیارەکەیە؟ ئەو هەلومەرجەی بۆ پەیەدە هاتە ئاراوە، بەرهەمی گۆرانی هاوسەنگی هێز لەنێوان بزوتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانی سوریا لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی دەوڵەتی ئەسەددا نەبوو، رژێمی سوریا ناچار بوو ئەو ناوچانە چۆڵ بکات و لەجێگایدا پەیەدە ئەو بۆشایەیەی پڕکردەوە، دەشێ هەماهەنگیەکیش لەنێوان پەیەدەو دەوڵەتی سوریادا هەبووبێت. کەواتە دەکرێت بڵێن لە چوارچێوەی فەزایەکی نەخوازراو کە هاتەپێشەوە و جۆرە ڕێککەوتنێک هەبوو وە بۆشاییەک دروست بوو و لەو نێوەدا پەیەدە بۆشایەکەی پڕکردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئارامبوونەوە و کۆتایی هاتن بەو واقعیەتە سیاسیەی لە سوریادا هەیە، کە دیارە پێم وانییە ئەوە زۆر بە پەلە ڕووبدات، سەرئەنجام دوو ڕێگای لەبەردەمە، یەکەمیان یا ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتی سوریا خۆی بگرێتەوە و لەڕێگەی مفاوەزات و ساتوسەوداوە ئەبێ لەگەڵ ئەو لایەنانە ڕێکبکەون. دووەمیان ئەوەیە کە حکومەتی سوریا دەست ببات بۆ هێرشی سەربازی و ئەو ناوچانە بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەروەک چۆن هەندێ ناوچەی هەر ئێستا کۆنترۆڵ کردۆتەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: وایە وەک لە مەنبەج ئەیبینین.**

**عەبدوڵا مەحمود:**

بەڵێ. یان ئەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەتوانێ هەموو ئەو سەرکوت و ئەو هەموو زوڵمەی کە جاران بوویەتی بیسەپێنێتەوە. لەوانەیە بە کۆمەڵێک ئیمتیازاتی دیاریکراوەوە کۆتایی پێ بێ. بۆ نمونە جنسیە نەدەدەردا بە کوردەکان لە سوریا لەوانەیە ئیتر لەمەودوا

ئەوە بکات بە ڕەسمی. لەوانەیە هەتا بە جۆرێک بە ئۆتۆنۆمیش ڕازی بن. کۆمەڵێک مافی خوێندن و نووسین بەڕەسمی بناسن، بەڵام هێشتا خودی پەیەدە سەرباری ئەو هەنگاوانەی کە باسمان کرد هەڵیگرتوون لە ڕووی ئایندەی سیاسیەوە واتە دیاریکردنی ئایندەی سیاسی سوریا وە یەکلاییکردنەوەی کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتی ئەسەد مەسائیلێکی میحوەری نییە کە ئایا دەگەڕێنەوە بۆ ڕای خەڵک بزانن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە چ وەڵامێک دەدەنەوە؟ ئایا بۆ نمونە مەسەلەی ڕێگەی ڕیفراندۆم دیسان بۆ ئەوێش دەگرنە بەر بزانن کە خەڵی سوریا یان ناوچە کوردنشینەکان دەیانەوێ بمێننەوە لەگەڵ سوریا یان جیاببنەوە؟ ئایا ئامادەن لەسەر ئەمە کار بکەن و ئەمە بکەنە مەبنا و ئەم دەسەڵاتە خۆجێییە و ئەم بەرگریەی کە ئێمە پێشتر بینیومانە لە دژی داعش و ئەو ئیرادەیە کە هەیە بکەنە مەبنای هەڵویست و پرۆژەی سیاسی بۆ ئایندە ... ئایا ئامادەن هەموو ئەمانە کە هەن بیکەنە سەرمایەیەکی گەورە بە ئاقاری ئەوەی کە لە چوارچێوەی فشارخستنە سەر دەوڵەتی مەرکەزی سوریا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەوێ یەکلایی بێتەوە یان نا؟ هێشتا ئەوە ونە لە سیاسەتی پەیەدەدا. ڕاستە مەرسومی یەکسانی ژن و پیاوی هەیە، ڕاوەستانەوە و بەرگری هەیە، هەڵبژاردنی لەخوارەوەی پیادەکردووە، بەڵام هێشتا ئەم مەسائیلە سیاسیانەی کە میحوەرین لە ئەجێندای سیاسی پەیەدەدا نادیار و ونە کە ئایندەی سیاسییە. ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی پەیەدە کە ئایندەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایە بە نادیاری ئەهێڵێتەوە یان لانی کەم ناتوانی بڵێی ئاسۆیەکی باش بۆ کۆتاییهێنان و چارەسەری ئەو کێشە سیاسیە کە لەوێ هەیە لەئارادایە. زۆرتر ئەمانیش دەیانەوێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریادا بیبەنە پێشەوە کە ئەو جێگەوڕێگەیەیان بۆ بەڕەسمی بناسێ کە من پێم وایە لە فەزای یان لە شێوە دەوڵەتی ئەسەددا شتی وا مومکین نییە.

**دیدگای سۆشیالیستی: با بێینەوە سەر خاڵێک کە پێشووتریش کەمێک ئاماژەت پێ کرد ئەوەش مەسەلەی ئەوەیە کە لەڕاستیدا هەردوو لایان، چ پەیەدە و چ هەدەپە، باسی لێوە ئەکەن کە گوایە دەوڵەتی نەتەوە تەواو بووە و پێویستی نەماوە. وەک ئەبینین هەدەپە تەنها لە کوردستانی تورکیادا خۆی بەرتەسک ناکاتەوە و تەنانەت خۆی بە بەشێک لە مەسەلە ڕادیکاڵەکانی سەراسەری تورکیاوە پەیوەست ئەکاتەوە. پەیەدەش بە هەمان شێوە هەتا**

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

**کاتی خۆی ساڵح موسلیم بە ڕۆشنی کاتی خۆی وتی کە گوایە نایانەوێ شتێکی قەومی و نەتەوەیی کورد دروست بکەن. هەموو کەسێک لە کوردستان وەکو یەکە و هەمان مافیان هەیە. دیارە ئەمە زۆرتر وەک ڕێکلام دەنا ئەوەی لە واقعدا چییان کردووە مەسەلەیەکی ترە. ئەم خاڵە و لەگەڵ ئەوانە کە تۆ باست کرد جەوێکی دروست کردووە کە پەسەندێتی داوە بەم دوو هێزە تا ئاستی ئەوەی کە وەک وتمان خەڵک ئەمانەی زۆر پێ ڕادیکاڵ و چەپ و تەنانەت هەندێ کەس باسی ئەوەیان دەکرد کە ئیتر کۆمەڵگای تورکیا بەم چەند کورسیەی هەدەپە ڕزگاری ئەبێ، ئیتر سۆشیالیزم لەسەر دەستی پەیەدەدا لە سوریا دائەمەزرێ. ئەم مەسەلەیەی نەتەوەوە و ئەو خاڵانەی باسیان کرا بەجۆرێک سیمپاتی جێهێشتبوو کە بواری ڕەخنەی لەم هێزانە کەمڕەنگ کردۆتەوە. با کەمێکیش لەسەر ئەم مەسەلەیە بدوێین.**

**عەبدوڵا مەحمود:**

من لام وایە خودی بەشێک لەو بۆچوونەی یان ئەو ڕەوتەی کە خۆشخەیاڵییان هەیە بەوەی کە هەدەپە و پەیەدە دوو هێزی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ یان کۆمۆنیستن، ئەوە جۆرێکە لە گیرۆدەیی کە ئەو ڕەوت و کەسانە تووشی بوون. پێش ئەوەی باس لەوە بکرێ کە چ کێشەیەک لەوێ چارەسەر ببێ، ئەم بۆچوونە گیرۆدەی شتێکە کە دەبێ لێی ڕزگار ببێ. ئێمە زۆر جار بینیومانە نەک لەوێ بۆ نمونە لە ٢٠٠٩ دا بزووتنەوەیەک دروست بوو لە کوردستانی عێراقدا لەژێر ناوی دژی گەندەڵی یان لەسەر بنەمای شکستی یەکێتی و پارتی کە بزووتنەوەی گۆڕان بوو. ئەم بزووتنەوەیە خۆشخەیاڵیەکی ئێجگار گەورەی دروست کرد وە خەڵکێکی زۆر بە هێزێکی شۆڕشگێڕ ناویان برد، کۆمەڵێک لە چەپە شلوشێواوەکان لەگەڵیان ڕۆیشتن، جەماوەرێکی بەرینی خەلکی ئومێدی پێوەیان گرێدا... بەڵام ئەوە ٩ سالی نەخایاند هەر ئەمڕۆ ببینە کە ڕەوتێکی داکوژانی گەورە هاتەپێشەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە کە تەوەهوم و خۆش باوەڕییان بە گۆڕان هەبوو بوون بە قوربانی. من پێم وایە هەمان حەقیقەت بەجۆرێکی کە لەو ڕوانینەدا هەیە کە پێی وایە پەیەدە یان هەدەپە مادام ئەمانەیان لە خۆیان نیشان داوە یان کۆمەڵێک خاڵی پۆزەتیڤ کە پەیەدە لە کوردستانی سوریا هەیەتی ، ئەمانە وا دەکات کە ئەمانە بکاتە هێزێکی ڕزگارکەر و "کۆمۆنیست" من پێم وایە ئەمە لە وەهم زیاتر هیچی تر نییە. مەئساتە تۆ پێت وابێ

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

هێزێک کە پەنجە نەخاتە سەر مەسائیلە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگە، و بنەمای پیکهاتنی ستەم و نابەرابەری چینایەتی نەبێت، بەڵام بە کۆمەڵێک مەسائیل و خاڵی ترەوە، کە دیارە پۆزەتیڤن، بنووسێت و ئایندەی تەواوی بزووتنەوەکە نەبینێ ئەمە خۆی موسیبەتێکە! پەیەدە و هەدەپە نە بنەمای دروست بوونیان ستەم و نابەرابەری کۆمەڵایەتی و چینایەتییە و نە خۆشیان ئەو بانگەشەیەشیان کردووە، لەوەش واوتر تەنانەت هێزیک نین بتوانن هەڵگری چارەسەری کێشەی سیاسی کورد بن بە ڕێگاچارەیەکی کارساز و شارستانیانە. مقاوەمەتی جێگا پشتیوانیە، خۆبەڕێوەبەری جێگا پشتیوانیە، مەرسومی یەکسانی ژن و پیاوی جێگا پشتیوانیە... سەرئەنجام دەبێ پەیوەست بێت بە چارەسەری ئەو گرفتە بناغەییە سیاسییەوە کە کێشەی کوردە و بەشێکە لە کێشیەکی ناوخۆیی تورکیا و سوریا و هاوکات کێشەیەکی ناوچەیی پێکەوەبەستراویشە... وەڵامی ئەو دوو هێزە چاوبڕینە بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە لە دیمشق و ئەنقەرە و بەشدارییە لە دەسەڵاتدا، کە ئەمەش نەک وەڵام بە پرسی سیاسی کورد ناداتەوە، بەڵکو دەبێتە ڕێگری بەردەمی... پیداگری بەردەوامی موسلیم و پەیەدە کە نایانەوێ شتێکی قەومی و نەتەوەیی دروست بکەن زۆر ئاشکرایە، کە دەیەوێت لەو ڕێگایەوە وەکو بەش و هێزێک لە دیموکرایتزەکردنی سوریادا ڕۆڵ ببەخشێتەوە، کە ئەمە وەهمە و دەوڵەتی سوریا لە ڕێگای هێزی محەلی و لە کوردستانی سوریاوە دیموکراتیزە ناکرێت... ساڵح موسلیم خۆیشی ئەو ڕاستیە دەزانێت، بەڵام دەیەوێت لە ڕێگای ئەم بۆچوونانەوە پەیامی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا، بگەیەنێت. لە تورکیاش ئەوەی کە ئۆجەلان لە بەرگرینامەکانیدا نووسیویەتی و مەسەلەی نەتەوە بۆیان مەسەلە نییە و هەتا ئەوە ساڵح موسلیمیش وتوویەتی، بەجیا لەوەی کە ڕێکلامێکە، ڕاستیەکەی ئەوە زۆرتر گوشارێکە کە ئۆجەلان لە زیندانەوە لەسەر ئەو بزووتنەوەیەی خۆی هەیەتی. ئەو وەک کەسێکی دەستبەسەر لەوێ و هەموو نووسراوەکانی ئەم دواییەی و بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر ناوی بەرگرینامەی ئۆجەلان هەیەتی هێندەی بەرگرینامەیەکە بۆ ئازادکردنی خۆی لە زیندان و دەستهەڵگرتنیەتی لەسیاسەتی ڕابردووی خۆی کە لە سەربەخۆیی چوار پارچەی کوردستانەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستانی تورکیا و ئیستاش دەستهەڵگرتن لە پرسی کورد لە ژیر ناوی تیکۆشان بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە بەجیا لە پاکانە دەتوانین بڵێین، پێشەکی دانە بە

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

ئەردۆگان و ئاک پارتی کە پرسی کورد لای ئەوان کۆتایی هاتووە و بەهەموو شێوەیەک ئامادەی سازانن... جیا لەوانەش ئەو دەربڕینانەی وەکو تێز ئۆجەلان لە بەرگرینامەکانیادا پیداگریان لەسەر دەکات، وەکو کاریزمایەکی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیش بووە بە خەتی سیاسی هەموو ڕەوتەکانی ژێر سایەی ئۆجەلان چ لە تورکیا و سوریا و چ لە عێراق و ئێراندا کە بانگەشەیەکی سیاسی و مۆرڤ دۆستانەیە!! بۆ خودی ئەو لایەنانە کە بڵێن ئەوەتا ئۆجەلان دژی توندوتیژییە، دژی جیابوونەوەیە، دژی پارچەپارچەکردنی وڵاتە، ئەم دەیەوێ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک پێکبهێنێ کە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هەیە. ئەوەی کە دنیا شەڕی لەسەر دەکات و بۆی تێدەکۆشێت. دەیەوێ لەگەڵ ئەم شەپۆلە لە ئینساندۆستی و ڕزگاریخوازی و مافی مرۆڤ و مافی گەلان و ئەوانەدا خۆی بگونجێنێ. ئەگەر نا یەکەم، وەک وتم چ پەیەدە و چ هەدەپە بۆچی ئەحزابی لۆکاڵین؟ بۆ لە محەلدا پێکهاتوون و سەرتاسەری نین؟ دووەم، ئەو حزبانە لەسەر بنەمای زوڵمی قەومی پێکهاتوون، نەک لەسەر بنەمای قڵشتی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردستانی تورکیا یان سوریادا تاکو کێشمەکێشی چینایەتی ئەو وڵاتانە نوێنەرایەتی بکەن و ئەوە لاببەن و هەر لەو چوارچێوەیەشدا بەشێک بن لە چارەسەری کێشەی مەسەلەی کورد تا ئەوە ببێتە مایەی ئەوەی کە کۆمۆنیستەکانیش بە هی خۆیانی بزانن. وە ئەگەر لە کوردستانی تورکیا یا سوریا هێزێک بەو ناوەڕۆکەوە بێت کە وەک هێزێکی چینایەتی شۆڕشگێڕ خوازیاری ئەوە بن لەوێ قڵشتی چینایەتی نەمێنێ وە بەشێکیش بێت لە هێزێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد وەکو پرسێکی هەم وڵاتی و هەم کە لە ناوچەکەدایە ئەو کاتە دەبوو هەر هێزێکی کۆمۆنیستی نەک هەر پشتیوانی لێ بکات بگرە بە هێزی خۆی بزانێ و بە بەشێک لە بەرە و جەمسەرێکی کۆمۆنیستی بزانێ کە لە ناوچەکەدا هەیە. بەڵام بە ڕاستی ئەمە نییە تا کۆمۆنیستەکان یان هەر کەسێک لەوبارەیەوە خۆشباوەڕی پێی هەبێ.

تا ئەو شوێنەش بە هەنگاوی سیاسی ئەگەڕێتەوە هەروەک چۆن لە سوید یان نەرویجدا یان لە ئێران یان هەر شوێنێکی دنیادا هەنگاوێک بنرێ، بۆ نمونە گەر ئەمڕۆ لە ئێراندا حیجابی ئیجباری هەڵبوەشیتەوە سزای لەسێدارەدان نەهێڵدرێ...

**دیدگای سۆشیالیستی: وایە، جێگای پشتیوانیە.**

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**عەبدوڵا مەحمود:**

ناتوانم بڵێم جێی پشتیوانیە. ئەگەر لەژێر فشاری بزووتنەوەی جەماوەری خەڵک لە خوارەوە هەڵبوەشێتەوە، ئەوا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییە ملی داوە نەک ئەوەی کە خێر و سەدەقە بێت تا پشتیوانی لێ بکەیت. ئەو کاتە ئەبێ خەباتەکە درێژە پێ بدەی لە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانەوە تا جێگیرکردنی ئازادییەکان. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسا یان دانیمارک یان وڵاتی لەو چەشنەدا ئێمە شتێکی وا ببینین هەتا لەوێش ئەمانە بەرهەمی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و ئازادیخوازی خەڵک بووە نەک خێر و سەدەقەی دەوڵەت و دەسەڵات. بۆچی مافی منداڵان لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپیدا زۆرترە؟ بۆچی مافەکانی ژنان تا ڕادەیەکی باش زەمانەت کراوە؟ بۆ مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی بەرچاو پارێزراوترە؟ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە هێشتا بزووتنەوەی جەماوەری و ناڕەزایەتی و کۆمەڵێک بزووتنەوەی ڕادیکاڵی جەماوەری کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەوە. وە سەندنەوەی ئەو دەسکەوتانە لە خەڵک سەختە. یانی تۆ بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەگەر بەیانی بڕیار و یاسای تۆزێک توند دژی خەڵک دەربچێت، خەڵک دێتە سەر جادە. هێشتا ئەمە جیاوازی هەیە. بۆیە ئەمە نابێ لەوبارەیەوە هەموو ئەو کەیسانە تێکەڵ بکەین. ئەوەی کە پەیەدە ئەیکات لە کوردستانی سوریا گرنگە، بەڵام بۆ منێکی کۆمۆنیست کێشەی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، مەسەلەی میحوەرییە. یان تەنانەت وەک ئازادیخوازێک کە پرسی ژنان، ژینگە، پرسی کوردیش بە پرسی خۆم دەزانم، کاتێک پەیەدە یان هەدەپە ڕێگەچارەیەکی دیاریکراو و ڕۆشنی بۆ کێشەکە نییە بۆ من لەژێر پرسیاردایە. تەبعەن هەموو ئەو ڕێگەچارانەش کە بۆ ئەم کێشەیە کراون جگە لەو ڕێگەچارانەی سۆشیالیستەکان کردوویانە لە یەک شوێن سەرکەوتنی جێ دڵخوازی بەدوای خۆیدا نەهێناوە. ئەگەر نمونەی فنیلاند وەربگرین لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاتێک لینین بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئەوەتا ئەبینین فینلاند وڵاتێکی سەربەخۆ و ئارامە پێچەوانەی ئەوەی کە بۆ نمونە لە باکوری سودان ڕوویدا کە تا ئێستاش هەر شەڕ و کێشەی تێدا هەیە. جیابوونەوەی نەرویج لە ساڵی ١٩٠٥ دا کە کردی بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و وەک خاوەن سەروەری هێشتوویەتیەوە و ئەتوانێ ببێ بە نمونە بۆ وڵاتانی تری دنیا. کاتێک ئەو ڕێگەچارانە کۆمۆنیستەکان و هێزی شۆڕشگێڕ لە

پشتیەتی و بە نەخشەوە دەیباتە پێشەوە هەتا جیاوازە لەو ڕێگەچارەیەی کە بۆرژوازی تەنانەت لەژێر فشاریشدا بیەوێت بیخاتە دەستوری خۆیەوە.
بۆ هەر کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕێک بە بۆچوونی من مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوەندەی کە بێتە سەر ئەوەی ئەو حزبە کە هەڵگری چ پەیامێکە و لە مەیدانی واقعیدا بنەمای جوڵانەکەیەتی کە لە چ جێگایەکەوە دەست پێ دەکات جێگایەکی زۆر گرنگی هەیە لە هەر لێکدانەوە و بۆچوونێکدا. کەسانێک هەن پێیان وایە هێشتا دەکرێ مێژوو، ئاخر خۆ ئەگەر مێژووی سوریا بنووسرێتەوە هەر ئەوە نانووسرێتەوە کە یاسای یەکسانی ژن و پیاو هەیە. مێژوو بەوە دەنووسرێتەوە کە چەندە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانی سوریای بەرەو چارەسەر برد. خۆ ئاگەر کەسێک بیەوێ بە ڕووداوە محەلی و کەمڕەنگەکانەوە بێت مێژووی گەورە بنووسێتەوە یانی دەیەوێت مێژوو بشێوێنێت. ئەمانە واقعین، بۆیە من پێم وایە لەمبارەیەوە دەبێ دیقەتێکی زۆرتر بدرێ لەسەر ئەو کەیسە سەرباری ئەوەی کە دەکرێ تۆ پشتیوانی لە کۆمەڵێک هەنگاوی دیاریکراو بکەیت بەڵام خودی ئەو هەنگاوانە نە ئەو هێزە دەکات بە شۆڕشگێڕ و نە دەبێ بە مارکسیست و نە.... هتد. بە ڕاستی دەبێ گوشار دابنرێ لەسەر ئەو هێزانە کە بێنە سەر ئەسڵی ئەم مەسەلانە. من پێم وایە بە هەر ئەندازەیەک پەیەدە یان هەدەپە بێن و ببنە بەشێک لە بزووتنەوەی سەراسەری شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی تورکیا یان سوریا دەتوانن بەهێزتر بن، چونکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان کاریگەری هەیە بەسەر بزووتنەوەی سەراسەری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەراسەریش لە تورکیادا کاریگەری بەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانەوە دەبێ. مەبەستی من لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە، ئەو ناڕەزایەتی و نەفرەتە قوڵەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و نەداری کوردستانە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی تورکیا و سیاسەتە سەرکوتگەرانە و جیاوازیخواز و هەڵاواردنەکان و ستەمی نەتەوایەتی، دیارە ئەگەر ئەم حزبانە بەشێک بن لەو بزووتنەوە شۆرشگێڕانەیە کە لەو پارچانەدا هەیە، چونکە هێشتا ئەمە بانگەشەیەکە. هێشتا هەدەپە بەشێک نییە لەو بزووتنەوەیەی کە دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ئەردۆگان ڕەت بکاتەوە. بەدژی یاسا و ریسا ئیسلامیەکانیدا وەستابێتەوە، پشتیوانی لە بزوتنەوەیەکی کرێکاریی و جەماوەری کردبێت...تاد، لە هیچ شوێنێکدا تۆ بینیوتە بەیاننامەیەک هەبێ؟ من خۆم ئەم چەند ڕۆژە

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولڵا مەحمود

چەندین نووسین و کتێب و دۆکیومێنتم هەڵدایەوە لە هیچ شوێنێکیدا تیای نییە. زۆر مەسەلە هەیە. کچی ٩ ساڵانە ئەدەن بە شوو، ئاخر ناکرێ تۆ پشتیوانی لە یاسای یەکسانی ژن و پیاو بکەیت، بەڵام لە مەیدانی عەمەلیدا لە تورکیایەکدا کە دەیەوێ زەواجی کچی ٩ ساڵان بکاتە ڕەسمی بەپێی یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی قسەیەکت نەبێ لەسەری، خۆپیشاندانی جەماوەری بەدژی ئیسلامیزەکردنی تورکیا بکرێت، تۆ خۆت کەڕ بکەیت و بە ێیشەی خۆتی نەزانی...

**دیدگای سۆشیالیستی: ڕاستە. دەستت خۆش بێ. نمونەی تری لەو بابەتە زۆرن بەڵام کاتی ئەوەمان نییە. منیش ئەوەی کە بەلامەوە گرنگ بوو ئەوەیە کە دوو حزبی ناوبراو ناکرێ کە هەندێ خاڵی عەمەلی یان هەندێ مەسەلەی سیاسیان بردبێتە پێشەوە کە شایەنی پشتیوانی بێت یان سیمپاتیەک بەرەو ڕوویان ڕابکێشێ بە مانای کاڵبوونەوەی ڕەخنەی واقعی و چینایەتی و ڕەخنە لە جێگەوڕێگەی واقعی ئەوان نییە کە پێم وایە ئەم لایەنانەی مەسەلەکەت پۆشی و ئەگەر ئەزانی ئیزافەیەکت ماوە ئەتوانی بە کورتی بیکەیت.**

**عەبدولڵا مەحمود:**

ڕاستی من شتێکی ئەوتۆم نەماوە. بەلام ئەوە بڵێم کە هیوادارم ئەوانەی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست دەزانن لە کوردستاندا جارێکی تر بچن سەیری مانیفێست، هەڵوێستەکانی مارکس و ئەنگڵس و لینین و مەنسور حکمەت بکەن بۆ چارەسەری ئەم کێشانە و بۆ بینینی ئەو ڕووداوانە. ئەوە کۆمەکێکی زۆر زۆر دەکات بەوەی کە ئینسان بە چاوێکی کراوەوە بڕوانێتە ئەو لایەنە سیاسیانە کە لە برگەیەکی دیاریکراوی مێژووییدا کۆمەڵێک هەنگاوی سیاسی دەکەن کە شایەت لە نێو ئەو هەنگاوانەیاندا شتی باشیش هەبێ، بەڵام ئەمە نابێ بکاتە ئەوەی ناوەڕۆکی چینایەتی ئەو هێزانە نەبینی. دیارە چۆن پشتیوانی لە هەندێک هەنگاوی دیاریکراوی هیچ هێزێکی سیاسی، کەس ناکات بە پەیڕەوی ئەو هێزە سیاسیە و هەڵگری ناسنامەی ئەو حزبە، ئاواش ڕەتکردنەوە و بێبەهاکردنی هەنگاوی ئیجابی هەر هێزو حزبێکی سیاسی، کۆمۆنیست بوونی کەس تۆخ ناکاتەوە... بەداخەوە ئێمە لە ڕوداوەکانی کوردستانی سوریادا شاهیدی دیدی زۆر سەیر بووینەوە، کۆمۆنیستانێک هەبوون پشتیوانی کردن لە مەرسومی یەکسانی ژن و پیاو، بەرگری لە سیستەمی خۆ

## سەبارەت بە هەدەپەو پەیەدە

بەرێوەبەری، پشتیوانی لە مقاوەمەتی کۆبانی... بە ناسیونالیستی دەزانی. هەروەها لەبەرامبەردا کۆمۆنیستانێک هەبوون ئەو چەند ئیقدامەی پەیەدەیان، تا ڕادەی ئیقدامی کۆمۆنیستی دەبینی... بەڕاستی هەردوو ئەم دیدگایە زیانبارو نادروست بوون... خاڵێکی تر کە بیرم کەوتەوە ئەوەیە کە پەکەکە کە باڵی چەکداری ئەو هێزەیە کە پێی ئەووتریَ هەدەپە، ئەو هەموو منالّە چەکدار دەکات، ئایا بۆیان مەسەلە نییە؟ بۆیە ئەبیَ بە چاوێکی کراوەترەوە چەپ و کۆمۆنیستەکان بچن سەیری ئەو ڕووداوانە بکەن. لە مێژووی دورودرێژی سەدەی ڕابردوودا ئێمە زۆر هەنگاوی سیاسی لەو بابەتەمان بینیوە کە ئەحزاب بە بەندی باشەوە هاتوون. لە شوێنێکی وەک ئێراندا جەرەیانی مەشروتە هەیە کە دژی پاشایەتی وەستاوەتەوە و بەکۆمەڵێک هەنگاوی باشەوە هاتۆتە بەرامبەرکێی سیستەمی شاهانشاهی، لە عێراقدا مەسەلەی ئیسلاح زەراعی هەیە. کێ هەیە بڵێ کە ئەمە لە قازانجی جوتیار و خەڵک نەبووە؟ بەڵام هەر بەڕاستی بوونی ئەو ئیسلاحاتە لە عێراقدا سەدام حسێن دەکات بە شۆڕشگێڕ؟ لەکاتێکدا پشتیوانیکردن لە ئیقداماتی ئیسلاحات زەراعی هەموو کەس دەیکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: دەست خۆش و سوپاس.**

**عەبدوڵا مەحمود: سوپاس بۆ ئێوەش.**



موزەفەر عەبدوڵا

# کرێکارانی جیهان یەکگرن ! دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لە سێ وشەدا

## چەند سەرنجێک دەربارەی گرنگی ڕێکخراوبونی سیاسی لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا

(بە بۆنەی ١٧٠ هەمین ساڵەی بڵاوبوونەوەی مانیفێستەوە)

خوێنەرانی ئازیز،

ئەم بابەتە ئەگەرچی لە یادی ١٧٠ ساڵەی نووسینی *مانیفێستی کۆمۆنیستدا* نووسراوە، بەڵام لەبەرئەوەی تەنها لە ئاستی ئینتەرنێتدا، لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوەدا، بڵاوکراوەتەوە. دوای ئەوەی هەندێ دەستکاری و ئیزافاتی بۆ کراوە و لەبەر ناوەڕۆکەکەی سەبارەت بە گرنگی ڕێکخراوبوونی جەماوەری و سیاسی چینی کرێکار، دیدگای سۆشیالیستیش بڵاوی ئەکاتەوە.

## دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لەسێ وشەدا

### پێشەکی:

لینین لە وەسفی مانیفێستدا دەڵێت: لەم کتێبەدا بە چەشنێکی بلیمەت (عبقری) یانە تازەترین بیرورِا لەبارەی جیهان ڕونکراوەتەوە و پیشاندراوە. ماتریالیزمی ڕاست و دروست کە بواری کۆمەلایەتیش دەگرێتەوە، دیالەکتیک کە فراوانترین و قوڵترین زانستە لەمەڕ پەرەسەندن، تێبینی و سەرنجی خەباتی چینایەتی و ڕۆڵی شۆڕشگێرانە و مێژوویی و جیهانی پرۆلیتاریا کە دامەزرێنەری کۆمەڵگەی تازەی کۆمۆنیزمە، ڕوونکراوەتەوە و خراوەتە ڕوو.

ئەم چەند ڕستەیەی لینین، کە دوای مارکس و ئەنگڵز بە گەورەترین ڕابەری تیۆری و پراکتیکی سیاسی شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکاری دادەنرێت، دیدگای ڕۆشن و کورتی خۆی لەبارەی گرینگی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی مانیفیست و پێگە و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار (پرۆلیتاریا) لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەربڕیوە. وە لەبەر ڕۆشناییەکانی مانیفێست و هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی ڕوسیا و جیهان توانیان چینی کرێکار و توێژە زەحمەتکێش و چەوساوەکان ڕێکخراو بکەن لە حزبی کۆمۆنیستی بەلشەفی و شورا جەماوەرییەکان و ڕاپەرین و شۆڕش بەرپابکەن. وە لە ئاکامدا دەسەلاتی چینی بۆرژوازی بڕوخێنن و دەسەلات و دەوڵەتی هاوچەرخی یەکێتی سۆڤیەت (یەکێتی شوراکان) دامەزرێنن. وەهەوڵیش بدەن بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی ئابوری سەرمایەداری بە ئابوری کۆمەلایەتی سۆشیالیستی.

شایانی ئاماژە پێدانە جگە لە لینین زۆری تر لە ڕابەران و هەڵسوڕاوان و نوسەران و بانگشەکارانی جولانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئاستی جیهان دەربارەی گرینگی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی مانیفیست ڕۆشنگەری و سەرنج و تێبینیان داوە.

جا بە بۆنەی سەد و حەفتاهەمین ساڵەی دەرچونییەوە هەوڵم داوە لە دەروازەی دروشمە سەرسوڕهێنەرەکەی کرێکارانی جیهان یەککگرن! و تێزی هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبونیدایە و کرێکاران بە هێزی ڕێکخراوبونیان ڕزگاریان دەبێت کە لەسەر بەرگ و کۆتا پەرەگرافی مانیفێست و ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە چەند سەرنجێک بخەمەوە ڕوو. بە هیوای ئەوەی ئەم سەرنجانە ڕۆشناییەک بکاتە سەر گرینگی ڕێکخراوبونی سیاسی لە ڕوانگەی مانیفێستەوە.

**موزەفەر عەبدولڵا**

## سەرنجی یەکەم: کورتە مێژوویەک

مێژووی دەرچون و بڵاوبونەوەی یەکەم چاپی مانیفێست –بەیان–ی حزبی کۆمۆنیست بە زمانی ئەڵمانی، بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان دەکاتە ٣ ڕۆژ بەر لە ڕوودانی شۆڕشی ٢٤ شوباتی ١٨٤٨ فەرەنسا. ئەو شۆڕشەی ئەگەر هەتا ئێستاش کەسێک بیەوێت لە ناوەڕۆکی هەر شۆڕشێک بگات پێویستە هەردوو شاکارەکەی مارکس – خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا و ١٨ برۆمیر لویس بۆناپارت بخوێنێتەوە. هەرچەند ئەنگڵس لە پێشەکییەدا دەڵێت مێژووی بڵاوبونەوەی مانیفێست ١٨ مارسی ١٨٤٨ کە ڕۆژی ڕاپەڕینی جەماوەری شاری میلانۆی ئیتالیایە بەڵام وا دیارە ٢١ شوباتەکە بوو بە مێژووی بڵاوبونەوەی.

مانیفێستی کۆمۆنیست هەروەک مارکس و ئەنگڵس خۆیان لە زۆر پێشەکی و نووسینی تر ئاماژەیان پێداوە بەرنامەی هەموو کۆمۆنیستەکانە لە ڕوی تیۆرو پراتیکەوە –النظریە والتطبیق –لەلایەن کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانەوە، کە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی کرێکاران بوو دەرکراوە. کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانیش درێژکراوەی یەکێتی زەحمەتکێشانی ئەڵمانیا بوون کە لە ساڵی ١٨٤٥ پێکهاتبون. پاشان ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ئەم کۆمەڵەیە. وە لە یەکەمین کۆنگرەیان کە لە لەندەن لە ٢١-٢-١٨٤٧ کە بەستیان، داوایان لە مارکس و ئەنگڵس کرد بەرنامەیەکیان بۆ بنووسن. مارکس و ئەنگڵسیش لەبەر ڕۆشنایی باسە تیۆری و سیاسی و ئابوری و فەلسەفییەکانیان و، بەڕەچاوکردنی بەرەوپێشەوەچونی چەندایەتی و چۆنایەتی چینی کرێکار و پێشرەوییەکانی ڕەوتی کومونیزمی ناو کرێکاران و بزوتنەوەکەیان، ئەم مانیفێستەیان نووسی. هەر ئەو کاتیش کە ناوی کۆمۆنیزمیان لێنا، نەک سوشیالیزم بۆ خۆجیاکردنەوەیان بوو لە جوڵانەوە و ڕەوتە سۆسیالیستیەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری. لەوانە شوێنکەوتوانی ڕۆبەرت ئەوین لە بەریتانیا و فورییەکان لە فەرەنسا کە هیچ پەیوەندییەکان لەگەڵ کرێکاران نەبوو لەو سەردەمەدا. بەڵام هاوکات ڕەوتێکی تر هەبون لەناو جوڵانەوەی کرێکاریدا کە زۆر چالاک بوون و ناوی کۆمۆنیزمیان لە خۆیان نابوو، ئەوانیش ڕەوتی کۆمۆنیستی ئێکاریزم کایە لە فەرەنسا و ڕەوتی ویتلنگ لە ئەڵمانیا بوون. لەم ڕوانگەیەشەوە مارکس و ئەنگڵسیش پێیان باشتر بوو ئەم ناوە یانی کۆمۆنیست لە بەرنامەکەیان بنێن.

## دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لەسێ وشەدا

ئەمە جگە لەوەی هەر لەو کۆنگرەیەدا توانیان دروشمی هەمو پیاوانی جیهان برادەرن بگۆڕن و بیکەن بە دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن . دروشمی یەکەم زیاتر لە لایەن باکۆنی و پرۆدۆنیەکانی ناو کۆمەڵەکەوە بەرزکرابۆوە.

ئیتر پاش ئەم یەکەمین چاپە بە زمانی ئەڵمانی ، دوای ٣ ساڵی تر یانی ١٨٥٠ساڵی بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن مەدام هێلین ماکفیرلین وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی و چاپ و بڵاوکراوەیە. بە دوای ئەو دوو زمانە بە دە ساڵ بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپایی یەکان و زمانی ڕوسی و زۆر زمانی تریش وەرگێڕدران و بڵاوبوونەوە.

جا کاتێک مانیفێست نووسرا، بە وتەی ئەنگڵس، هەروەک لە پێشەکی یەکدا ئاماژەی پێداوە، کە کۆمۆنیستەکان و کومەڵەکەیان لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کە هەبوون، کاروچالاکییان قەدەغەکرابوو. تەنانەت ئەو یەکەمین کۆنگرەیەش کە لە لەندەن بەسترا بە جۆرێک نهێنی بوو. بە تایبەتی دوای کۆنگرە و بڵاوبونەوەی فراوانی مانیفێست لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٥٢ دا لە هەڵمەتێکی پۆلیسدا لە شاری کۆڵن زۆربەی کۆمیتەی ناوەندیان دەستگیرکران. بە بڕیارێکی قەرەقوشیانەی دادگا زۆربەیان چەندین ساڵ خرانە زیندانەوە. ئیتر ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە دەستگیر نەکرابوون بە بەیانێک هەڵوەشانەوەی کومەڵەیەکان ڕاگەیاند تا بەردەوامی کاروچالاکی کۆمەڵەکەیان نەبێتە هۆی سزای گەورەتر لەسەر دەستگیرکراوەکان و دەستگیرکردنی خۆشیان. ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک هۆکاری تر هەبوو وای کرد کە هەڵیوەشێننەوە. بێگومان دوای ئەم ڕوداوانەش ئیتر بە فەرمی مارکس لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا فەرمانی دەسگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە بۆ دەرچوو و یاساغ ڕاگەیەندرا. پۆلیسی نهێنی زۆرێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا بە شوێنیەوە بوون تا دەستگیر و زیندانی بکەن.

شایانی ئاماژەیە هەمو تەمەنی یەکێتی زەحمەتکیشانی ئەڵمانیا و کومەڵەی کۆمۆنستەکان لە ساڵی ١٨٤٥ تا ١٨٥٢ بوو.

دە ساڵ دوای هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان ئیتر مارکس و ئەنگڵس بە هاوکاری هاوڕێیانیان یەکەمین ئەنتەرناسیونالیان لە٢٨-٨ -١٨٦٤ پێکهێنا. تا ساڵی١٨٧٤ نزیک بە دە ساڵ –لەهەندێک جێگا دەڵێن نۆ ساڵ –لە ژێر ئاڵای ئەنتەرناسیونالی یەکەم کاروخەباتی ڕێکخراوەییان زیاتر پەرە پێدا. ئیتر لەو ساتەوە مانیفێست بە تەواوی بوو بە بەرنامەیەکی

## موزەفەر عەبدولڵا

تیۆری و پراکتیکی سیاسی بۆ کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی سۆشیالیستی جوڵانەوەی کرێکاری. وە دروشمەکەی کرێکارانی جیهان یەکگرن! کە سەرەتا لە لە لایەن کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکانەوە بەرزکرایەوە و تەنها لەناو ژمارەیەکی کەمی کرێکارانی ئەو ٣ وڵاتەی فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا ڕەواجی هەبوو. بەڵام پاش چەند ساڵێک بووە بەرنامە و دروشمی زۆربەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی ئەروپا و ڕوسیا و ئەمریکا و بەشێک لە ئاسیاش کە هێشتا بۆرژوازی وەک چینێک لەگەڵ کرێکاران هاوپەیمانی خەبات بوون و ملیان لە ژێر خاچ و شمشێری دەسەڵاتە دەرەبەگییەکانی تزاری ڕوسی و ئیمپراتوری ئیسلامی عوسمانیدا بوون.

دوای ١٧٠ ساڵ لە دەرچونی یەکەم چاپی مانیفێست ئەمڕۆ سەرەڕای هەمو دژایەتی و ڕێگرییەکان لە دژی ئەو تیۆرو پراکتیک و تێزو دروشمەی کە لە مانیفێستدا هاتووە لەلایەن دەوڵەت و ڕژێمە بۆرژوازییەکانی زۆربەی وڵاتان بە دیموکراسی و دکتاتوریانەوە، کە دوو ڕووی دەسەڵاتداریتی چینی بۆرژوازین، بەڵام چاپ و بڵاوبونەوەی بە زۆربەی هەرە زۆری زمانە جیهانییەکان لەهەموو لادێ و گەڕەک و شار و وڵاتێکی ئەم دونیایەدا، زیاترە لە کتێبی ئینجیل و تەورات و قورئان. گومانیش لەوەدا نییە کە بۆرژوازی بە هەموو ڕەوتەکانی یەوە بە هەموو شێوازێک درێغی ناکەن لە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو ٣ کتێبە ئاینیە.

هەروەها لەم ١٧٠ ساڵەدا هەزاران حزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیست و سۆسیالیست لە دەوری ئەم مانیفیستە پێکهاتوە و کۆبونەوە لە وڵاتانی دونیادا. هەرچەندە زۆرێک لە و حزب و ڕێکخراوانە کۆمۆیست نین بەڵام کۆبونەوەیان لە دەوری ئەم بەرنامەیە مانای هەژمونی ڕێکخراوبونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرنامەکە دەگەیەنێت. وە دەیان ڕاپەڕین و شۆڕشی کرێکاریش لە ژێر ڕۆشناییەکانی مانیفێستدا ڕویانداوە بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەوروپا، کە هەڵگری ناوەڕۆکی پەیامی مانیفێست بوون. لە دەیان شۆڕشدا کرێکاران بەهێزی ڕێکخراویان توانیویانە دەسەڵاتی بۆرژوا بخەنە مەترسی تەواوە تەنانەت دەسەڵاتی بۆرژوا بڕوخێنن وەک شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لەساڵی ١٨٧١ دا و بۆ ماوەی چەند مانگێکیش دەسەڵات بگرنە دەست. بەڵام بەهۆی ڕێکخراو نەبونیان لە حزبی کۆمۆنسیتدا نەیان توانیوە بە تەواوی دەسەڵاتی بۆرژوا بڕوخێنن و دەسەڵاتی خۆیان

دامەزرێنن. وە بەهێزی سەرکوت لە لایەن چینی بۆرژواوە، وەک لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و زۆر وڵاتی تری ئەوروپا ڕویاندا ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیان شەڵاڵی خوێن کراون.

بەڵام ئەزمونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا بە ڕابەری لینین و بەلشەفیەکان کە بوونی حزب مەرجی سەرەکی یە بۆ سەرکەوتنی ڕاپەرینی کریکاری کۆمەڵایەتی و ڕوخانی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و دامەزراندنی دەسەڵاتی کرێکاران و ستەملێکراوانە. هەرچەندە ئەو شۆڕشەی ئۆکتۆبەر تەنها دە ساڵێکیشی خایاند، بەڵام ئەوە ڕادەی قوڵی تێگەییشتنی لینین و حزبی کۆمۆنیستی بەلشەفی ئەو کاتە دەگەیەنێت لە مانیفێست، وە لەوەش واوەتر بەدەستەوەگرتنی هەمان میتۆد و سیاسەتی ناو مانیفێستە لە لایەن شەخسی لینینەوە.

ئەم دوو تاقیکردنەوەیە لە گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار و هەموو توێژە بێبەش و چەوساوەکان ڕاستی ناوەڕۆکی پەیامی سیاسی و ڕێکخراوەیی مانیفێستیان سەلماند، وەک لە تێزی چینی کرێکار تەنها بەهێزی یەکگرتوی خۆیان رزگاریان دەبێت کە لە دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن! کورتیان کردەوە.

## سەرنجی دووەم:
## وەک لە مانیفێستدا هاتووە ڕۆڵی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران

بۆئەوەی لە دەروازەی کورتە مێژووییەکەوە زیاتر بچینە ناوەڕۆکی ئەو تێز و دروشمەی کە دەڵێت ڕزگاربوونی چینی کرێکار بەهێزی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان دابین دەبێت و دروشمی کرێکارانی جیهان یەکگرن! کە ئاکامی پەیبردنی مارکس و ئەنگلسە بە پێگەی ڕێکخراوی شۆڕشگێری چینی کرێکار وا پێویست دەکات چاوێکی خێرا بە دوو بەشە سەرەکییەکەی مانیفێستدا بخشێنین.

سەرەتا مارکس و ئەنگلس لە پێشەکییەکی کورتەوە دەستیان پێکردوە وەک زۆر کتێب و بەرنامەی ترکە لە دێرینەوە تا ئێستاش بۆتە نەریتێکی باوی زۆربەی نووسین ونووسەرەکان. لەو پێشەکییەدا ئاماژە بەوە دەدەن کە چۆن ئیتر کۆمۆنیزم تەنها دونیایەکی خەیاڵ پڵاو نییە، وەک لە کتێبی ئیکاریزمی کایەو فورییەدا هاتووە. بەڵکو ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕیشەدارە و بە ئەوروپادا دێت و دەچێت و بە ئاشکرا لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکاندا خۆی نواندوە. وە ئەمەش بۆتە مەترسییەکی گەورە لەسەر

دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی و سیستەمە سەرمایەدارییەکەی ئەو وڵاتانە، بە تایبەتی لەهەر ٣ وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا، ولەبەردەم دەروازەی شۆڕشەکانیاندان.
ئەم مەترسییەش وای لە چینی بۆرژوازی هەموو ئەوروپا و، تەنانەت ئەمریکاش کردوە، کە هەموویان لە جۆرەها پەیماندا یەکبگرن بۆ لەناوبردنی ئەو تارماییە. هەر ئەم مەترسییەشە کە وای لە چینی بورژوازی کرد لەهەر کوێیەک لە دەسەڵاتدا بێت هەمو ئۆپۆزیسیونی خۆیان بەهەر شێوازێک بووبن بە کۆمۆنسیت لە قەڵەم بدەن. هەرچی باڵی ئۆپۆزیسیۆنیشە باڵی فەرمانڕەوا بە کۆمۆنیست تۆمەتبار دەکات. باشترین بەڵگەش بۆ بوون بەهێزی کۆمۆنیستەکان هەڵمەتی ڕاونان و دەستگیرکردن و زیندانیکردنی ڕابەرانی بزوتنەوەکەوە بوو. تەنانەت ئەوانەی کۆمۆنیستیش نەبوون و سەر بە ڕەوتەکانی تری ناو جوڵانەوەی کرێکاری بوون هەمان تۆمەتیان دەدایە پاڵیان و ڕاویان دەنان. بە تایبەتی لەوکاتانە داخوازی کەمکردنەوەی کاتی کارکردن بۆ هەشت سەعات کار، کە لە هەندێک شوێنی کار تا هەژدە سەعات کارکردن بوو، بە تەواوی تێکەڵ بوو لەگەڵ سیاسەت و تێزو دروشمە خواستەکانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان و مانیفێستەکەیان هەروەک لە بەشی دووەمی داخوازییە دەستبەجێکاندا هاتبوو.
ئێستا با چاوێکی خێرا بەبەشی یەکەمدا بخشێنین تا بزانین پەیوەندی و پێگەی سیاسی وڕێکخراوەیی و مێژویی کرێکاران لەگەڵ بۆرژواکاندا چی یەو چۆن بووە؟

## بەشی یەکەم: بۆرژواکان و پرۆلیتارەکان

لە بەشی یەکەمدا قسەوباس لەسەر بۆرژواکان و پرۆلیتارەکان دەکەن. ناوەڕۆکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی مێژوویی ئەم دوو چینە وەک دوو هاوکێشەی حەتمی و پێویستی یەکتر شی دەکەنەوە.
تا ئەو جێگایەی بە چینی بۆرژوا دەگەڕێتەوە قسە لەسەر سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی بە درێژایی مێژوو، و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی ئابوری و سیاسی و فکری و کەلتوری ئەم چینە دەکەن. بە تایبەتی لەو کاتانەی کە هێشتا بۆرژوازی (وشەیەکە لە زمانی فەرەنسی یانی دانیشتوانی شار) لە ژێر دەسەڵاتی فیودالی و خاچی کڵێسا و قەشەکاندا جۆرەها باج و سەرانەیان دەدا و دەچەوسانەوە. ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە پەیوەندی و هاوکاری و

## دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لەسێ وشەدا

هاوپەیمانی خەباتکارانەی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی دەدەن لە دژی دەسەلات و سیستەمی فیودالی وەک لە پێشەوەش ئاماژەمان پێکرد.

لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووییەوە قوناغ بە قۆناغ و زۆر بەوردی و ڕۆشنی ئاماژە بە سەرهەلدانی چینی بۆرژوازی دەدەن لەهەموو ڕویەکەوە. بەتایبەتی سەرهەلدان و پەرەسەندنی شێوازی ئابوری بۆرژوازی لە ژێرەوە کە بنکۆلی سیستەمی ئابوری فیودالی دەکەن. هەتا دەگاتە ئەوەی ئیتر چینی فیودالی بالادەست لەڕووی ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلتورییەوە خود بە خود هەرەس دێنێت و تەنها دەسەلاتێکی سیاسی لاوازی بە دەستەوە دەمێنێت. بە مانایەک یانی بۆرژوازی شۆڕشەکەی، بە مانا ناوەڕۆکە ئابوری یەکەی، خۆ بەخۆ بەسەرەنجام گەییشت و پیش شۆڕشە سیاسی یەکەی لە شەقلە ڕاپەڕینەکەی کەوت. هەلکوتانە سەر باستیل بەلگەو نمونەی ئەم ڕاپەڕینە بوو. بەلام ئەم پرۆسە شۆڕشگێرانەیە لە ڕووی سیاسی یەوە کە ڕاپەڕین بالاترین شێوازی توندو تیژییەتی لەهەموو وولاتەکان وەک فەرەنسا ڕوینەدا. بۆ نمونە لە ولاتانی یەکگرتوی پاشایەتی بەریتانیا و بەشێک لە دەسەلاتە فیودالەکان بەبێ ڕاپەڕینی سەخت و توندوتیژو خوێناوی، دەستبەرداری دەسەلاتی سیاسی ڕەها بێت و مل بدات بە ڕیفۆرمە سیاسییەکان و دەستورێک قبول بکات کە لەگەل ناوەڕۆکی دەسەلاتی بۆرژوادا دێتەوە. هەروەک ئێستاش دەیان بینین دەسەلاتەکەیان زۆر ڕوکەشییە. بەمەش لە دەسەلاتی ڕەهای سەرکوتگەری بیانڕوتێنەوە و لە چوارچێوەی دەستور و یاسا پێویستەکانی بۆرژوازیدا، کە دەزگای پەرلەمان و حکومەت و قەزای هەلبژێردراوە و ڕەنگدانەوەی سیستەمی ئابوری سەرمایەدارییە، قەتیسیان بکەن.

لەدوای شیکردنەوەو هەلویست گرتن لەسەر دەوری شۆڕشگێرانەی بۆژوازی لەو دەورانە و پاش بە دەسەلات گەییشتنی، ئیتر دێنە سەر بەشی دووەمی ئەم هاوکێشەیە کە پرۆلیتاریا، یانی چینی کرێکارە.

لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڕۆل و پێگەی ئەم چینە دەکەن لە سایەی دەسەلاتی بۆرژوا و سیستەمە ئابوریەکەی و کەشفی گەورەترین هەقیقەتی ئابوری دەکەن کە ئەویش بەرهەمهێنانی زێدەباییە لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی یە. جا ئەم کەشفە کە مارکس پێش ئەنگلس پێی گەییشتوە هەروەک خۆی لە زۆر جێگا باسی دەکات و دەلێت بیری بنەمایی –فکری اساسی –لە مانیفیستدا ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی

ئابوری و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە لێیەوە دێتە کایەوە لە هەموو سەدەیەکی مێژوویدا، مێژووی سیاسی و بیری ئەو سەدەیە پێکدێنێت. ئەنگڵس ئەمە لە پێشەکی چاپێکدا لەندەن لە رێکەوتی مانگی شەشی ١٨٨٣ ئاماژە پێ دەدات.

ئەنگڵس هەروەها دەڵێت ئەگەرچی خۆی پێش ئەوەی مارکس بۆ یەکەمجار ببینێت کتێبی بارو گوزەرانی چینی کرێکار لە بەریتانیای نووسیوە و ناوەرۆکی ئەو بیرۆکەی کە لەم کتێبەی خۆیدا هاتووە لای مارکسیش هاتوە. بەڵام کاتێک ئەو جارێکی تر لە بروکسل لە ساڵی ١٨٤٥ مارکسی دیوە ئەو زۆر قوڵتر و ریشەییتر و هەمەلایەنە تر پێی گەیشتوە و، ئەو بیرەی لە چەندین کتێبدا تەواو کردوەو دایرشتوە. هەر بۆیەش زۆر بە تەوازوعەوە دەڵێت پێویستە تەنها ناوی مارکس دابنێین لە کەشفکردنی راستی ئەم تێورو تێزە ئابوری و کومەڵایەتی و سیاسی و فکریانە. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەم کەشفەی مارکس، کە کرۆکەکەی لە کەشفی زیدەبایی کە ئاکامی فرۆشتنی هێزی کاری کرێکارانە بە چینی بۆرژوا خۆی دەبێنێتەوە، بە قەد کەشفی داروین لە بواری زانستی بایۆلۆژیدا گرنگ و کاریگەری هەیە لە مێژووی کۆمەڵایەتیدا. دوای مەرگی مارکسیش ئەنگڵس یەکەم کەس بوو کە ناوی تێوری شۆرشگێرانەی مارکسیزمی بەکارهێنا وەک تێوری شۆرشگێرانەی چینی کرێکار بۆ شۆرشی کرێکاری و روخانی دەسەڵاتی بۆرژوازی و گرتنی دەسەڵاتی سیاسی هەنگاو نان بەرەو بنیاتنانی سۆسیالیزم و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ئینسانی تەواو.

## بەشی دووەم: پرۆلیتارەکان و کۆمۆنیستەکان

لە بەشی دووەمی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکاندا بە پرسیارێک دەست بە رونکردنەوەی ئەم هاوکێشەیە دەکەن و دەڵێن بە شێوەکی گشتی هەڵویستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر پرۆلیتارەکان چۆنە؟ هەر بە یەک رستەش وەڵامێکی سادە و رۆشن وەک هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر پرۆلیتارەکان دەدەنەوە و دەڵێن کۆمۆنیستەکان، کە مەبەستیان لە خۆیانە و رێکخراو بوون لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، کە رابەرانی تێوری و سیاسی و فکریان بوون، هیچ بەرژەوەندییەکی جیاوازیان لە کرێکاران نییە. تەنها جیاوازییەک کە هەیانبێت لەگەڵ بەشەکانی کرێکاران و حزبە کرێکارییەکانی تر ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان رەچاوی هەموو بەرژەوەندیەکانی ئێستاو داهاتوی بزووتنەوەی کرێکاری دەکەن.ئەم

جیاوازیەش خۆی لە ڕیفۆرم و شۆڕشدا دەبینێتەوە تا گەیشتنی کرێکاران بە دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگای ڕووخانی دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی یەوە، پاشان لە ڕیشەکێشانی شێوازی ئابوری سەرمایەداری کە بەهۆی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێناوە کرێکاران بۆ بەرهەمێنان بەکرێ دەگرن بە دانی کرێیەکی کەم کە تەنها بەشی بژێوییەکی سەرەتایی و مەمرەو مەژیان دەکات و زێدەبایان لێ وەردەگرن. ئەم زیدەبایی یەش سەرچاوەی هەموو سود و قازانجەکان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان و تەنانەت درێژەدان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی بەهەموو دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی یەوە. جا لەهەمان کاتدا ئەم واقعی بەرهەمهێنانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی یەوە خود بەخود کرێکارانی لە شوێنی کارو ژیانیان ڕێکخستوە. وە لە ژێر یەک بن میچی –سقف –کارگە و شوێنی کاردا بە ناچاری کۆبوونەتەوە. خود بەخود خاوەنی هۆشیاری چینایەتی خۆیان ئاستی ڕێکخراوبونی خۆیان دەبەنە سەر. وە بەو رادەیەی ئاستی ڕیکخراوبونیان دەبەنە سەر بەو رادەیەش لە ڕیگای خەباتی ئابوریاندا زیاترماف و خواستەکانیان بەسەر سەرمایەداراندا دەسەپێنن.

بەڵام تا ئەو جێگایەی پەیوەندییان بە کۆمۆنیستەکانەوە هەیە، ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان لە ڕێگای ڕێکخراوبونیانەوە هەموو بەشە پێشرەوەکەی کرێکاران ڕێکدەخەن لە حزبی سیاسی و هەروەها لە ڕێکخراوەی جەماوەریدا و ئامادەیان دەکەن بۆ شۆڕش. کرۆکی ئەو شۆڕشەش بریتییە لە هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکەی بۆرژوازی کە لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی وەستاوە. وە لە جێگایدا پەیوەندی خاوەندارێتی گشتی جێگیر دەکەن.

خاڵی گرینگ لەم بەشەدا کە کرۆکی دروشمەکەشە ئەوەیە، کرێکاران وەک ئاماژەمان پێدا شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ناچاری کردون بە جۆرێک لە ڕێکخراوبوون هەر بۆیەش خودبەخود کرێکاران هەمیشە بیر لە زیادکردنی کرێ و باشکردنی هەلومەرجی کارکردن و بردنەسەری ئاستی گوزەرانی خۆیان و ماڵ ومناڵانیان دەکەنەوە. تەنانەت خۆیان لە ڕێکخراوی پیشەیی و جەماوەریشدا ڕێکدەخەن. بەڵام گرینگتر لەمە بەرزکردنەوەی ئەم جۆرە لە ڕێکخراوبوونەیە تا ئاستی ڕێکخراوبونی سیاسی کە کرۆکەکەی ڕێکخراوبونی حزبی و پێکهێنانی حزبە کۆمۆنیستەکانە. ئەمەش بەمەبەستی هەم باشتر و ئاسانترو خێراتر بەدیهێنانی خواستە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیانە و هەم بۆ

## موزەفەر عەبدولڵا

کۆتاییهێنان بە سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوازی یە. لەم خەبات و تێکۆشانە تا روخانی بە کردەوەی دەسەڵاتی بۆرژوا پێویستە بەو ڕادەیە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە خۆیان ڕێکخراو کردبێت لەهەمو ڕویەکەوە بووبنە بەدیلی واقعی تا لە یەک ڕاپەڕینی سیاسی دا دەوڵەت و دەسەڵاتی بۆرژوا بڕوخێنن و ئیتر دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بسەپێنن و دەست بکەن بە سەپاندنی هەنگاوە سەرەتایی یەکانی شۆڕشە ئابوری یەکەیان هەر وەک لە چەند خاڵیکی مانیسفیتدا بۆ ئەو دەورانە کورتیان کردبووە. کرۆکی ئەم شۆڕشە ئابوری یەش گۆڕینی شێوازی ئابوری سەرمایەداری یە کەلەسەر خاوەندارێتی تایبەتی گەورەی هۆیەکانی بەرهەمهینان وەستاوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی ئابوری کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی کە لەسەر خاوەندارێتی کۆمەڵایەتیانەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان وەساتەوە.

جا بانگەوازو داخوازی و هۆشداری کرێکارانی جیهان یەکگرن کرۆکەکەی بریتیە لەوەی کە کرێکاران بۆئەوەی پەیامە مێژویی و ئینسانییەکەیان جێبەجێ بکەن، کە کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی ئینسانە لەلایەن ئینسانەوە، لە ڕێگای لەناو بردنی موڵکداری تایبەتی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداری یەوە، پێویستە حزبی سیاسی شۆڕشگێری خۆیان پێکبێنن. بۆیە هەر کەس و لایەنێکیش کە بانگشەی کۆمۆنیستی دەکات ئەگەر ئاوا مانا سیاسی و ڕێکخراوەییە حزبیەکەی ئەم دروشمە سەرسوڕهێنەرە سێ ووشەیی یە وەرنەگرێت، ئەوە ئیتر لە کرۆکی مارکسیزم نەگەیشتوە یان بەلاڕییدا دەبات بۆ ئامانجی نا کۆمۆنیستانە.

لە ڕویەکی کەشەوە مانیفیست پێمان دەڵێت جیاوازی نێوان شۆڕشە بۆرژوازی و کرێکارییەکان لە کرۆکدا ئەوەیە کە شۆڕشە بۆرژوازیەکان پێش ئەوەی شۆڕشە سیاسییەکەی بکات شۆڕشە ئابورییەکەی زۆر لە سەرخۆ لە چەند سەدە لەوەوبەرەوە ئەنجامداوە لە دژی سیستەمی دەرەبەگی. یانی ئابوری سەرمایەداری لە یەک دوو سەدەی پێش ڕاپەین و شۆڕشە گەورە بۆرژوازی یەکەی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٩٥ لە هەناوی سیستەمی ئابوری دەرەبەگیەوە سەری دەرهێناوەو بووە بە باو. شۆڕشە سیاسییەکەی تەنها کاری گۆڕینی سەرخان و دەسەڵاتی سیاسیە.

## دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لەسێ وشەدا

بەڵام شۆڕشی کرێکاری بە پێچەوانەوە یەکەمجار ڕاپەڕینی سیاسی دەکات و دەسەڵاتی سیاسی هەمە لایەنەی بۆرژوازی دەڕوخێنێت و دەسەڵاتی سیاسی خۆی جێگیر دەکات. تەنانەت پێویستە هەموو دەزگاکانی بۆرژوازی لەناوببات و دەسەڵات و دەوڵەتی خۆی کە ناویان ناوە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە جێگای دابمەزرێنێت. هەڵبەت ئەم قۆناغە ڕاگوزەرە و دەوڵەتە لە سەردەمی شۆڕشگێڕانەدایە وەک بە قۆناغی سۆسیالیستی ناویان بردوە و هەنگاو بەهەنگاو دەچنە پێشەوە بەرەو بنیادنانی شۆڕشە ئابورییە کۆمۆنیستی یەکە کە ئیتر هیچ شوێنەوارێک لە چینە کۆمەڵایەتی یەکان و هەموو دەرهاویشتەکانی نامینێت و دەوڵەتیش ناوەڕۆکە چینایەتی یە سیاسی یەکەی لەدەست دەدات. بەڵام ئاخۆ هەمو ئەمانە لە چوارچێوەی یەک وولاتدا بەدی دێت؟ ئەمە ئیتر جێگای گفتوگۆ و ناکۆکی تێڕوانینە.

لەسەر ئەم جیاوازیەی نێوان ئەم دوو شۆڕشەی بۆرژوازی و کرێکاری یە لە رستەیەکدا مانیفیست دەڵێت لە شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا ڕابردوو بەسەر داهاتودا زاڵە، بەڵام لە شۆڕشە کرێکاری و کۆمۆنسیتییەکاندا ئەوە داهاتووە زاڵە بەسەر ڕابردوودا. ئەم تێزانە ئەگەرچی لە مانیفیستدا هاتوون، بەڵام لە زۆر شوێنی تریش بە ڕوونی باسی کردون. بە تایبەتی لە یانزە تێزەکەی لەمەڕ فیورباخ و ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی. تێزەکانی فیورباخ ڕاستە ڕەهەندی ئینسانیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ناوەڕۆکێکی چینایەتیان هەیە. کاتێک لە یەکێک لە تێزەکان دەڵێت فەیلەسوفەکانی پێشتر تەنها دونیایان لێکداوەتەوە بەڵام گرینگ گۆڕینێتی. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەگۆڕێت و کێ دەیگۆڕێت؟ دیارە مەبەستی چینی کرێکارو ڕۆڵە شۆڕشگێریەکەیەتی. وە ئەمەش کاری بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارە و داینەمۆی ئەم شۆڕشەش ڕێکخستنی سیاسی و حزبی کۆمۆنیستیە. ئەمە ئەو بنەمایەیە کە کۆمۆنیستەکان لەگەڵ یەکگرتنی تەواوی چینی کرێکار بە پێکهاتە و مەیلە جیاوازەکانیەوە یەکانگیر ئەکات و لە حزبێکی سیاسی لەو چەشنەدا یەکگرتوو و ئاسۆداری سۆشیالیستیان ئەکات.

سەبارەت بە پەیوەندی و گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی چینایەتی کرێکاران و کۆمۆنیستەکان،ل مە بەشەدا ڕوون و ئاشکرا دیارە. وە لە تێزو دروشمەکەش کورتیان کردۆتەوە و دەڵێن کرێکاران پێویستە لە ڕووی سیاسی حزبییەوە، یەکبگرن تا دەسەڵاتی بۆرژوا بە ڕاپەرین بروخێنن و دەوڵەتی چینایەتی خۆیان دامەزرێنن. هەر لەسەرەتاوە

## موزەفەر عەبدولڵا

پێویستە بۆ بەرقەراربونی ئابوری سوشیالیستی چەند کارێک ئەنجام بدەن. جەخت لەوەش دەکەنەوە کە ئەم کارانە لە ولاتیکەوە بۆ ولاتیکی ترو لەهەر سەردەمێکدا ئەگەری هەیە جیاواز بێت. لێرەدا سۆشیالیزم وەک هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی کرێکاری دادەنێن هەتا هەنگاوی دووم دەسپێدەکات کە کۆمۆنیزمە لەسەر بنەمای تێزە بەناوبانگەکەی تریان بەڕێوە دەچێت کە دەڵێت: لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی تازەدا پەرەسەندنی ئازادی هەموو ئینسانێک، مەرجی پەرەسەندنی ئازادی هەمو ئینسانەکانە.
بە کورتی ئەوە بڵێم کە بەشی یەکەم و دووەم بە درێژی و ڕوونی باسی پێگە و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا و گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەییان دەخاتە ڕوو کە هاوکات کاکڵەی تیۆر و پراتیکی شۆڕشگێرانەی مانیفێستە.
بۆیە منیش بە پێویستم زانی سەرنجەکانم لەسەر ئەم دووبەشە چەق ببەستێت.
بە نیسبەت بەشی سێهەم بریتییە لە سەرنج و تێبینیەکانیان لەسەر شێوازی هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان بەرامبەر حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان. لەمبارەیەوە بارودۆخی ئەوسا و ئێستا، تەنانەت دەورانی لینینش، زۆر گۆڕاوە .هەر بۆیە وەک ئەنگڵس لە دوای پێشەکی شوباتی ١٨٩٣ دا ئاماژەی پێدەدات، جگە لە باسە بنەماییەکانی، کە لەو بەشەدا هاتوە، زۆر شتی ناکرێت وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی چاوی لێبکرێت. بەڵام ئەکرێ وەک دەرخەری فاکت و نیشانەکانی دۆخی ئەو سەردەمە چاوی لێ بکرێت.

## ئەنجامگیری کۆتایی:

ئەگەر ئەمڕۆ دوای سەدو حەفتا ساڵ لە بلاوبونەوەی یەکەم چاپی مانیفێست بەراوردی ئەم نوسراوەیە بکەین لەگەڵ هەمو ئەو کتێبانەی، لەم مێژوەوە نووسراون و بلاوبونەتەوە، جا هەر ناو و ناوەڕۆکێیان هەبێت، دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە کە هیچ نووسراو کتێب و بەرنامەیەک، وەک لەسەرەوە سەبارەت بە ئینجیل و تەورات و قورئان، ئاماژەمان پێدا نەیان توانیوە بە ئەندازەی ئەم کتێبە کاریگەریان هەبووبێت لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بە تایبەتی ڕێگای ڕۆشنی ڕزگاری یەکجاری نیشاندابێت بە تیۆری یەکی شۆڕشگێرانەو بابەتیانە. ئەمەش بێگومانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

## دروشمێکی سەرسوڕهێنەر لەسێ وشەدا

یەکەم: پێگە و ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار -پرۆلیتاریا -لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا کە دوا پەیامی وەرچەرخانی شۆڕشگێرانە بە شێوەی حەتمی کەوتوتە ئەستۆی ئەم چینە. ئەم چینە تا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی رزگار بکات لەهەموو شێوازێکی چەوسانەوە و کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی جیهانی بەدی بێنێت کە تیایدا هەروەک لەوێشدا هاتوە کە چینی کریکار لە ڕێگای شۆڕشەکەیەوە خۆی و بۆرژوازیش لەناو دەبات ئیتر. قسەیەک نامێنێت لە چینە کۆمەڵایەتی یەکان و چەوسانەوەی مرۆڤ بۆ مرۆڤ.

دووەم: ڕۆڵی مارکس لە دانانی ئەم تیۆرە شۆڕشگێڕانەیە و پەیبردنی بەوەی کە تەنها پراکتیکی ئەم چینە دەتوانێت ڕێک بێتەوە لەگەڵ ئەم تیۆرە. چونکە تاکە چینێکە لەهەموو مێژووی کۆمەڵگەکان تا ئێستا تاسەر شۆڕشگێرە و ئەرکی کۆتایی پێهێنانی چەوسانەوەش لەسەر ئەستۆی ئەم چینەیە. هەر لێرەوەشەوە تیۆرەکەی مارکس بووە تیۆری شۆڕشگیرانەی ئەم چینە و ناوی مارکسیزمی لێنرا کە ڕێگای ئازادیبەخشی نەک هەر کرێکاران، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی یە.

بەمجۆرە لە مانیفێستدا جگە لە نیشاندانی ڕۆڵی سەرەکی چینی کرێکار، وەک چینێکی کۆمەڵایەتی، وەک بنیاتنەر و دروستکەری کۆمەڵگا، وەک چینێکی جیهانیش باسی لێوە کراوە. توانایی و هێزی ئەم چینە گەر بتوانێ لە ئاستی جەماوەری و سیاسیدا (واتە حزبیدا) خۆی ڕێکبخات بەجۆرێکە کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی خۆی و بەمجۆرە ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دەستەبەر دەکات.



فریدریك ئەنگڵس

# دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی باوەڕ

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: جەمال موحسین**

ئەم مسۆدەیە لە مانگی تەموزی ساڵی ١٨٤٧ دا نووسراوە دوای ئەوەی کە یەکێتی کۆمۆنیستەکان (واتە Communist League) فریدریک ئەنگڵسیان ڕاسپارد مسۆدەی بەرنامە بنووسێ و ئەمە ئامادەکرا بۆ کۆنگرەی یەکەمی ڕێکخراوی ناوبراو. بە دوای ئەمەدا و نوسخەی دووەمی نووسی لە ژێر ناوی [بنەماکانی (پرەنسیپەکانی) کۆمۆنیزم] دا لە تشرینی یەکەمی ١٨٤٧، کە لە ڕاستیدا هەردووکیان لە پێگەیشتنی ڕوانگەی هاوبەشی مارکس و ئەنگڵسەوە سەرچاوەیان گرتبوو . ئەم دووانە هیچیان بڵاونەبوونەوە. تا دواتر لە ساڵی ١٨٤٨ دا مارکس و ئەنگڵس لەسەر بنەمای ئەم مسۆدانەوە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیست (مانیفێستی کۆمۆنیست) یان نووسی و خستیانە بەردەم کۆنگرەی دووەم کە لە کۆتایی تشیرینی دووەم و سەرەتای کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا بەسترا.

مسۆدەی دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی بیروباوەڕ (کە هەروەها پێشی ئەووترێ کریدۆ، واتە باوەڕ یان عەقیدە)، هەتا ساڵی ١٩٦٨ نەکەوتە بەرچاو. لە ڕاستیدا ئەمە وەکو ڤێرژنی سەرەتای بەرنامەیەکی مارکسیستی دەرئەکەوێ بۆ بزووتنەوەی کرێکاری. لێرەدا ئەنگڵس

## دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی باوەڕ

بە ڕۆشنی ڕۆڵی چینی کرێکار بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆتاییهێنان بە سیستمی سەرمایەداری و گواستنەوەی کۆمەڵگا بەرەو کۆمۆنیزم باس ئەکات. هەروەها ئەم بەڵگەنامەیە لێکدانەوەیەکی بەرجەستە بەدەستەوە ئەدات سەبارەت بە نەمانی ناسیۆنالیزم و هەڵوەشانەوەی ئاین لە کۆمەڵگای ئایندەی مرۆڤایەتیدا.

ئەم نامیلکەیە سەرەتایەک یاخود ڤێرژنێک بوو بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی قوڵتری تیۆری بۆ مسۆدەی دووەم، واتە (بنەماکانی کۆمۆنیزم). وە هەر ئەمەی دواییشیان بوو بە سەرچاوە و مسۆدەی سەرەکی بۆ نووسینی مانفێستی کۆمۆنیست. بۆیە بیروڕا و لێکدانەوەکان و تەنانەت داڕشتنەکان لێرەدا باشتر و فراوانتر و هەتا بەشێوەیەکی ڕۆشنتر لەلایەن ئەنگڵسەوە ئەخرێتە بەردەست کە لەو مسۆدەیەی یەکەمدا نەهاتووە. بۆیە مەسەلەکانی قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو کۆمۆنیزم و چۆنێتی هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری، وەک نمونە، لە بنەماکانی کۆمۆنیزمدا باشتر ڕوونکراوەتەوە. بۆیە ئەمەی بەردەستان، مسۆدەی دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی باوەڕ زۆرتر تێگەیشتنێکی سەرەتای و گشتی لە بوونی چینەکان، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی، بەدەستەوە ئەدات.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئەم مسۆدەیە هەتا ساڵی ١٩٦٨ نەکەوتۆتە بەرچاو کە دواتر لە ئەرشیڤی یواکیم فریدریک مارتنسدا، کە ئەندامێکی چالاکی یەکێتی کۆمۆنیستەکان بووە، لەلایەن لێکۆڵەری سویسری بێرت ئەندریاسەوە دۆزراوەتەوە کە لە کتێبخانەی دەوڵەتی و زانکۆی هامبۆرگدا پارێزراوە. ئەم بەڵگانە نیشانی ئەدات کە ئەنگڵس چەند ڕۆڵی هەبووە، چ لە باری ڕێکخراوەیی و چ فیکری و تیۆریدا، لەناو یەکێتی کۆمۆنیستەکاندا. گرنگی ئەم هەوڵانەی ئەنگڵس لەوەدایە کە ئەیزانی هێشتا هەندێ ئەندامی ناو ئەم یەکێتیە خۆیان لە بیروڕای یۆتۆپی (خەیاڵی) دەرباز نەکردبوو، بەتایبەتی لە داڕشتنی پرسیار و وەڵامەکانی ١ تا ٦ دا دیارە کە ئەو هەوڵ ئەدات وەڵام بەم مەسەلەیە بداتەوە. بەڵام دواتر لە بنەماکانی کۆمۆنیزمدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هێناون. ئەبێ بووترێ کە ئەم مسۆدەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاکتیڤ لەلایەن ئەنگڵسەوە بەکارهاتووە لە بنەماکانی کۆمۆنیزمدا، لە هەندێ شوێندا هەمان دەربڕین و داڕشتنە ڕاستەوخۆ و لە زۆر شوێنیشدا فراوانتر و باشتر وردتر کراوەتەوە.

## فریدریک ئەنگلس

ئامانجی من لە خستنە بەردەستی ئەم وەرگێڕانە، یەکەم ئەوەیە کە ڕۆڵی ئەنگڵس لە نووسینەوە و داڕشتنی بنەماکانی کۆمۆنیزم و دواتر مانیفێستی کۆمۆنیستدا بخەمە بەرچاو، وە دووەم ئەوە نیشان بدەم کە هەرچەندە دەربڕین و نووسینەکانی ناو ئەم مسۆدەیە سادانە دێنە بەرچاو بۆ تێگەیشتن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانین و لێکدانەوەی قوڵی ئەنگڵس لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و هەڵوەشانەوەی بنەماکانی ئەم کۆمەڵگایە، خاوەنداریێتی تایبەتی، و گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی نیشان ئەدات. هەموو ئەمە ڕێگای بەردەم نووسینەوەی ئەو بەرهەمە گرنگە مێژووییە سیاسی و تیۆریەی ئاسان کرد کە هەمووان پێی ئاشناین لەم سەر بۆ ئەوسەری دنیا، ئەویش مانیفێستی کۆمۆنیستە. هەندێک لە زانیاریەکان سەبارەت بەم بەڵگەنامەیە لە بەرگی ٦ ی کۆکراوەکانی مارکس و ئەنگڵس، لە بڵاوکراوەکانی لۆرێنس و ویشارت، ٢٠١٠ ەوە وەرگیراوە.

(وەرگێڕی کوردی)

# دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی باوەڕ

**فریدریک ئەنگڵس**

پرسیاری یەک: تۆ کۆمۆنیستی؟

وەڵام: بەڵێ.

پرسیاری دوو:

ئامانجی کۆمۆنیستەکان چییە؟

وەڵام: ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەشێوەیەک کە هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە بتوانێ هێز و تواناییەکانی ئازادانە گەشە پێ بدات و بەکاریان بهێنێ بەبێ ئەوەی دۆخە ڕیشەییەکانی کۆمەڵگا بشێوێنێ.

پرسیاری سێ:

ئەی چۆن ئەتانەوێ ئەو ئامانجە بەدیبهێنن؟

وەڵام: بە هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و جێگرتنەوەی بە خاوەندارێتی گشتی کۆمەڵگا.

پرسیاری چوار: خاوەندارێتی گشتی لەسەر چی بنیات ئەنێن؟

وەڵام: یەکەم، لەسەر هێزی کاری بەرین و ئامرازەکانی ژیان کە لە گەشەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و نیشتەجێکردنی بە کۆمەڵەوە سەرچاوەئەگرێ. هەروەها لەسەر ئەو توانابیەی کە لە سەرچاوە ئامێری و کیمیاییەکاندا هەیە بۆ فراوانبوونەوەی بێکۆتایی ئەو هێزی کار و ئامرازانەی ژیان.

دووەمیش، لەسەر ئەو ڕاستیەی کە لە هوشیاری و هەستی هەر تاکێکدا چەند پرەنسیپێکی پایەیی بەڵگەنەویست هەیە کە قابیلی بەرپەرچدانەوە نییە. ئەو پرەنسیپانە هۆکاری تەواوی گەشەی مێژوویی بوون.

پرسیاری پێنجەم: ئەو پرەنسیپانە چین؟

وەڵام: بۆ نمونە، هەر تاکێک هەوڵ بۆ ئەوە ئەدات ئاسودە بێ. ئاسودەیی تاک دابڕاو نییە لە ئاسودەیی هەمووان... و بەوجۆرە.

پرسیاری شەش: چۆن ئەتانەوێ ڕێگای ئەو خاوەندارێتیە گشتییە ئامادە بکەن؟

وەڵام: لە ڕێی ڕۆشنگەری و چاوکردنەوە و یەکخستنی پرۆلیتاریاوە.

پرسیاری حەوت: پرۆلیتاریا چییە؟

وەڵام: پرۆلیتاریا ئەو چینەی کۆمەڵگایە کە بەتەواوەتی بە هۆی کاری خۆیەوە ئەژی، نەک لەسەر قازانجێک کە لە هەر جۆرە سەرمایەیەکەوە سەرچاوە بگرێ. ئەو چینەی کە هەر بەو هۆیەوە خۆشی و ناخۆشی، ژیان و مەرگی وابەستەیە بە نۆرەکردنی باش یان خراپی کاتەکانی بازرگانیەوە. لە وشەیەکدا، وابەستەیە بە هەڵبەز و دابەزی ڕکابەرییەوە.

پرسیاری هەشت:

کەواتە یانی پرۆلیتاریا هەمیشە بوونی نەبووە؟

وەڵام: نەخێر. هەمیشە چینی هەژار و کارگەر هەبووە، وە هەمیشەش ئەوانەی کاریان کردووە هەژارەکان بوون. بەڵام هەمیشە پرۆلیتاریا بوونی نەبووە، هەروەک چۆن ڕکابەرێتی هەمیشە ئازاد نەبووە.

پرسیاری ٩: پرۆلیتاریا چۆن سەریهەڵدا؟

وەڵام: پەیدابوونی پرۆلیتاریا ئەنجامی سەرهەڵدانی ئامێرە کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێشووەوە داهێنرا و گرنگترینی ئەو ئامێرانەش ماشینی هەڵمی و ماشینی ڕستن و تەونی میکانیکی بوون. ئەم ئامێرانە کە زۆر گران بوون و هەربۆیە تەنها دەوڵەمەندەکان ئەیانتوانی بیانکڕن جێی کرێکارانی ئەو کاتیان گرتەوە لەبەرئەوەی بە بەکارهێنانی ئامێر ئەتوانرا بە خێراییەکی زیاتر و هەرزانتر هەمان ئەو کاڵایانە بەرهەمبهێنرێن کە کرێکاران بە ئامرازە دەستیەکانی ڕستن و چنین بەرهەمیان ئەهێنا. بەمجۆرە ئامێرەکان بە تەواوەتی پیشەسازیان خستە دەستی سەرمایەدارە گەورەکانەوە و ئەو موڵکە کەمەی کرێکاران کە بە ئاستەم بەشی ئەکرد و خۆی لە تول و تەون و ...هتد ئەبینیەوە کردیە شتی بێبایەخ و بەوجۆرە سەرمایەداری کردە خاوەنی هەموو شتێک و کرێکاریشی بێ هیچ شتێک هێشتەوە. لەم ڕێیەوە سیستمی کارگە هاتەپێشەوە. هەرئەوەندەی سەرمایەداران سوودی ئەمەیان بینی، هەوڵیان دا لە بواری هەرچی زیاتری کاردا برەوی پێ بدەن. ئیتر کاریان زیاتر و زیاتر لە نێوان کرێکاراندا دابەش کرد بەجۆرێک کە ئیتر کرێکاران تەنها بەشێکیان لە کاڵایەک دروست ئەکرد کە پێشتر هەموو کاڵاکەیان دروست ئەکرد. ئەو کارەی کە بەم شێوەیە ئاسانکراوە کاڵاکان بە خێراییەکی زیاتر بەرهەمئەهێنێ و لەبەرئەوەش زۆر هەرزانترە و ئیتر لێرەوە بۆیان دەرکەوت کە تەقریبەن لە هەموو بوارەکانی کاردا ئامێر ئەتوانرێ بەکاربهێنرێ. هەر ئەوەندەی هەموو بوارێکی کار بوو بە بەرهەمهێنانی کارگەیی، هەروەک مەسەلەی ڕستن و چنینەکە، ئیتر ئەوانیش کەوتنە دەست گەورە سەرمایەدارەکانەوە و کرێکاران لە دوا پاشماوەکانی سەربەخۆییان بێبەش کران. هێواش هێواش گەیشتینە جێیەک کە تەقریبەن هەموو بوارەکانی کار بوون بە شێوەی کارگەیی. ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی ئەو چینە ناوەندییەی پێشتر بوونی هەبوو بەتایبەتی پیشەوەرە سەرەکیەکان وە بە تەواوەتی جێگەوڕێگەی کرێکارانی گۆڕی و بەرەبەرە دوو چینی نوێ هاتنە بوون کە هەموو چینەکانی تریان لە خۆیاندا تواندەوە، ئەو دوو چینەش بریتین لە:

چینی گەورە سەرمایەداران، کە لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوودا تەقریبەن خاوەنی هەموو ئامرازەکانی ژیان و ئەو ئامرازانەشن کە پێداویستیەکانی ژیان بەرهەمئەهێنن و بریتین

لە ماشینەکان، کارگەکان، شوێنەکانی کار... هتد. ئەمە چینی بۆرژوایە، یاخود بۆرژوازی.

چینێک کە بە تەواوەتی بێمولْکن و ناچارکراون بە فرۆشتنی کارەکەیان بە چینی یەکەم، واتە بۆرژوازی، تەنها بۆ ئەوەی ئامڕازەکانی ژیان کردنیان بەدەستبهێنن. لەبەرئەوەی لایەنەکانی ئەم بازرگانی کردنە بەکارەوە یەکسان نین و بگرە بۆرژوازی سوودمەندە، بێمولْکەکان ئەبێ ملکەچی ئەو هەلومەرجە نالەبارە بن کە بۆرژوازی سەپاندوویەتی. ئەم چینە، کە پشت بە بۆرژوازی ئەبەستێ، پێی ئەووترێ چینی پرۆلیتارەکان، یاخود پرۆلیتاریا.

پرسیاری دە: لە چ ڕوویەکەوە پرۆلیتاریا جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆیلەدا؟

وەڵام: کۆیلە هەر جارێک ئەفرۆشرێ و تەواو، بەڵام پرۆلیتاریا ئەبێ هەموو ڕۆژێک و هەموو کاتژمێرێک خۆی بفرۆشێ. کۆیلە مولْکی خاوەنەکەیەتی و هەر بەم هۆیەشەوە ژیانێکی مسۆگەری هەیە هەرچەندە نابوتیش بێ. بەڵام پرۆلیتاریا، با بڵێین کۆیلەی تەواوی چینی بۆرژوایە نەک تاکە خاوەنێک و هەر بەم هۆیەشەوە ژیانێکی مسۆگەری نییە لەبەرئەوەی هیچ کەسێک کارەکەی لێ ناکڕێ گەر پێویستی پێی نەبێ. کۆیلە وەک شتومەک چاوی لێ ئەکرێ، نەک ئەندامێک لە کۆمەڵگای مەدەنی. پرۆلیتاریا وەک کەسێتیەک چاوی لێ ئەکرێ، وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگای مەدەنی. بۆیە کۆیلە، ڕەنگە، ژیانێکی باشتری لەوەی پرۆلیتاریای هەبێ بەڵام ئەمەی دواییان لە قۆناغێکی بەرزتری گەشەکردندا ئەمێنێتەوە. کۆیلەیەک بەوجۆرە خۆی ئازاد ئەکات کە ئەبێت بە پرۆلیتاریا لەڕێی هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆیلەدارێتیەوە بە تەنها لە تەواوی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتیدا. پرۆلیتاریایەک بەوە خۆی ئازاد ئەکات کە خاوەندارێتی بە گشتی هەڵئەوەشێنێتەوە.

پرسیاری یانزە: لە چ ڕوویەکەوە پرۆلیتاریا جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆیلەی زەوی، سێرف*؟

وەڵام: کۆیلەی زەوی بۆی هەیە پارچەیەک زەوی واتە ئامڕازێکی بەرهەمهێنان، بەکاربهێنێ و لەبەرامبەردا بەشێکی کەم و زۆری بەرهەمەکە وەرئەگرێ. پرۆلیتاریا کار بەو ئامڕازانەی بەرهەمهێنان ئەکات کە مولْکی کەسانی ترن و لەبەرامبەر کارەکەیدا بەشێک لە بەرهەمیان ئەدەنێ کە بەهۆی ڕکابەرکێوە دیاری ئەکرێ. لە حاڵەتی کۆیلەی زەویەکەدا، پشکی کارگەرەکە بە کارەکەی خۆی واتە خودی خۆی دیاری ئەکرێ. لە حاڵەتی پرۆلیتاریادا ئەمە

بەهۆی ڕکابەریتیەوە دیارکراوە و لەبەرئەمەش واتە بەهۆی بۆرژوازیەوە. کۆیلەی زەوی ژیانێکی مسۆگەری هەیە، بەڵام پرۆلیتاریا نییەتی. کۆیلەی زەوی بەوە خۆی ڕزگار ئەکات ئاغاکەی دەرپەڕێنێ و خۆی ببێ بە خاوەنی مولًک و بەمجۆرە ئەچێتە ڕکابەرکێوە و لەو کاتەدا ئەچێتە ریزی چینی خاوەن مولًک و داراوە. پرۆلیتاریا بەوە خۆی ڕزگار ئەکات کە خاوەنداریتی و ڕکابەریتی و تەواوی جیاوازیە چینایەتیەکان هەڵبوەشێنێتەوە.
[*سێرف، بۆی هەبووە بەشێک لە زەوی ئاغا بەکاربهێنێت و لێی بژی بە نیسبەتێک. گەر ئەو زەویەی بەکارنەهێنابێ بۆی نەبووە لەو شوێنە بمێنێ. بەم مانایە کۆیلەی زەوی بووە. ئەم جۆرە لە سیستمی ئاغایەتی لە کوردستاندا بوونی نەبووە، یاخود بەجۆرە نەبووە. (وەرگێڕی کوردی)]
بەشی پێنج:
پرسیاری دوانزە:
لە چ ڕوویەکەوە پرۆلیتاریا جیاوازی هەیە لەگەڵ پیشەوەرانی دەستیدا؟
وەڵام: بەپێچەوانەی پرۆلیتاریاوە ئەوەی پێی ئەووترێ پیشەوەری دەستی کە تەقریبەن لە هەموو شوێنێک بوونیان هەبوو لە سەدەی ڕابردوودا و ئێستاش لێرەولەوێ بوونیان هەیە، بە زۆری پرۆلیتاریای کاتیە. ئامانجی ئەو ئەوەیە کە سەرمایەیەک بە دەست بهێنێ و ئیتر کرێکارانی تر بچەوسێنێتەوە. ئەم ئامانجەشی لەو شوێنە بەدەستئەهێنێ کە هێشتا نەقابەکانی پیشەوەران هەن، یاخود لەو شوێنەی ئازادی بەدواداچوونی بازرگانی هێشتا نەگەیشتووە بە ڕێکخستنی پیشەی دەستی لە کارگەدا یان بە ڕکابەریتی توند. بەڵام هەر کە سیستمی کارگە لە بواری پیشەی دەستیدا هاتەپێشەوە و ڕکابەریتی گەیشتە ئەوپەڕی، ئەم ئاسۆیە نامێنێ و پیشەوەری دەستی زیاتر و زیاتر ئەبێ بە پرۆلیتاریا. لەبەرئەوە پیشەوەری دەستی یان بەوە خۆی ئازاد ئەکات ببێ بە بۆرژوا یان بە گشتی بەرەو چینی ناوەڕاست بخزێ، یان ببێ بە پرۆلیتاریا لە ئەنجامی ڕکابەریتیەوە (هەروەک ئەوەی ئێستا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕووئەدات). بەمپێیەش پەیوەست ئەبێ بە بزووتنەوەی پرۆلیتاریەوە، واتە کەم تا زۆر بزووتنەوەیەکی هوشیارانەی کۆمۆنیستیەوە.
پرسیاری سیانزە: کەواتە لەو باوەڕەدا نین کە خاوەنداریتی گشتی لە هیچ سەردەمێکدا ئیمکانی هەبووبێ؟

وەڵام: نەخێر. کۆمۆنیزم تەنها لەو کاتەوە پەیدابووە کە ئامێرەکان و داهێنانەکانی تر ئیمکانی ئاسۆی گەشەیەکی هەمەلایەنە و بوونێکی بەختەوەری هێناوەتە پێشەوە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا. کۆمۆنیزم تیۆری ڕزگاربوونێکە کە بۆ کۆیلەکان و کۆیلەکانی زەوی و پیشەوەرانی دەستی ئیمکانی نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ پرۆلیتاریا ئیمکانی هەبووە و لەبەرئەوە بەناچاری ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ و لە سەدەکانی پێشووتردا ئیمکانی نەبووە.

پرسیاری چواردە: با بگەڕێمەوە بۆ پرسیاری شەشەم. ئایا ئەوەی کە ئەتەوێ ئامادەکاری بکەی بۆ خاوەندارێتی گشتی لەڕێی ڕۆشنگەری و یەکخستنی پرۆلیتاریاوە، بەو مانایەیە کە شۆڕش ڕەت ئەکەیتەوە؟

وەڵام: ئێمە قانع کراوین بە بێکەڵک بوون و بگرە زەرەرمەندبوونی هەرجۆرە پیلانگێڕیەک. هاوکاتیش هوشیارین بەوەی کە شۆڕشەکان بە دەستی ئەنقەست و شامەڕاییانە پێکنایەن، بگرە لە هەموو شوێنێک و لە هەموو سەردەمێکدا شۆڕش ئەنجامێکی پێویستی ئەو هەلومەرجانەن کە خۆیان بە هیچ جۆرێک شۆڕشگێڕانە نین جا چ پشتیان بە ئیرادە یاخود ڕابەرایەتی ئەحزاب یان تەواوی چینەکە بەستبێ. بەڵام هەروەها ئەوەش ئەبینین کە گەشەی پرۆلیتاریا تەقریبەن لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا بە زەبر سەرکوت ئەکرێ لەلایەن چینە داراکانەوە و هەر بەمجۆرەش شۆڕش بە زەبر لەلایەن نەیارانی کۆمۆنیزمەوە کاری بۆ ئەکرێ. سەرئەنجام ئەگەر پرۆلیتاریای سەرکوتکراو بەمجۆرە ڕاپێچ ئەکرێ بەرەو شۆڕش، کەواتە ئێمە مەسەلەی پرۆلیتاریا هەروەک چۆن ئێستا بە گوفتار داکۆکی لێ ئەکەین بە کردەوەش هەروا داکۆکی لێ ئەکەین.

پرسیاری پانزە: ئایا ئێوە نیەتتان وایە بە لێدانێک پەیڕەوی کۆمەڵایەتی باو بگۆڕن بە خاوەندارێتی گشتی؟

وەڵام: ئێمە نیەتێکی وامان نییە. گەشەکردنی جەماوەر بە دەرکردنی فەرمایشێک ناکرێ، بەڵکو وابەستەیە بەو هەلومەرجانەوە کە تیایاندا جەماوەر ئەژین و لەبەرئەمەش ئەم گەشەیە بەرەبەرە ئەچێتە پێشەوە.

پرسیاری شانزە: پێتان وایە چۆن کاریگەری لەسەر گواستنەوە لە دۆخی ئێستاوە بەرەو خاوەندارێتی گشتی دائەنرێ؟

وەڵام: مەرجی یەکەم و سەرەکی بۆ پێشکەشکردنی خاوەندارێتی گشتی بریتیە لە ڕزگاربوونی سیاسی پرۆلیتاریا لە ڕێی دەستورێکی دیموکراتیانەوە.

پرسیاری حەڤدە: یەکەمین پێوانەتان چییە هەر کە دیموکراسیتان دامەزراند؟

وەڵام: مسۆگەرکردنی بژێوی و ژیانی پرۆلیتاریا.

پرسیاری هەژدە: ئەی ئەمە چۆن بە ئەنجام ئەگەیەنن؟

وەڵام: یەکەم، لەڕێی بەرتەسککردنەوەی خاوەندارێتی تایبەتیەوە بەجۆرێک کە وردە ڕێگاکانی گواستنەوەی بۆ خاوەندارێتی بە کۆمەڵ ئامادە ئەکات، بۆ نمونە لەڕێی باجی ڕوولەسەرەوە (الضرائب التصاعدية)، یان بەرتەسککردنەوەی مافی میرات سەندن بەجۆرێک بە قازانجی دەوڵەت بێ و.... هتد.

دووەم، لەڕێی دامەزراندنی کرێکارانەوە لە شوێنی کار و کارگە نیشتمانیەکاندا و لەسەر ئاستی هەرێمە نیشتمانیەکاندا.

سێیەم: لەڕێی فێرکردنی هەموو مناڵانەوە لەسەر حسابی دەوڵەت.

پرسیاری نۆزدە: لەم ماوەی ڕاگوزەرەدا ئەم جۆرە فێرکردنە چۆن ڕێکئەخەن؟

وەڵام: هەموو مناڵان لە دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا فێر ئەکرێن ڕێک لەو کاتەوە کە ئەتوانن هەتا ئەگەر یەکەمین سەرپەرشتی دایکایەتیشیان نەبێ.

پرسیاری بیست: ئەی ئایا پێشکەشکردنی خاوەندارێتی بە کۆمەڵ جاڕدانێک نییە بۆ بە کۆمەڵکردنی ژنان؟

وەڵام: هەرگیز نا. ئێمە تەنها لە کاتێکدا دەخاڵەت لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو یان خێزان بە گشتیدا ئەکەین کە ئەم دامەزراوەیە ڕێگری پێکبهێنێ لەبەردەم نەزمی نوێی کۆمەڵایەتیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە زۆر باش لەوە بە ئاگاین کە پەیوەندی خێزان بە درێژایی مێژوو بە هۆی پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی و قۆناغەکانی پێشکەوتنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وە سەرئەنجام کۆتایی هاتن بە خاوەندارێتی تایبەتیش گرنگترین کاریگەری لەسەری ئەبێ.

پرسیاری بیست و یەک: ئایا لە کۆمۆنیزمدا نەتەوەکان هەر بوونیان هەیە؟

وەڵام: نەتەوەی ئەو خەڵکانەی کە بەهۆی پرەنسیپی بە کۆمەڵکردنەوە لەیەک ئەدرێن و هەموویان ئەبن بە یەک، بە هۆی ئەم یەکگرتوییەوە خۆی ئەسەپێنێ و بەمجۆرەش ئەمە

## دانپیانانێکی کۆمۆنیستانەی باوەڕ

جێی ئەو جیاوازیە ناوچەیی و چینایەتیە ئەگرێتەوە کە بە هۆی هەڵوەشانەی بنەماکەیانەوە، واتە خاوەندارێتی تایبەتیەوە، ئەوانیش هەڵئەوەشێنەوە.

پرسیاری بیست و دوو: ئایا کۆمۆنیستەکان ئاینە باوەکان ڕەت ئەکەنەوە؟

وەڵام: هەموو ئاینەکان کە تا ئێستا بوونیان هەیە چەند دەربڕینێک بوون بۆ قۆناغە مێژووییەکانی گەشەکردنی تاک تاکی خەڵک یان گروپەکانی خەڵک. بەڵام کۆمۆنیزم ئەو قۆناغەیە لە گەشەکردنی مێژوویی کە ئاینەکان ئەکاتە زیادە و هەڵیانئەوەشێنێتەوە.

# بەڵگەنامەکان

# بژاردەیەکی ترمان لەبەردەمدایە.. کە دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!

## ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، کە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن تێیدا بەشدارن، ڕۆژی ٣٠/٩/٢٠١٨ یان وەکو ڕۆژی دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان دیاریکردوە. دیسانەوە سازدانی هەڵبژاردنێکی تر لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن حزبەکانی نێو دەسەڵات و بەڕەزامەندی ئەو حزبانەی کەخۆیان بەناڕازی لەدەسەڵات ناوزەد دەکەن، بڕیاری لێدرایەوە. بەمجۆرە هەموو لایەک ڕێکەوتون کە بۆ شەرعیەتدانەوە بەخۆیان و لەپێناو دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامان لە نێوانیاندا و هەروەها بەئومێدی ڕاستکردنەوەی باری لاری ئەزمونی شکستخواردووی حوکمڕانی هاوبەشیان، جارێکیتر خەڵکی کوردستان ڕاکێشنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و بیانکەنەوە بە ئامڕازی بەڕێخستنی سیناریۆیەکی تری گاڵتەجاڕی کەناویان لێناوە هەڵبژاردن. ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا تانەو شکاتی هەرئەم حزبانە لەتەزویر و دزینی دەنگ و ئەو ڕیسوایی و ئابرووچوونەی کە لەهەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی عیراقدا دەرکەوت، لەگوێی خەڵکدا دەزرنگێتەوە!

خاڵی بەرجەستەو هاوبەشی سەرجەم ئەوحزبانەی لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارن، دەستبردنە بۆ هەمان قەوانی سواو کە گوایە دەنگی خەڵک و بەشداریان لەهەڵبژاردندا، تەنها فاکتۆر و ڕێگای بەدیهێنانی گۆڕانکاری و چاکسازیە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ئێستا و لەژیانی

سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هاوڵاتیاندا. درۆیەکی ئاواش نەک هەر بۆ هێشتنەوەو پاراستنی پایەکانی دەسەڵاتداریتی و چوارچێوەیەکی سیاسی کە ئەم حزبانە گەمەی سیاسی خۆیانی تیادەکەن، دەستی بۆبراوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ بەمەبەستی دژایەتیکردن و بەلاڕێدابردنی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ناڕازی کوردستانە، کە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و تالانچی بۆرژوازیی کردۆتە ئامانج، دووبارە دەکرێتەوە. بەتایبەتی کە تەجروبەی چەندین جارەی هەڵبژاردن و تێپەڕبوونی چەندین خولی پەرلەمانی، ئەوەی سەلماندووە کە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا، نەک هەر ناتوانرێ لەڕێگای دەنگدانەوە کەمترین گۆڕانکاری و چاکسازی بەقازانجی خەڵکی هەژارو برسی تیابکرێ، تەنانەت ناتوانرێ دەسەڵات لە دوو حزبی میلیشیایی و بنەماڵەیی یەکیەتی و پارتیەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەحزابێکی تر لەهەمان خێزانی بۆرژوازی! بێجگە لەوەش پەرلەمان کارتۆنیبوونی خۆی بەسەد شێوە سەلماندووە. کەدەنگ و ڕای خەڵکی کەمترین ڕێزو ئیعتباری نیە، تابکرێتە پێوانەو فاکتۆرێک بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی ئێستادا.

بەڵام هەڵبژاردنی ئەمجارە، لە فەزایەکی سیاسی جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەرێوە دەچێت، لەلایەکەوە شکست و بنبەستی ئەحزابی بۆرژوازی کورد لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و لەلایەکی ترەوە شکستی لە بەڕێوەبردنی خودی کۆمەڵگای کوردستاندا، هەقیقەتی فەشەل و بێتوانایی ئەم حزبانەی لە وەڵامدانەوە بەگرنگترین مەسەلە سیاسیەکان و سەرەتاییترین خواستەکانی ڕۆژانەی خەڵک و چارەسەرکردنی کێشەی موچەو خزمەتگوزاریەکان، لەهەست وهوشیاری زۆرینەی هاوڵاتیاندا جێخستوە. لەلایەکی تریشەوە توڕەیی و بێزای خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵات و بێباوەڕییان بە حزبەکان و سیاسەتەکانیان، نەک هەر پرۆژەی چاکسازی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەڕێگای پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە، کردۆتە بابەتێکی گاڵتەئامێز، بەڵکو مەسەلەی وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای لەڕیزی پێشەوەی ئەرکە فەوریەکانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەریدا داناوە. لەدۆخێکی ئاوادایە کە مەسەلەی فریودان و ڕاکێشانی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ سەرسندوقەکانی هەڵبژرادن بۆتە گرفت و گرێیەکی سەرەکی بەردەم هەموو حزبەکان و خودی هەڵتۆقینی لیستەکانی وەک شاسوار عەبدولواحید و بەرهەم ساڵح لەدۆخیکی ئاواوە سەرچاوەیان گرتووە.

خەڵکی ناڕازی کوردستان، جەماوەری بێبەش و برسیکراوی کوردستان!

بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا بژاردەی ئێمە نییە. دەنگدان بەنوێنەرانی هەموو ئەو حزبانەی کە تاقیکراونەتەوە، جگە لە گەیاندنی نوێنەرانی چەند حزبێکی خاوەن میلیشیاو کۆمپانیای بازرگانی بۆ نێو پەرلەمانە کارتۆنیەکەیان و شەرعیەتدانەوە بە دەسەڵات و

## بەڵگەنامەکان

یاساو هێزی سەرکوتگەریان بەسەر کۆمەڵگاوە، شتێکی زیاتری بۆ ئێمە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، ژنان و لاوان و فەرمانبەران تێدا نییە. بەشداریکردن لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردندا دووبارەکردنەوەی سیناریۆی تەڵخی چەند ساڵی پێشووە بەهەموو دەردە سەری و جیاکاریە چینایەتیەکانیەوە.
بەڵام تەنها بەشدارینەکردن و بایکۆتکردن بەس نییە. ناڕەزایەتیەکانی چەند ساڵی پێشوو سەد جار سەلماندوویانە کە بەبێ خۆ ڕێکخراوکردن و یەکگرتنی جەماوەر لەدەوری ئاسۆیەکی ڕۆشنی شۆڕشگێرانە بۆ وەلانانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و جێگرتنەوەی بەدەسەڵاتی هەڵبژێردراوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەڕێی شورا و ئەنجومەن و ئۆرگانە واقعیەکانی خۆیانەوە، ڕزگاری لەدەسەڵاتی خۆ سەپێنی چینە داراکان ئیمکانی نییە. ئەوان شکستیان خواردووە و دەسەڵاتیان تەواو بووە، بەڵام بە زەبری سەرکوت و میلیشیاکانیان هێشتوویانەتەوە. بۆ ئێمەش چەکی کاریگەر خۆ ڕێکخراوکردن و ئاسۆداربوونی ناڕەزایەتی و بێزاری چەند ساڵەمانە لە دەوری خەبات بۆ هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی جەماوەری وا کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مسۆگەر بکات.
کەوایە با ئەو گاڵتەجاڕیەی ناویان ناوە هەڵبژاردن و چەندینجار مایەپووچبوونی تاقیکراوەتەوە، بکەینە فرسەتێک بۆ کۆکردنەوەی هێزی چینایەتیمان، با لەباتی بەشداریکردن، ڕۆژی دەنگدان بکەینە ڕۆژی " نا " وتن بەم دەسەڵاتەو سیناریۆی هەڵبژاردنیان. با بەهێنانەمەیدانی ڕیزی ناڕەزایەتیمان لەژێر دروشمی نان و ئازادی و دەسەڵاتداریێتی جەماوەری، یەکگرتووانە ئەم گاڵتەجاڕیە بەشکست بکێشین.
ئەگەرئەوان سیناریۆی هەڵبژاردن وەک کەمپینێک بۆ فریودان و لە خشتەبردنی هاوڵاتیان و ڕاکێشانیان بۆسەر سندوقەکان بەدەستەوە دەگرن، دەبێ ئێمە کرێکاران و فەرمانبەران، ژنان و لاوان و خەڵکی هەژارو برسی، هەر لە ئێستاوە لەهەموو شوێنێک، لەکارگەو دامەزراوەو گەڕەکەکان، لەزانکۆ و ناوەندەکانی شار کۆڕو کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خۆمان بەڕێ بخەین و رایگەیەنین " نا بۆ ژیانکردن لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیایی وتاڵانچیاندا، بژی دەسەڵاتداریێتی جەماوەری" !
نا بۆ گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن!
بەرەو دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی واقعی جەماوەری کرێکار و زحمەتکێش و بێبەش!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**ئابی ٢٠١٨**

## لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی

---

# پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا




**نوسینی: خەسرەو سایە**

**چاپی یەکەم**

**ساڵی 2018**

بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەک لەم کتێبە بەفۆرماتی پیدیئێف سەردانی سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بکەن:
**www.hkkurdistan.org**

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker - communist Party of Kurdistan

Tenth Issue, August 2018